دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٤٣
سێشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٥
٢٢ی ئووتی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

**زاڵمای خەلیلزاد:**

## ئێران هێزی لە عێراقدا هەیەو بۆ نانەوەی ئاژاوە بەکاری دەهێنێت

PNA: زاڵمای خەلیلزاد باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغدا رایگەیاند کە ئێران هێزی لەناو عێراقدا هەیەو رەنگە شەڕی نێوان حیزبوڵڵاو ئیسرائیل بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئاژاوەیزیاتر لە عێراق دروست بکا.

خەلیلزاد بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: شەڕی لوبنان کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر ئەو ناوچەیە هەیە، هەروەها ئێران هێزی چەکداری لە عێراقدا هەیەو رەنگە ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی ئەو شەڕەوە دروست بووە حکوومەتی تاران بیقۆزێتەوە بۆ نانەوەی ئاژاوەی زیاتر لە عێراق.

بەڕێز تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب:

## دامەزرانی Tishk TV و سایتێکی تازەی ئینتێرنێتی لە ئوروپا

# گوڕو تینێکی تازە بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان لە ٦١ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا




## سوپاس و پێزانین

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی، ٦١ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕی. هەموو ساڵێك لە لایەن ئەندامان، لایەنگران، دۆستان و خەڵکی حیزب خۆشەویستی کوردستانەوە ڕێز لە یادی دامەزرانی حیزبەکەمان دەگیرێ و هەر کەس بە هەر شێوەیەك بۆی بکرێ، لە نێوخۆی وڵات، شادی و خۆشحاڵیی خۆی بەو بۆنەوە دەردەبڕێ. لەو سۆنگەیەوە کە تێکۆشانی حیزب لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە نایاسایی‌یە، بۆیە لایەنگریی ئاشکرا لە حیزب، زۆر جار سزای توندی بە شوێنەوە بووە. ناچار خەڵکی بە پێی وەزعییەت و بارودۆخی وڵات، ڕێگەی گونجاو بۆ دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خۆیان دەدۆزنەوە. چەندین ساڵە ئەوە بۆتە نەریتێك کە لاوەکان لە شەوی پێش ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبەوە لەسەر لووتکەی کێوەکانی زاڵ بەسەر شارو گوندەکاندا ئاگر دەکەنەوە. جگە لەوە تراکت و نووسراوەی تەبلیغاتی لەو پێوەندییەدا لە نێو شارو گوندەکاندا بە بەربڵاوی، پەخش دەکەنەوە. ئەو کارە لە لایەك نیشانەی خۆشەویستی و پێگەی پتەوی حیزب و لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی بوونی بزووتنەوەیەکی دژی ڕێژیمی دەسەڵاتدارە.

ئیمساڵ، پێشوازی لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەیەکی بەرچاو، لەگەڵ ساڵەکانی پێشووتر جیاوازیی هەبوو. بەو مانا کە تێکۆشەرانی ماندوویی‌نەناسی حیزبەکەمان بە پێی ڕێنوێنی و بەرنامەکانی حیزب، چالاکیی تەبلیغاتیی بەربڵاو و پڕبایەخیان بەڕێوە برد کە ئەو چالاکییانە لە باکووری کوردستانەوە بگرە تا جنووبی کوردستانیان لە خۆ گرتبوو. گومان لەوەدا نیە کە لە ژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا، تەبلیغ بۆ بزووتنەوەو ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیە قەدەغەو پێشگیریی لێ دەکرێ. بەو حاڵەش ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبەکەمان بە بێ سڵکردنەوە لە هەڕەشەو گوڕەشەی کاربەدەستانی ڕێژیم،بۆ بەرزڕاگرتنی یادی دامەزرانی حیزب و، بایەخدانان بۆ خەباتی ٦١ ساڵەی حیزب لەو ڕۆژەدا نەترسانەو چالاکانە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان بەجێ گەیاند. ڕێژیمی داخ لە دڵ، کە سەرەڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی نەیتوانیبوو بەر بە شەپۆلی شادی و خۆشحاڵیی خەڵك لەو پێوەندییەدا بگرێ، کوێرانە لە شارەکانی کوردستان دەیان کەس لە لاوەکانی قۆڵبەست کردوەو ڕەوانەی سیاچاڵەکانی زیندان کردوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پێشدا وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆی لە دەستگیرکردنی ئەو لاوانە، بە توندی ئەو کارەی ڕێژیم مەحکووم و ڕیسوا دەکا. هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆی سەبارەت بەو کەسانە لەو بۆنە پیرۆزەدا چالاکانە هەڵسووڕاون، دەربڕێ. دەستی ماندوویان بە گەرمی بگووشێ و، لە هەمان کاتدا هیوای سەرکەوتنی یەکجارەکی بۆ ئەوان و بۆ گەلی مافخوراوی کورد بخوازێ.

حیزبی دێموکراتیش هەر لەو بۆنە پیرۆزەدا بەڵێن نوێ دەکاتەوە کە بە هەموو تواناوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی بەرزی گەلەکەی ساتێك لە تێکۆشان هەدا نەداو هەروەها شێلگیرانە چالاکی مەیدانی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بێ.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٥/٥/٢٩**

## لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا ٦١ ساڵەی دامەزرانی حیزب بەرز ڕاگیرا

کۆیە: بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب: کاتژمێر ٦:٣٠ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی‌دا کە هەموو ساڵێك بەڕێوە دەچێ ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شکۆیەکی زۆرەوە بەرز ڕاگیرا.

ئەم ڕێوڕەسمە کە بە بەشداریی سکرتێری گشتی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتی و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە کەمپەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسیی حیزب و ژمارەیەك میوان بەڕێوەچوو، سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی و بێدەنگی ڕاگرتن بۆ ڕێزلێنان لە یادی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران.

- سروودی "بژی دێموکرات" ــ کۆرسی یەکیەتیی ژنان و کۆڕی هونەریی حیزب، - پارچەشێعری گوڵی هیوا - مامۆستا بێبەش
ــ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - خاتوو سکاڵا حەکیم زادە، - هەڵپەڕکێی گرووپی موکریان، - پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان - کاك کەریم پەرویزی، - پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - کاك مەنسور سەممار
ــ هەڵپەڕکێی گرووپی کوردستان، - گۆرانییەك لەلایەن دوو کیژۆڵە بەناوەکانی ئەستێرەو بەیان
ــ نمایشێکی کاراتە - دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی ناوەندی یەك، - پارچە شێعرێك - تروسکە سادقی

شایانی باسە لە دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا زۆربەی بەشدارانی ڕێوڕسمەکە بە هەڵپەڕکێی گشتی کۆتاییان بە ڕێوڕەسمەکە هێنا.

## ئاهەنگی شایی و خۆشیی لاوانی مەهاباد و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمدا

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٨٥، لاوانی مەهاباد بەبۆنەی شەست و یەکەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی شۆڕشدا کۆ بوونەوەو بە کردنەوەی ئاگرو بڵاوکردنەوەی شیرینی و دانی دروشم بە پشتیوانیی لە حیزب، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لە یەکتر کرد. هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم کە چاوی دیتنی شایی و خۆشیی لاوانیان نەبوو، هێرشیان کردە سەریان و بە تەقاندنی فیشەکی ساچمەیی و گازی فرمێسکڕێژ هەوڵی بڵاوە پێکردنی لاوانیان دا، بەڵام لەگەڵ بەردباران و بەرهەڵستکاریی لاواندا بەرەوڕوو بوون. لەم تێکهەڵچوونەدا نزیکەی ٢٠ کەس لە لاوان بریندارو چەند کەسیش لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیران کە یەکێکیان ناوی "ڕەحیمی" تەمەن ١٦ ساڵەیەو بە توندی ئەشکەنجە کراوە.

پەیامی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
وتووێژ لەگەڵ کاك عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ٤
بنەما فیکرییەکانی دەرکردنی فتوای جیهاد دژی نەتەوەی کورد ٥
یەکەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران ٨
باسێك لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون ٩

## تەیموور مستەفایی:

# بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات سەبکێکی نوێ بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران هاتە نێو خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە

### دەقی پەیامی بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا

**خوشك و برا بەڕێزەکان!**

**میوانانی ئازیز!**

بەبۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦١مین ساڵوەگەری دامەزراندنی حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە پڕبەدڵ لە ئێوەی خۆشەویست، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییە سیاسییەکان، کادرو پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەمان پیرۆزبایی دەکەم و دوارۆژێکی گەشتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

بەڕێزان وەك دەزانن بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات سەبکێکی نوێ بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێران هاتە نێو خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە، ئەم حیزبە لە یەکەم بەرنامەی خۆیدا کە لە ٨ مادە پێك هاتبوو بە ڕوونی و ڕەوانی پێی لەسەر ویستی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی داگرتبوو، ویستێك کە پاش ٦١ ساڵ لەم سەردەمەدا نەتەنیا ویستی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو ویستی دونیای پێشکەوتووو زەروورەتێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

لە لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە حیزبەکەمان لە درێژەی خەباتی ئازادیخوازانەی خۆی لە دژی ستەم و نابەرابەرییەکانی دوو ڕێژیمی سەڵتەنەتی و کۆماری ئیسلامیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو شێوەکانی خەبات بە پێی هەلومەرج کەڵکی وەرگرتوە، چ ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامی خەباتی چەکداریی بەسەردا سەپاندین و ناچار بووین بە چەك دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکەین و هاوکات لە گەڵ ئەوەش ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانمان بە مایەدانان لە گیانیان خەباتی سیاسییان بەڕێوە بردووە، بە شاهیدی دۆست و دوژمن ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی حیزبەکەمان سوارچاك و لە پێشەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانیاندا بوون.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

یەك ساڵی ڕابردوو لە نێوخۆو دەرەوەی ولات بە دەیان ئیعترازو خۆپیشاندانی ڕێکخراوە سینفی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەدژی نابەرابەری مەوجوود لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەڕێوە چوون کە گرنگترینیان ئیعترازاتی خەڵکی ماکۆو بە خوێن کێشرانی ئەم ئیعترازاتە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ئیعترازی مامۆستایانی کوردستان لە حەوتووی مامۆستادا، ئیعترازی کرێکارانی خەتی واحید لە تاران، ئیعترازی خوێندکاران، ئیعترازاتی خەڵکی ئازەربایجان بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژو بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی لە خۆپیشاندانەکاندا، خۆپیشاندانی ژنانی ئازادیخواز لە ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردانی ئەم ساڵ لە دژی ئەو ستەم و نابەرابەرییانە کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەپێی یاسا لەسەریان بەڕێوەی دچێ، ئیعترازاتی ٢٢ی پوشپەڕی ئەم ساڵ حەڤدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆر کرانی د.قاسملوو هاوڕێیانی لە سەر داوای حیزبی دیموکرات و بە بانگەوازی حیزبەوە هاتنی خەڵکی کوردستان بوون بە بەشێك لە خەباتی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵانی خەڵك.

ئەو ئیعترازو بەربەرەکانییانە لە حاڵێکدا بەڕێوە دەچن کە خەڵك لە سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجەی بێبەزەییانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ئاگادارن و ئامادەن لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیان بەهای بۆ بدەن، هەر بۆیەشە کە خەباتی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە داهاتوشدا بە بەرنامەو پان و بەرینتر درێژەی دەبێ.

لە دەرەوەی وڵاتیش حیزبەکەمان بە بەڕێوەبردنی دیپلۆماسییەکی کاراو بەهێز توانیویەتی زۆر کاری گرینگ وەك فەعال کردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، کۆبوونەوە لە ساڵۆنەکانی سەناو کونگرەی ئەمریکاو پارلمانی فەرانسە، کۆبوونەوە لەگەڵ زۆر بنکەو بنیادی شوێندانەر لەسەر ڕەوتی سیاسەتی جیهانی، کۆبوونەوە لەگەڵ چەند ئۆرگانێکی دەوڵەتیی گرنگ و شوێندانەر لە ئەمریکاو ئورووپا پێك بێنێ کە لە تەواوی ئەم کۆبوونەوانەدا ویست و داخوازی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتی کورد و گرنگی و نەقشی ئەم هێزانە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو لە ئێراندا هاتۆتە بەرباس.

لە بواری تەبلیغییەوە حیزبەکەمان بە دامەزراندنی سایتێکی ئینترنێتی لە ئورووپاو بە تایبەتی دامەزراندنی تیشك تیڤی گوڕوتینێکی تازەی بە خەباتی خەڵکی کوردستان داوە کە لە داهاتوودا شوین دانەری دیارو بەرچاوی دەبێ.

لە حەڤدەهەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی د.قاسملوو ئەندامان و دۆستانی حیزب بەوەڕێخستنی خۆپیشاندانێکی گەورە لە وڵاتی ئوتریش و چەند وڵاتێکی‌تری ئورووپایی و ئەمریکایی وەفاداری خۆیان بە دوکتور قاسملوو حیزبەکەی نیشان دا.

وێڕای سڵاو ئافەرین بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی سڵاوی تایبەتی دەنێرم بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان یارو پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات، دەستخۆشی و ماندونەبوونیش لە ئەندام و لایەنگرە نەترس و ماندوونەناسەکانی حیزبەکەمان دەکەم.

**خوشك و برا بەڕێزەکان!**

هەمووی ئەو پێشکەوتنانە لە خەباتی ڕەوای گەلانی ئێران و یەك لەوان گەلی کورد لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و پشتیوانی کردن لە گرووپە توندڕەوەکانی وەك "حزب اللەو حەماس" و ئاژاوەنانەوە لە ناوچە، پێشێل کردنی مافی مرۆڤو لە پەنای ئەوانەش هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی، هەڕەشەی سڕینەوەی وڵاتی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جوغرافیاو زۆر کارو کردەوەی نامەسئوولانەی دیکە لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە کەوتووەتە ژێر فشارو تووشی قەیرانێك بووە کە هاتنە دەر لەم قەیرانە ئەگەر نەڵێین مەحاڵە دەتوانین بڵێین زۆر دژوارە. بەهۆی پێداگرتنی ڕێژیم لەسەر ئەم سیاسەتانەو وەڵام نەدانەوەی بە داوای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم ئەگەری بڕیاری سزادانی ئێران لە لایان شووڕای ئەمنیەتەوە پێشبینی داهاتوویەکی نادیار بۆ خەڵکی ئێران لە ژێر سێبەری ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرەست و یاغییەدا دەکرێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە بەرامبەر گوشاری توندی نێودەوڵەتیدا دەبینی و لەلایەکی دیکەوە ترس لە خەباتی ڕوو لە گەشەی گەلانی ئێران هەراسانی کردووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوشاری خۆی بۆسەر خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران زیادو زیاتر دەکا. بە پێی ئامار، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی رابردوو لە جیهاندا روتبەی دووهەمی هەبووە لە ئیعدامی خەڵکداو تازەترین جینایەتی ڕێژیم لەم پەیوەندییەدا، کوژرانی گومناوی ئەکبەری محەممەدی خوێندکاری ئازادی خواز بوو.

ڕێژیم لەم ساڵەدا توندوتیژی لەدژی بەندییە سیاسییەکان زیاتر کردوەو شکەنجەو ئەزیەت و ئازاری ئەوان لە زیاد بوون دایە، هەر لەو کاتەدا ڕیکخراوە خوێندکاری و کرێکارییەکان، مامۆستایان و ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ فشاری زیاتریان دەکەوێتە سەرو ئامێرەکانی ڕاگەیاندن وەك ڕۆژنامەو کافینێتەکان تەعتیل دەکرێن یان بەتەواوی کەوتونەتە ژێر چاوەدێری ڕیژیم.

کونترۆڵی تیلیفۆنی خەڵك و بەتایبەت ئەو بنەماڵانە کە گومانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکانیان لێ دەکرێ بەتوندترین شێوە بەڕێوە دەچێ.

**بەڕێزان :**

بە پێی ئەو هەلومەرجە نوێیە کە ئاماژەم پێ داو بە سرنجدان بەو ڕاستییە کە حیزبەکەمان هەم لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانی جیهانی، ئێرانی و کوردستانی خاوەن ئیعتبارێکی تایبەت و لە نێو خەڵکی کوردستانیشدا خۆشەویست و نفوزێکی بەرچاوی هەیە، بێگومان دەتوانێ لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو لە ئێراندا ڕۆڵێکی زۆر باش لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتۆڵ کردنی خەباتی نێو خۆیی و یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بگێڕێ. مەرجی ئەسڵی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە گرینگانە کەڵك وەرگرتنە لەهەموو پۆتانسیلەکان بۆ بزواندنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەو ڕێکخستنیان لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا.

دەزانن ئەمڕۆ میدیاکان دەورێکی باش لە وشیارکردنەوەو بردنەسەری زانیاری کۆمەڵانی خەڵکدا دەبینن، بۆیە دەبێ لە دامودەزگا تەبلیغاتیەکانمانەوە بۆ لە قاودانی پێشێل کارییەکانی ماف‌وئازادیەکانی خەڵك لەلایەن ڕیژیمەوە تاوێك درەنگ نەکەین و هەرلەو کاتەدا ڕێگای بەربەرەکانێ و مەترەح کردنی ماف و داواکارییەکانیان پیشان بدەین.

دەوری دیپلۆماسی لە گەیاندنی ویست و داخوازییەکانی خەڵك بە کۆمەڵگای جیهانی دەورێکی کارا لە بەرەو پێش بردنی خەباتی خەڵك بۆ ئازادی دەبینێ، بۆیە دەبێ گرینگییەکی زیاتر بە کاری دیپلۆماسی بدەین.

بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی سەرەوەو کارکردنی جیدی لەو پەیوەندییانەدا هەلومەرجی ڕووخانی ڕێژیم ئامادەتر دەکاو خەڵك لە موسیبەتی وجودی کۆماری ئیسلامی ڕزگار دەکا. لەم ڕۆژە مێژووییەدا جارێکی دیکە پەیامی هاوخەباتی بۆ نەتەوە بندەستەکانی ئێران و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەنێرین لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵی.

**بە هیوای ئەو ڕۆژە،**
**جارێکی‌تر جەژنتان پیرۆز بێ**

❊

❊

❊





دیمەنێك لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٦١ ساڵەی دامەزرانی حیزب ـ کۆیە

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

لە ٦١ەمینساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە زۆربەی هەرەزۆری شارو ناوچەکانی کوردستان دا تەبلیغاتییان بەڕێوە بردووە، بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن.

## کوژران و بریندار بوونی چەند کەس لە تێکهەڵچوونی نێوان هێزی ئینتیزامی و بنەماڵەیەك دا لە روانسەر

دوانیوەڕۆی ١٣٨٥/٥/١٦، هێزە ئینتیزامییەکانی رەوانسەر بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر بەنزینی قاچاخ دا هێرشیان کردە سەر بنەماڵەیەك لە شەقامی بەهارداو پاش هێنانەدەرەوەی دەببەبەنزینەکان لە ماڵەکەو بارکردنی لەسەر ماشینی هێزی ئینتیزامی، دەوترێ یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی ئاماژەپێکراو دەببەیەك بەنزین دەکات بەسەر ماشینەکەداو ئاگری تێبەردەدا. بەهۆی ئاگرگرتنی ماشینەکەو بەنزینەکانی ناویەوە ماڵێك کە لە نزیك رووداوەکەدا دەبێ بە تەواوی دەسووتێ. بەم هۆیەوە پیرێژنێك بەناوی رەعنا موزەفەری گیانی لەدەست دەداو لە هێزەکانی رێژیمیش دوو سەربازو بەرپرسی پاسگای رەوانسەر بەناوی "یاری" بە توندی بریندار دەبن و ئێستا لە نەخۆشخانەدا کەوتوون. دەوترێ لە ئاکامی ئەم رووداوەدا کەسێکی تریش کوژراوەو دوو کەسیش لە خەڵکی ئاسایی بریندار بوون، کە بریندار بوونی ئەو دوو کەسە راستە، بەڵام گیان لەدەست دانی ئەو کەسەی دیکە هێشتا روون نەبۆتەوە.

جێی باسە لە پاش ئەم رووداوەوە شاری روانسەر بارودۆخی حکوومەت نیزامیی بەخۆوە گرتووەو هێزەکانی یەگانی تایبەتی کە لە کرماشانەوە بەڕێی ئەوێ کراون و لە شەقامەکان دا جێگیر بوون.

## رێژیم، لە شاری بانەدا، خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ حیزبوڵڵای لوبنانە

ئەندامانی کومیتەی بەناو ئیمدادی ئیمام لە چەند رۆژی رابردووەوە لە شاری بانە بەنێو دووکانەکان دا دەگەڕێن و داوای یارمەتی بۆ حیزبوڵڵای لوبنان دەکەن. هەر لەم پێناوەدا چەندین سندووقیان بۆ دووکاندارەکان بردوە تا لای خۆیان رایان گرن و یارمەتی بۆ حیزبوڵڵا کۆبکەنەوە، بەڵام هیچکام لە دووکاندارەکان سندووقەکانیان لێ وەرنەگرتوون.

## پیرانشار: کوژرانی دوو کەس و بریندار بوونی زیاتر لە چوارکەس بەهۆی تەقینەوەی مین

کوردستان میدیا:

ماوەیەك لەمەوپێش ژمارەیەك لە کاسبکارانی کورد لە رێگای سنووریی ئێران عێراق کەوتنە مەیدانی مینەوەو لە ئاکام دا لاوێك بەناوی کامران تەسو، خەڵکی ئاوایی کاسورەدێی ناوچەی پیرانشار کوژرا.

بەدوای ئەم رووداوەدا ژمارەیەك لە خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەری شوێنی رووداوەکە بە مەبەستی هێنانەوەی تەرمی ناوبراو چوونە ئەم شوێنە بەڵام ژمارەیەك لەوانیش کەوتنە سەر مین و لە ئاکام دا چەندکەس کوژران و بریندار بوون کە ناوی ژمارەیەکیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ عەلی ئیبراهیمی (عەلی عەزیزە رەش)، خەڵکی ئاوایی کۆنەلاجان، کوژراو

٢ـ مستەفا ئیبراهیمی خەڵکی ئاوایی کۆنەلاجان، کوژراو

٣ـ یوونس فەقێزادە خەڵکی ئاوایی کۆنەلاجان، بریندار

٤ـ سەید کەریم تەسو خەڵکی ئاوایی کاسوەردێ، بریندار

٥ـ سەید ئیسماعیل کوڕی کەریم، بریندار

شایانی باسە بە وتەی خەڵکی ناوچە ئەم شوێنە کە رووداوەکەی لێ رووداوە، پێشتر رێگای هاتوچۆی کاسبکاران بووەو لەم چەند رۆژەی رابردوودا لەلایەن گاردی "ویژە"وە مین رێژ کراوە.

## ئاهەنگی شایی و خۆشیی خەڵکی نێ بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رێژیم دا

سەر لە ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ٢٤ی گەلاوێژ، ئاگری ٢٥ی گەلاوێژلەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی نهێنی و دۆستانی حیزبەوە لە ئاوایی نێ لە بەرزاییەکانی شەڕگا، کەپری حاکم، بەردەبووك، مام خاج و بەرزاییەکانی زاڵ بەسەر جاددەی نێ و لەژێر دا کرایەوە. هەروەها خەڵکی نێ بە بڵاوکردنەوەی شیرینی، پیرۆزبایی جەژنی ٢٥ی گەلاوێژیان لە یەکتر دەکرد. بەڵام کاتێك کە هێزە دژیگەلییەکانی رێژیم لەم کردەوە شۆڕشگێڕانەیەی خەڵکی نێ ئاگادار بوون، کاتژمێر ١٠ی شەو چوونە ئاوایی و وێڕای سووکایەتیکردن بە رێبەرانی شەهیدو حیزبی دێموکرات هەوڵی بڵاوەپێکردنی جەماوەریان دا. بەڵام خەڵکی خۆڕاگرو بوێری نێ بە گژ دژیگەلییەکان دا چوونەوەو بە بەردودار ئەوانیان لە ئاوایی وەدەرنا. هێزەکانی رێژیم کە لە ئاست هەڵمەتی لاوانی نێدا دەستەوەستان ببوون، زۆر زەبوونانە تەقەیان لە خەڵك کردو لە ئاکام دا میرمنداڵێك بەناوی ئارام نیك پەی، کوڕی حەسەن بریندار بوو. بەکرێگیراوانی رێژیم کە لە گوندی نێ راونرابوون جاددەی مەریوان نێیان کۆنترۆڵ کردو دەستیان دایە ئازاردانی خەڵك و شۆفیری ماشینەکان.

## هەواڵنێرانی RMMK

### کوژرانی ژنێکی لاو لە دێگولان

رۆژی هەینی، ٢٠ی گەلاوێژ کەسێك بەناوی "تەیموور"، خەڵکی گوندی حەسەن ئاوای دێگولان هاوسەرەکەی خۆی بەناوی "فەریبا سلێمانی" لەپێش چاوی دوو منداڵی خۆی‌داو خەڵکی گوندی ناوبراودا بە تەقاندنی ١٤ فیشەك کوشت. بکوژ کە ئەندامی ئۆرگانێکی ئەمنییەتیی رێژیمە ئێستا گیراوەو دەستبەسەرکراوە. ئەم کەسە هەروەها پێشتر ببوە هۆی مەرگی سێ ئەندامی بنەماڵەی هاوسەرەکەی لە رووداوێکی گوماناوی هاتووچۆدا.

### کوژرانی هاووڵاتییەکی قوروەیی

کاتژمێر ٨ی بەیانیی رۆژی دووشەممە، ١٣٨٥/٥/٢٣، هێزەکانی ئینتیزامی لە جاددەی قوروە هەمەدان دا ماشینی هاووڵاتییەکیان بەناوی ئیبراهیم عەبدوڵڵایی، تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی گوندی خەلیفە تەرخان دایە بەر دەستڕێژو بەم هۆیەوە ناوبراو لەجێ‌دا گیانی لەدەست دا. پاش ئەم رووداوە تەرمی ئیبراهیم عەبدوڵڵایی گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی قوروەو بنەماڵەکەی تا ئێستا نەیانتوانیوە تەرمەکەی وەربگرنەوە. دەوترێ ماشینەکەی ناوبراو چەند بەستەیەك سیگاری تێدا بووە کە لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

### هاووڵاتییەکی کامیارانی خرایە بەندیخانە

دادگای گشتی و شۆڕشی کامیاران هاووڵاتییەکی کامیارانیی بەناوی "مەنسوور سەیفی" بە ٣ مانگ زیندان مەحکوم کرد. ناوبراو سەبارەت بە ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵکی کامیاران لە هاوینی رابردوودا و بەشداری لە ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام دا، ئەم دواییانە گیراو بێ هەبوونی پارێزەر دادگایی کراو بە سێ مانگ زیندان مەحکوم و بەڕێی بەندیخانە کرا.

### سێ هاووڵاتیی بۆکانی گیران

لە ماوەی رۆژانی رابردوودا دوو برای لاو لە بنەماڵەی "مەنسوور بەگ" لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیران و بە دوای ئەوەدا کەسێکی تر بەناوی "رەزا قادری" دەستبەسەرکرا. دەوترێ دوو برا ئاماژە پێ کراوەکە لە کاتی نووسینی دروشم و تەبلیغ کردن لە دژی رێژیم گیراون و کەسی سێهەمیش بە تۆمەتی هاندانی ئەو دوولاوە دەستبەسەرکراوە.

### هاووڵاتییەکی سەقزی بە برینداری دەستبەسەر کرا

کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆی رۆژی ١٣٨٥/٥/١٩، هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی سەقزی بەناوی "حوسێن محەممەدی". لە ئاکامی ئەم هێرشەدا ناوبراو بریندارکراو پاشان قۆڵبەس کرا. ناوبراو بەهۆی بەرکەوتنی گوللەی هێزە ئەمنیەتییەکان لە لاقی راست و شانی راستەوە بە توندی بریندار بووە. دەوترێ ناوبراو ئێستا لەژێر رێوشوێنی توندی ئەمنییەتی‌دا لە نەخۆشخانەی سەقزدا تیمار دەکرێ.

شیاوی باسە حوسێن محەممەدی لە گیراوانی ساڵحی رابردووە کە پێشتر بە ٣ ساڵ زیندانی "تەعزیری" مەحکووم کرابوو. تا ئێستا هۆی ئەم هێرشەو ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵ ناوبراو روون نەبۆتەوە.

## سووتانی دوو هاووڵاتی لە ماشین دا بەهۆی تەقەی هێزی ئینتیزامییەوە

رۆژی ١٣٨٥/٥/١٨، بەهۆی تەقەی هێزەکانی پاسگا لە نەڵاس لە ماشینێکی هەڵگری بەنزین کە لە پیرانشارەوە بەرو سەردەشت بەڕێوەبوو، ماشینەکە ئاگری تێبەربوو شۆفیرەکەی و یەکێك لە سەرنشینەکانی سووتان. ناوی یەکێك لە سووتاوەکان عەلی مەحموودی، خەڵکی گوندی مەلاشێخەیە.

خەڵکی نەڵاس پاش ئاگاداربوون لەم رووداوە هێرش دەکەنە سەر پاسگاو دەرگاو پەنجەرەکانی دەشکێنن و گەمارۆی دەدەن. دواتر هێزی یارمەتی‌دەر لە سەردەشتەوە بەهانای هێزەکانی نێو پاسگاکە دەچن و بە تەقەکردن و گازی فرمێسکرێژ بڵاوە بە خەڵك دەکەن. بەهۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمەوە کەسێکی نەڵۆسی بریندار بووە.

## مانگرتنی پەنابەرێکی کورد لە شاری وان هەروا درێژەی هەیە

ئەرسەلان خەلیلی، پەنابەری کوردی کوردستانی ئێران کە بۆ مەحکوم کردنی هەڵسوکەوتە دژی مرۆڤانییەکانی کومیسارییای بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٥وە دەستی کردبوو بە مانگرتن لە خواردن، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستاش درێژەی بە مانگرتنەکەی‌داوە بەڵام بەرپرسانی نووسینگەی شاری وانی رێکخراوی ناوبراو ئامادە نەبوون تەنانەت گوێ لە داخوازییەکانیشی بگرن. ئەرسەلان ٧ ساڵ بەسەر دۆسیەکەی‌دا تێ دەپەڕێ و لە ساڵی ١٩٩٩وە لە تورکیە چاوەڕوانی وەڵامی unhcr بە داواکارییەکانییە. ناوبراو خەڵکی شارستانی کرماشانەو لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی لە شاری وانی تورکیە نیشتەجێیە.

ئەرسەلان پێشتر کارمەندی هێزی هەوایی ئەرتەشی ئێران بووە، بەڵام بە هۆی کورد بوون و پێڕەوی کردنی لە ئایینی ئەهلی هەق بەردەوام لەژێر گوشارو هەڕەشەی ئیتلاعاتی رێژیمدا بووە. هەروەها هەڕەشەی ئەوەی لێ کراوە کە ئەگەر نەبێ بە شیعە بە تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ کوردەکان و بێگانەکان دادگایی دەکرێ.

جێی باسە ناوبراو لە سێ مانگی رابردوودا ئەمە جاری دووهەمە کە چالاکیی مانگرتن لە خواردن بەڕێوە دەبا.

بارودۆخی ماڵیی ئەرسەلان باش نیەو لەباری جەستەییشەوە بەرەو خراپی دەڕواو ئەگەر ئەم چالاکییەی بە ئامانج نەگا، هەڕەشەی دیپۆرت کرانەوە بۆ ئێران چاوەڕوانی دەکا.

ناوبراو جارێکی‌تر داوا لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی پەنابەران، رێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، هێزو پارتە سیاسییەکان و هەموو کەسایەتییەکان دەکا تا هەم دەنگی بە دنیاو شوێنە پێویستەکان بگەیەنن و هەم بە هەر شێوەیەك کە دەتوانن پشتیوانی لێ دەربڕن.

## مامۆستایانی کوردستان خوازیاری پووچەڵکردنەوەی حوکمی دوورخستنەوەی "پەیمان نەودینیان" بوون

کوردستان میدیا ـ کۆمەڵێك لە مامۆستایانی ئوستانی کوردستان لە نامەیەك دا کە بۆ پارلمانی شوورای ئیسلامی، ئوستانداریی کوردستان، ئیدارەی "تخلفات" (سەرپێچی)ی ئوستانی کوردستان و سازمانی ئامووزش و پەروەرشی ئوستان نووسیویانە، خوازیاری پووچەڵکردنەوەی حوکمی ٥ ساڵ دوور خستنەوەی هاوکاری خۆیان پەیمان نەودینیان بوون. شیاوی باسە پەیمان نەودینیان پاش کۆبوونەوەی ٩٠ کەس لە مامۆستایان لەبەر ئامووزش و پەروەرشی ئوستان لە رۆژی ١٣٨٥/٢/١٢ دا لەلایەن دادگای تاوانە ئیدارییەکانەوە بە تۆمەتی هاندان، جەعل و بردنی بابەتەکە بۆ نێو رۆژنامەکان بە ٥ ساڵ دوورخستنەوە مەحکووم کرا. مامۆستایان لە نامەکەدا کە ٦١ کەس لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی ١٢ی بانەمەڕ ئیمزایان کردوە داوایان کردوە کە یان حوکمی ناوبراو پووچەڵ بکرێتەوە یان ٨٩ کەسەکەی دیکەش وەك ئەو سزا بدرێن.

## گیان لە دەست دانی لایەنگرێکی حیزب بەهۆی تۆپبارانی سنوورەکان لە لایەن رێژیمەوە

رۆژی یەکشەممە، ١٣٨٥/٥/٢٢، لایەنگرێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی کەریم ئەحمەد رەش ناسراو بە کریم فەتاحی، خەڵکی ئاوایی خۆرێشت سەر بە شاری شنۆ بە هۆی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە "بەمزۆرتە" گیانی لەدەست دا.

ناوبراو کەسێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو ئەندامی بنەماڵە شەهید بووە.

وێڕای دەربڕینی پرسەو سەرەخۆشیی لە بنەماڵەو کەس و کاری کاك کەریم ئاواتە خوازین رۆحی شادو رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ رێبوار بێ.

## بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی خوارەوە چاو لە ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن

- ٢ ساڵ زیندان بۆ لاوێکی سەقزی
- هەڵکردنی یووبیلی حیزب لە چەند شوێنی سەقزدا
- بەیاننامەی لاوانی مەریوان سەبارەت بە ٦١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە هاووڵاتییەك لە ناوچەی پیرانشار کوژرا
- مەهاباد: کەم کردنەوەی ١٥ هەزار تمەن لە مووچەی کرێکارانی شارەوانی بەناوی یارمەتی بۆ حیزبوڵڵای لوبنانەوە
- تەقینەوەی ماشینێك لەشاری سنە
- کوژرانی هاووڵاتییەك لە پیرانشار
- بریندار بوونی هاووڵاتییەك بەهۆی دەستڕێژی هێزی ئینتیزامی لە ناوچەی مەهاباد
- بریندار بوون و گیان لەدەست دانی چەند هاووڵاتی لە ناوچەی مەریوان بەهۆی دەستڕێژی هێزەکانی رێژیمەوە
- بریندارکردنی هاووڵاتییەك لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ئیتلاعات لە دزەی مەرگەوەر
- کۆبوونەوەی چالاکانی کرێکاری بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی
- لە دەستبەسەرکردنی مەحموود ساڵحی و هاوسەری
- کۆکردنەوەی ماهوارە لە ناوچەی دیواندەرە
- حیزبی چەپی سوئێد خوازیاری یارمەتیدان بە گۆڕانکاریی دێموکراتیك لە ئێران دایە
- ژنە رۆژنامەنووسێکی کورد بەناوی ئایفەر سەرچە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە کوژرا
- بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نەتەوەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێران لە ئاڵمان
- ئامریکا بەنیازە ناوبژیوانی نێوان تورکیە و PKK بکات
- سێ‌هاووڵاتیی سەڵوات ئاوایی بە دانانی بارمتەی قورس ئازاد کران
- کەمترخەمیی بەرپرسان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی بەنزین لە سەقزدا
- عەلی لاریجانی: پەرە بە پیتاندنی ئورانیۆم دەدەین
- ئاگر تێبەربوون و تێکچوونی ژینگە لە شاری بانە
- جۆرج بووش: بەرپرسایەتیی دەردو رەنجی خەڵکی لوبنان لە ئەستۆی حیزبوڵڵاو پشتیوانانی، کۆماری ئیسلامی و سووریەیە
- رێژیم بە خەڵکی شنۆی راگەیاند کە لەو ناوچەیەدا بوومەلەرزە روو دەدا
- سیاسەتڤانێکی کورد بەناوی ئەبدۆ خەلەف وەلۆ لە شاری دربێسی کوردستانی سووریە گیرا
- کوژرانی دوو هاووڵاتی لە سەردەشت دا
- پارلمانی ئورووپا بەم زووانە دەنگ بەپرۆژە بڕیارێك دەدات سەبارەت بەرەوشی رۆشبیری کورد لەتورکیا
- کۆکردنەوەی ماهوارە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە لە شاری بانە
- مەحکوم کردنی ٣٠ هاووڵاتیی سەردەشتی
- بڕیاری شوورای ئەمنییەت لەسەر قەیرانی لوبنان دەرکرا
- هونەرمەند تارا رەسووڵ سەردانی کەمئەندامانی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد
- کوژرانی کاسبکارێك لە لایەن هێزی ئینیتزامی لە ناوچەی مەریوان
- کۆکردنەوەی ماهوارە لە بانە
- بۆردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە شەهیدو برینداری لێ دەکەوێتەوە
- بەشداری هەیئەتی هاوبەشی هەرێمی سێی کومیتەی سوئیدو یەکیەتیی کوردان
- داوای رێژیم لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەی ورمێ بۆ هەڵگرتنی چەك
- بریندار بوونی لاوێکی سەڵماسی بە هۆی دەستڕێژی هێزی ئینتزامییەوە
- هۆکارەکانی کێشەی کەمیی بەنزین لە مەریوان دا
- ئاهەنگی شایی و خۆشیی لاوانی مەهاباد و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی رێژیم دا
- بانگ کردن و لێکۆڵینەوە لە هاووڵاتییەکی سەقزی
- چارەنووسی نادیاری گیراوێکی کورد
- دەستبەسەر کردنی ٥ هاووڵاتیی کورد لە میاندواو
- گرتنی لاوێکی مەهابادی بە تۆمەتی هەنگاونان لە دژی تەناهیی نەتەوەیی
- کوشتنی کاسبکارێك و بریندارکردنی چەند کەسی دیکە
- لەلایەن هێزەکانی رێژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران
- خۆپیشاندانی خەڵکی دیواندەرە بەهۆی نەبوونی بەنزینەوە
- سام بودمان: راگرتنی پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێران دا گرنگترە لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت
- کۆتایی هاتنی دەورە ١٧٥ی سەرەتایی پێشمەرگە

**ئاماژە: ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی، داگیرسانی ٦١مین مۆمی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. حیزبێک کە ٦١ ساڵ لەمەوبەرو لەو رۆژەدا لەسەر دەستی پێشەوای نەمر، قازی محەممەدو هاوبیرانی دامەزراو ٦١ ساڵە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد دایە و بەکارنامەی پڕلە شانازیو دەسکەوت، ئەمڕۆکە خۆشەویسترینو جەماوەریترین حیزبی سیاسیی کوردستانی ئێرانە. بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ٦١ ساڵ خەباتو بەرخودان، ٦١ ساڵ گیانبازییو فیداکاریی تێکوشەرانیئەم حیزبەو بڕینی گەلێ کەندولەند لە ماوەی تەمەنی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات وتووێژێکمان لەگەڵ کاک عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێك هێناوە کە لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێزی "کوردستان"!**

# عەلی مێهرپەروەر:

# "سیاسەتی دروستو واقعبینانە، دووربینیو لێکدانەوەی دروستی رووداوەکان، شۆڕشگێریو فیداکاری، شێلگیریو کۆڵنەدان، پاراستنی سەربەخۆییو پشت بەستن بەخۆو گەلیخۆ لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی حیزبی دێموکراتن"

## وتووێژ لەگەڵ کاك عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### (بەبۆنەی ٦١مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**



**پ: بەرێز کاك عەلی! وەك یەکەمین پرسیار و بۆ کردنەوەی باسەکەمان بفەرموون کە لە روانگەی بەرێزتانەوە پێویستییە مێژوویییەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەو سەردەمەو لەو قۆناغە هەستیارەی خەباتی نەتەوەکەماندا چ بوون و ئێوە چۆنیان پێناسە دەکەن؟**

و: لەپێشدا ئاماژە بە خاڵێك پێویستە، ئەویش ئەوەی کە بۆ لێکدانەوەی رووداوێکی ٦١ ساڵ لەمەوبەر، دەبێ خوێندنەوەکەمان بە پێوەرو مێعیاری ئەوکاتو زەمان و بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی ئەو سەردەمە بێ. وەك دەزانین هەستو وشیاری نەتەوەیی و ئازادیخوازی لەنێو نەتەوەکانی ئێرانو یەك لەوان گەلی کورد لەوسەردەمەدا بوونی هەبوو. ئەو هەستە لە بیروزەینی تاکەکانی ئەو کاتەدا بە گوێرەی ئاستیخوێندەواری، نەخوێندەواری، شاریو گوندی، عەشیرەتو غەیرەعەشیرەتی لە ئارادابووە، زۆر سروشتییە کە بۆ یەکانگیر کردنو خستنەسەر یەکی ئەو ویستو داخوازو تواناییيانە پێویستە کە چەشنە رێکخراوێك بێتە کایەوە. بوونی رێکخراوی سەربەخۆ کە لەهەناوی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا پێك هاتبایەو هەڵگری پەیامێکی روون بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەییو سەقامگیر کردنی ئازادیو دێموکراسی بوایە، پێویستی بە کەشوهەوایەکی لەباری سیاسی بوو. دەسەڵاتدارەیتی ئەو سەردەمەی ئێرانیش وەك ئێستا دەسەڵاتدارەتییەکی پاوانخوازو دیکتاتوری بوو، بەڵام پاش ئەوەی بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانی و رووداوەکانی پێوەندیدار بەو شەڕەوە لەئێراندا، لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەدوای لەسەر کار لابرانی رەزاشا بۆشاییو لاوازبوونی کۆنتڕۆڵی دەوڵەت هاتە کایەوە کە بۆشایی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستاندا بەرچاوترو زەقتر بوو. لاوازیی دەسەڵاتی سەرکوتگەریش بەمانای ئەوەیە کە خەڵك بتوانن هەناسەیەك بەئازادی هەڵ بکێشن. لەوەها کەشوهەوایەکی سیاسیو نیزیك بوونەوە لەکوتایی شەڕ بوو کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنچینەو بنەماکانی کۆمەڵەی (ژـ ك) دامەزرا کە ئەوکات بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وەزعییەتی سیاسیی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا هاو ئاهەنگییان هەبوو. کە هەم ویستو داخوازە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان لەخۆ دەگرتو هەم ئامانجی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بووو لەهەمان کاتیشدا ئازادیو دێموکراسیی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندبوو.

زیاتر لەوانەش ئەو حیزبە وەك حیزبێکی مودێرن ئامانجەکانی لەگەڵ راستییەکانی کۆمەڵو باردۆخی سیاسیی ناوچەکەدا سازگارییان هەبوو.

**پ: حیزبی دێموکرات ٦١ ساڵ تەمەنی پڕلە شانازیو خەباتی بەردەوامی هەیە، زۆر کەندولەندو هەورازو نشێوی لەم رێگەیەدا بڕیون، بەرێزتان خەسڵەتە بەرچاوەکانی حیزبی دێموکرات، یان بڵێین تایبەتمەندییە بەرهەستو بەرچاوەکانی حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟**

و: هەر حیزبو رێکخراوێك پێش هەر مەسەلەیەك لەرووی بەرنامەوپێرەوی نێوخۆییەوە پێناسە دەکرێ، ئەو بەرنامەیە نیشان دەدا کە ئەندامانی ئەو حیزبە بەشوێن چ ئامانجگەلێدا دەگەرێنو لە پێناویاندا تێ دەکۆشن، جگەلەوە خەڵکی ئاسایی چەندە ئاواتو ئارەزووەکانی خۆیان لەبەرنامەی ئەو حیزبەدا بەدی بکەن یان بەواتایەکی دیکە چەندە ویستەکانی خەڵك لەبەرنامەی ئەو حیزبەدا رەنگی دابێتەوە ئەوحیزبە لای خەڵك پەسندترە، دیارە تەنیا بوونی بەرنامە، هەرچەندە ئاوینەیەکی باڵانوێنی ویستی گەلیش بێ، ناتوانێ پشتیوانی خەڵك بەتەواوی بۆلای خۆی رابکێشێ. تاکتیکەکانی ئەو حیزبە، راستگوییو راست وێژیی ئەو حیزبە، فیداکاریو لەخۆ بردویی رێبەرانو ئەندامانی لەرێگای ئامانجەکانی حیزبو خەڵکدا، سیاسەتی دروستو واقعبینانە، دووربینیو لێکدانەوەی دروست لە رووداوەکان و دەستنیشان کردنی هەڵوێستی بەجێ لەبەرامبەر رووداوەکان، شێلگیریو کۆڵنەدان، پشوودرێژی، پاراستنی سەربەخۆییو پشت بەستنی بەخۆو بە گەلیخۆ، باڵادەست زانینی بەرژەوەندی گەلەکەی لە سەرەوەی بەرژەوەندی خۆی و... دەیان خەسڵەتی دیکە دەتوانێ پێگەی حیزب یان هەر رێکخراوێکی دیکە لەنێو خەڵکدا پتەو بکاو بیکا بە بەشێك لە ژیانی خەڵك. من پێم وایە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەن ئەو تایبەتمەندییانەیە کە لە سەرەوە ئاماژەم بە بەشێکیان کرد. هەر بۆیە، ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو حیزبە لەنێو خەڵکی کورردستاندا رێزوحۆرمەتێکی تایبەتی هەیەو خەڵك بە کۆڵەکەیەکی بەهێزی جووڵانەوەی کوردی دەزانن.

**پ: حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە بانگەشەی چارەسەری کێشەی نەتەوەییو دێموکراسی دەکاو ٦١ ساڵە لەپێناو ئەو دوو ئامانجە سەرەکییەدا خەبات دەکا. پرسیارەکەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چەندە توانیویەتی هەوڵ بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی بدا؟ چەندەش توانیویەتی لەپێناو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورددا هەنگاو باوێژێ؟**

و: حیزبی دێموکرات وەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا هێناوتانە، لەو کاتەوە پێی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسەت، لەپێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا تێدەکۆشێ. جگە لەماوەیەکی کورت لەسەردەمی کۆماری کوردستانو چەند ساڵێك پاش رووخانی رێژیمی سەڵتەنەتیو دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەداخەوە حیزبی دێموکرات دەرەتانی کارو ئەرکی بەرێوەبەریی لەنێوخۆی وڵاتدا بۆ نەرەخساوە دەتوانین بڵێین لەسەردەمی کۆماردا حیزبی دێموکرات کارنامەیەکی پرشنگداری لە پێوەندی لەبەرچاوگرتنی دێموکراسی بۆخۆی تۆمار کردوەو بە یەکێك لە شانازییەکانی ئەو حیزبە دەژمێردرێ، کە حیزبی تاقانەی سیاسیی سەردەمی کۆمار بووە. بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دەمێنێتەوە بۆ مل راکێشانی رێژیمەکانی حاکم بەسەر ئێرانداو دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران، و یەك لەوانیش گەلی کورد، لەو پێوەندییەدا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەداخەوە رێژیمە دەسەڵاتبەدەستەکان، مافی نەتەوایەتییان بەو شێوە کە گەلانی ئێران بتوانن چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن بۆ ئەو گەلانە دابین نەکردوە. بەڵام هەوڵەکانی حیزب، شێلگیری حیزب لەسەر داواکانی، و... توانیویە هەستی نەتەوەییو بڕوا بە دێموکراسی لەنێو گەلی کورددا بە رادەیەکی زۆر بەرێتە سەرو یارمەتی بە خۆناسینی زیاتری خەڵك لەسەر مافو ئازادییەکانی خۆی بدا. ئێستا مەسەلەی مافی نەتەوەییو ئازادی و دێموکراسی نەتەنیا لای خەڵکی کورد وشەگەلێکی ناموو و بێگانە نین، بەڵکوو وەك مافگەلێکی بێئەملاوئەولا لە مێشكو زەینی خەڵکدا جێیان گرتوە. لەو بارەوە دەتوانین نەخشی حیزبی دێموکرات بە نەخشێکی کاریگەر بزانینو پێگەی پتەوی حیزب لەنێو گۆمەڵگای کوردیدا ئەو راستیە دەسەلمێنن.

**پ: ١٣ کۆنگرە لەماوەی ٦١ ساڵ خەباتو بەرخۆدان لە گۆڕەپانی سیاسی، ئەویش لە هەستیارترینو قەیراناویترین ناوچەی جیهان واتە رۆژهەڵاتی نێوەراست، بەبڕوای جەنابتان هەموو کۆنگرەکانی حیزب لەکاتی خۆیاندا گیراون، دیارە مەبەستم لێکدانەوەی هەلومەرجی خەباتو رەوتی سیاسییە؟ پاشان ١٠ کۆنگرە لە ١٣ کۆنگرەی حیزب لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەگیراوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر بڕیاراتی کۆنگرە نەبوو؟**

و: ئەگەر ئەو دوو رەقەمە واتە ١٣ کۆنگرە لەماوەی ٦١ ساڵدا بۆ حیزبێکی سیاسی پێکەوە هەڵسەنگێنین دەردەکەوێ کە ئەو ١٣ کۆنگرە بە پێی تەمەنی حیزب کەمتر لەو رادەیە کە حیزبێکی دێموکراتیك دەبوا کونگرەکانی خۆی بگرتایە. بەڵام ئەگەر هەلومەرجو بارودۆخی سیاسیی ژیانی حیزب لەبەرچاو بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ١٣ کۆنگرە کەمنین. بەتایبەت ئەگەر تەمەنی حیزب لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لەبەر چاو بگرین دەبینین نێوەنجی ئەو ساڵانە کە حیزب کۆنگرەکانی تێدا بەرێوە بردووە دەبێتە ٢/٨ ساڵ یەك کۆنگری لە حاڵێکدا لەسەردەمی رێژیمی سەڵتەنەتیدا دەبێتە هەر ١١ ساڵ یەك کۆنگرە، پێکهێنان و بەستنی کۆنگرە لەهەر حیزبێکدا بۆخۆی دەتوانێ خاڵی گۆڕانێك بێ، کە کۆنگرەکانی حیزب زۆر جار ئەو تایبەتمەندییانەیان هەبووە. هەرچۆنێك بێ بەرێوەبردنی کۆنگرەکان بەپێی یاساکانی پێرەوی نێوخۆی حیزب، لەبەرچاوگرتنی بنەمای دێموکراسییەو کارێکی بەجێیە. ئەگەر ئەو بارودۆخە کە حیزب تێیدا ژیانی سیاسیی خۆی بەڕێوە بردوو لەبەرچاو بگرین دەردەکەوێ کە بەستنی کۆنگرەکان لەکاتو ماوەی خۆیدا نیشانەی بوونی دێموکراسی نێوخۆیی ئەو حیزبەیە. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، کۆنگرەکانی حیزب لە بارودۆخی نائاسایی‌دا و زۆربەیان لە تاراوگە و بەدوور لە کوردستانی ئێرانو بە نهێنی گیراون. ئەو پرسیارە کە ئەو دوور بوونەوە لەنێو جەرگەی خەڵك ئایا کاریگەری لە بڕیاراتی کۆنگرەو هەڵوێستەکانی حیزب کە زیاتر لەگەڵ راستییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران بووە یان نا؟ گومانی تێدا نیە کە دوورکەوتنەوەی رێبەریی حیزب لەسەرچاوەی سەرەکیەکەی بۆهەر حیزبو رێکخراوێك دەتوانێ کاریگەری نیگاتیڤی بێ، بەڵام بەخۆشییەوە دەتوانم بڵێم کە لەبەر ئەوەی پێوەندی حیزب لەگەڵ خەڵکی کوردستانی ئێران، و ئەندامانو لایەنگرانی لەنێوخۆی وڵات نەپساوەو درێژەی هەبووە لایەنی نیگاتیڤی ئەو مەسەلەیە گەیشتۆتە لانیکەمی خۆی، هەرچەند ناکرێ بڵێین هەرنەبووە بەڵام زۆرکەم بۆتەوە، لێرەدا ئیشارە بە نەخشی راگەیانەکانو ئاسان بوونەوەی پێوەندییەکان ئەو مەودایە کەم کردۆتەوە بوونی تلیفۆن، فاکس، ئیمەیلو ئینتێرنێت زۆر باش دەتوانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە لەگەڵ هەموو ئەوەیش نابێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە دوور کەوتنەوەکە لایەنی سەلبیی نیە.

**پ: کاك عەلی! دوای ٦١ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکراتو لەحاڵێکدا حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو هەموو قۆناغەی کە لە خەباتدا بڕیوەیەتیو هێشتا نەیتوانیوە، ئامانجە سەرەکییەکانی وەدی بێنێ، جەنابتان پێوەندیی نێوان حیزبو گەلی کورد، لە کوردستانی ئێران لە ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەرکو رۆڵی حیزبی دێموکرات لەداهاتوودا چۆن دەستنیشان دەکەن؟**

و: لەگەڵ ئەوەی، نەحیزبی دێموکراتو نەگەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەیانتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان بگەن، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێ‌کرا، هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەم گەلی کورد قەت پشتیان لە ئامانجو داخوازییەکانی خۆیان نەکردوە. کوشتوکوشتار و سەرکوتی رێژیمیش نەتەنیا نەبوونەتە هۆی دامرکانی هەستو شعووری نەتەوەیی، بەڵکوو هۆکارێکیش بوون بۆ گەشەکردنیو لەو پێوەندییەدا حیزبیش وەك بزوێنەرێك لە بردنەپێشی ئەو پرۆسەیەدا نەخشی خۆی گێراوە. سەرەڕای ئەو مەسەلە ئاڵوگۆری قووڵو بنەڕەتیی لە ئاستی جیهانیو ناوچەییدا وەك نەمانی شەڕی سارد، لێك هەڵوەشانی شورەویی پێشوو، گەشەی رەوتی مەسەلەی نەتەوەیی و دێموکراسیو سەربەخۆبوونی وڵاتانێکی زۆر دوای تەواو بوونی شەڕی سارد. زەق بوونەوەی مەسەلەی کورد، بەگشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو کورد لە کوردستانی عێراق (باشوور) بەتایبەتی هیوایەکی زۆری بەگەلانی بندەستی ناوچەکە بەخشیوە کە کورد یەکێك لە گرینگترینیانە و کورد لە کوردستانی ئێرانیش لەو نێوەدا هیوای بەسەرکەوتنی زۆرە.

ئەو گۆڕانکارییانە کە ئاماژەیان پێ‌کرا ئەرکێکی قورستر دەخەنە سەرشانی حیزب کە ئەوەش ئەوەیە لەدەست پێ‌کردنی ٦١مین ساڵی تەمەنی خۆیدا دەبێ بە بەرنامەو پلانی گونجاوتر بەرەورووی رووداوەکان بێتەوە، هەماهەنگی لەگەڵ رەوتی رووداوەکان پێك بێنێ هەڵوێستی دروستو دیراسەکراو بگرێ، تاکتیكو بەرنامەی وا هەڵبژێرێو بەڕێوەی بەرێ کە رەنگدانەوەی ویستو داخوازیی گەلەکەی تێیدا بەدی بکرێو هەرچی زۆرتر لە خەڵکەکەی نزیك بێتەوەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە گوڕو تینتر بکا.

**ئێستا مەسەلەی مافی نەتەوەییو ئازادی و دێموکراسی نەتەنیا لای خەڵکی کورد وشەگەلێکی نامۆو و بێگانە نین، بەڵکوو وەك مافگەلێکی بێئەملاوئەولا لە مێشك و زەینی خەڵکدا جێیان گرتوە.**

**لەگەڵ ئەوەی، نەحیزبی دێموکراتو نەگەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەیانتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان بگەن، بەڵام هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەم گەلی کورد قەت پشتیان لە ئامانجو داخوازییەکانی خۆیان نەکردوە**

# بنەمافیکرییەکانی دەرکردنی فتوای جیهاد دژی نەتەوەی کورد

جەمیل کولاهی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامییەو بناخەکانی لەسەر بایەخەکانی ئیسلام دارێژراون، سروشتییە کە "فتوای جیهاد" یەکێك لە بنەما پیرۆزەکانی بێ. ئەگەر سەرنج بدەینە مەرامنامەی حیزبی جمهووری ئیسلامی، دەبینین کە لەوێدا هاتوە کە "حاکمییەت لە لایەن خوداوەیەو هەموو یاساو پەسەندکراوەکان دەبێ بە پێی شەرعی ئیسلام بن‌و ڕێبەری‌و سەرۆکایەتیی وڵات دەبێ لە ئەستۆی مەلاکان بێ". بۆ جێگیر کردن‌و بەکردەوە دەرهێنانی ئەم بۆچوون‌و ڕوانگەیە، حوکمێك پێویستە کە بە شێوەی جێگیرکردن‌و بەکردەوە دەرهێنانی لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕەوایی بدا. بۆ ئەم کارە ڕێژیم پەنای بردە بەر "جیهاد" کە حوکمێکی ئیسلامییەو لە دژی کافران بەکار دێ.

دوای تێکچوونی حکوومەتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی‌و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی فەندەمنتالی ئیسلامیی خومەینی، ئەو ڕێژیمە ویستی بایەخەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بسەپێنێ. کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ بەرخودانی خەڵکی ئەو ناوچانە بەرەوروو بوو. یەکێك لەو ناوچانە کوردستان بوو کە لەوێدا بەرخودان لەو پەڕی خۆیدا بوو. ڕێژیمی خومەینی کە تەنیا چەند حەوتوویەك لە تەمەنی تێپەڕی بوو، واتە نەورۆزی ١٣٥٨ خەڵکی بێتاوان‌و سیڤیلی لە شاری سنە بە خەستی سەرکوت کرد کە ئەو نەورۆزە بە "نەورۆزی خوێناویی" ناوبانگی دەرکرد. دوایی وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی دوکتور قاسملوو چوونە تاران‌و قوم‌و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کێشەی کوردیان لەگەڵ خومەینی هێنایە گۆڕێ بەڵام خومەینی وەڵامی ئەو داوایانەی نەدایەوە. دواتر ڕێژیم سەرەڕای ئەو هەموو نیازپاکییەی ڕێبەرانی کورد، لە کوردستان دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە کە شەڕی نەغەدە یەکێك لەو ئاژاوانە بوو، بەدوای ئەو ئاژاوانە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ خومەینی بە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام، فتوای جیهادی دژی خەڵکی موسڵمانی کوردستان دەرکرد!! لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە لەبەر چ هۆیەکە، کە حکوومەتی ئیسلامی دژی خەڵکی موسڵمان فتوای جیهاد دەردەکاو هێرش بۆ سەر گیان‌و ماڵ‌و نامووسیان بە حەڵاڵ دەزانێ؟

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە خەیاڵی دامەزراندنی ئیمپراتوورییەکی ئیسلامی لەسەر دابوو، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەیویست یاساو ریساکانی سەرتاکانی ئیسلام بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، بۆیە هیچ باوەڕێکی بە مافی نەتەوەیی‌و بایەخە مرۆڤییەکان نەبووو هەموو ئەوانەی دژ بە بنەماکانی ئیسلام دەزانی‌و تەنیاو تەنیا بیری لە "ئوممەتی یەکگرتوویی ئیسلامی" دەکردەوەو بیرۆکەیەك یان داخوازییەك کە ئەو ئوممەتەی کە کۆماری ئیسلامی بیری لێدەکردەوە، بخستبایە مەترسییەوە، بە توندی بەرەنگاری دەبووەو بەبێ بەزەییانەترین شێوە سەرکوتی دەکرد. لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشان نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەدا هاتووە کە "پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا کۆمەڵانی خەڵك‌و ڕۆڵەکانی گەلانی زۆرلێکراو ویست‌و داخوازەکانی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی تازە هێنایە گۆڕێ، کە هەموو ئەو داخوازییانە بەسەرکوت‌و ئاگرو ئاسن وەڵام درانەوەو لە گەروودا خنکێندران. لەو نێوەدا هەر کوردستان بوو کە قورس‌و قایم لە مەیدان ڕاوەستا بوو و لەسەر داوای ماف‌و ئازادییەکانی سوور بوو. بەو پێیە کوردستان کۆسپی سەر ڕێگای سەقامگیربوونی دیکتاتۆریی مەزهەبی بووو دەبوو لەسەر ڕێ لابچێ!". لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە کوردستان بۆچی کۆسپی سەر ڕێگایەو دەبێ لابچێ؟ شەهید دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ گۆڤاری "الصیاد" کردویەتی (لە تاقگەی حەقیقەت، بەرگی دووهەم وەرگیراوە) لەم بارەیەوە دەڵێ:" حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێرانە، ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٧٣دا دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"ی وەك دروشمی ئیستراتێژیکی خۆی دیاری کرد. ئەم دروشمە زۆر لە مێژە بۆتە دروشمێکی جێگای پەسەند بە شێوەیەکی بەربڵاو. پاش ڕووخانی شا، حیزب زۆر هەوڵیدا لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە بە ئامانجەکانی خۆی بگا. بەڵام "ئایتاللە خمینی" وشەی خودموختاریی قبووڵ نەکرد، چوونکە بە بڕوای ئەو ئەم وشەیە، لەگەڵ نێوەرۆکی ئیسلام یەك ناگرێتەوە".

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوەرۆکی دروشمی ئیستراتێژیکی حیزب بە چاکی تێگەیشتبوو، بۆیە قبووڵ کردنی دروشمێکی وای بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر مان‌و مەوجوودییەتی خۆی دەزانی، ڕێژیم بۆی دەرکەوتبوو کە ئەگەر حکوومەتێکی هەرێمی دێموکراتیك لە کوردستاندا پێك بێت، شەپۆلەکانی ئەو دێموکراسییە کە لە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن سەرانسەری ئێران دەگرنەوەو تاج‌و تەختی ڕێژیم تێك دەشکێنن. ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی ئەو ڕاستییەی لە پێش چاو بوو کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیی‌یەو ئەگەر کورد وەك یەکێك لەو نەتەوانە بە ماف‌و ئازادییەکانی خۆی بگا، دەبێتە هاندەرێك بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران‌و ئەوانی دیکەش بە زوویی سەرهەڵدەدەن‌و دەنگی مافخوازییان بەرز دەبێتەوە، بۆیە ئەو دروشمەو داخوازییانەی بە ڕۆژئاوایی‌و دژ بە ئیسلام دەزانی‌و هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا ڕێژیم لەهەستی مەزهەبیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کەڵکی وەرگرت‌و فتوای جیهادی دژی نەتەوەی کورد دەرکردو حیزبی دێموکراتی کە پێشڕەوی خەباتی کورد بوو، هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. دوایی لە هەموو لایەکەوەو بە هەموو توانایەوە هێرشی کردە سەر خاکی کوردستان‌و بە بێبەزەییانەترین شێوە دەستی دایە سەرکوتی خەڵکی کوردستان. ئەگەر سەیری نێوەڕۆکی ئەو شەڕە بکەین، شەڕ لە نێوان دووبەرەدا بوو، واتە بەرەی پێشکەوتن‌خوازو بەرەی فەندەمنتالیزمی ئیسلامی کە دەیویست ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام. مێژوو نیشانی داوە کە ئەم دوو بەرەیە هیچ کات لەگەڵ یەکتری بە ئاشتی نەهاتوون، چوونکە دوو ئاخێوی جیاوازو دژ بە یەکیان هەیە واتە ئاخێوی مودێرنیتەو ئاخێوی سوننەتی.

خومەینی وەك داهێنەری تێزی ویلایەتی فەقیه و دامەزرێنەرو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە لە بیری نادرنەدەرەوەی شۆڕش‌و تەفروتووناکردنی بە قەولی خۆی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواو ڕێژیمی زایونیستی‌دا بوو، دێموکراسی‌و خودموختاری وەك بەرهەمی بیری ڕۆژئاوایی دەزانی، بۆیە فتوای لە نێو بردنی ئەو بەرەیەی کە داوای دێموکراسی‌و خودموختاری دەکرد، دەرکرد کە لە ئاکامدا شەڕێکی ماڵوێرانکەری لێ کەوتەوە کە دواتر بە "شەڕی سێ‌مانگە" ناوبانگی دەرکرد. لەو شەڕەدا بە هۆی قارەمانەتی نواندن‌و بەرخۆدانی پێشمەرگەکان، پارێزەرانی بایەخە مرۆڤانی‌و سەردەمییانەکان، ڕێژیم تووشی شکستێکی سەر سوڕهێنەر هات، کە بە ناچار خومەینی پەیامی ئاشتی بە قەولی خۆی بۆ برایانی کوردی نارد. بەڵام ناردنی ئەو پەیامە بە پێچەوانەی ویستی دەروونیی خومەینی بوو، چوونکە ناوبراو ڕێبەری ڕێژیمێکی بناژۆخوازی ئیسلامی بوو کە لەگەڵ هەموو ئەو داخوازییانەی کە بەرەی پێشکەوتنخوازی کوردستان دەیکردن دژایەتی هەبوو. پێویستە بە ئاماژەکردنە کە، لە کاتێکدا ڕۆڵەکانی کورد لە بەرەکانی شەڕدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنی مەزنیان تۆمار دەکرد، کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ١٣٥٨/٧/٢٠ نامەیەکی سەر ئاوەڵای بۆ گەلانی ئێران‌و حیزب‌و ڕێکخراوەو کەسایەتییە ئازادیخوازەکان بڵاو کردەوە کە تێیدا وێڕای داوای چارەسەری کێشەکان بە شێوەی ئاشتییانەو لە ڕێگەی دیالۆگەوە، چوار شەرت بۆ ڕاگرتنی تەقە دانرابوون کە یەکێك لەو شەرتانە ئەوە بوو کە "ئازادییە دێموکراتییەکان لە کوردستان‌و سەرانسەری ئێراندا دابین بکرێن‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێبکاتەوە."

هەر دووکی ئەو پەیامانە کە لە لایەن دوو بەرەی مودێرن‌خواز و سوننەتییەوە بڵاو کراونەتەوە بۆ ئاشتین بەڵام دەبێ بزانین لە چ کاتێکدا بە چ مەبەستێك ئەو پەیامانە دراون؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە حیزبێکی پێشکەوتووو دێموکراسیخوازەو بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە نێو کۆمەڵگای ئێران‌و کوردستاندا خەبات دەکا، لە کاتێکدا ئەو پەیامەی ناردوە کە لەبەرەکانی شەڕدا سەرکەوتوو بووە، کەوابوو بۆ چارەسەری کێشەکان ئەو پەیامەی ناردوە ، بەڵام چوونکە لە پەیامەکەدا پێ لەسەر دابین کردنی مافە دێموکراتیکەکانی گەلانی ئێران داگیراوە، لەگەڵ بیرو ڕوانگەی ڕێژیمدا یەك ناگرنەوەو لە ئاکامدا ئەو پەیامە ڕەد دەبێتەوە. بەڵام ڕێژیمی خومەینی هەوەك وترا ڕێژیمێکی دواکەوتوو و دژ بە بایەخەکانی سەردەم لە کاتێکدا ئەو پەیامەی ناردوە کە لە بەرەکانی شەڕدا بە توندی تێکشکاو بووە. کە ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم بڕوایەکی بە چارەسەری کێشەکان نەبووە، بۆیە تا ئەو کاتەی بۆی کراوە شەڕی کردوە، کە وابوو مەبەستی لە ناردنی پەیامی ئاشتی بۆ کوردستان چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای ئاشتی‌و دیالۆگەوە نەبوو بەڵکوو مەبەستی پشوو تازەکردنەوەو خۆ سازکردنەوەیەکی دیکە بۆ شەڕێکی بەربڵاوتر بووە. کە دواتر هەر ئەو کارەشی کرد.

بەدوای شەڕ سێ مانگەدا ڕێبەرانی کوردستان بە تایبەتی دوکتور قاسملوو هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆریان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە داو نیاز پاکی‌و ئاشتیخوازیی کوردیان بۆ هەموو لایەك ڕوون کردەوە، لەم بارەیەوە دوکتور قاسملوو لە سەرماوەزی ١٣٥٨ لە وتوێژێکدا کە لەگەڵ ڕۆژنامەی "کیهان" کردویەتی، دەڵێ:"ئێمە هەموو کاتێك لایەنگری وتووێژ بووین، ئێستاش لایەنگری وتووێژین‌و پێشوازیی لێ دەکەین." بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هیچ باوەڕێکی بە ئاشتی‌و تەبایی نەبوو بە گرتنە پێشی سیاسەتی سەرکوت‌و توندوتیژی‌و شەڕ دژی خەڵکی کوردستان، جارێکی دیکە ئاخێو ئاشتی کردە قوربانیی ئاخێوی شەڕو لە هەموو لایەکەوە پەلاماری کوردستان ، بنکەی دێموکراسی‌و ئازادیی داو وەڵامی داخوازە ڕەواکانی کوردی بە ئاگرو ئاسن دایەوەو بۆ جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە بەرەی مودێرنخوازو سوننەتی دوو بەرەی لە ئاشتی نەهاتوون. بۆیە لە کۆتاییدا دەتوانین بنەمافکرییەکانی دەرکردنی فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستان لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبی بووو لە گەڵ مافە نەتەوەیی‌و ئازادییە سیاسی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەکان دژایەتیی هەبوو.

٢ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەیاڵی دامەزراندنی ئیمپراتوورییەکی ئیسلامیی لەسەردا بوو و کوردستانی وەك کۆسپێك لەسەر ڕێگای جێبەجێ بوونی ئەو خەیاڵە دەزانی.

٣ـ ڕێژیم ترسی ئەوەی هەبوو کە نەتەوەی کورد ببێتە سونبولێك بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران‌و ڕۆژێك دابێ کە ئەو نەتەوانەش داوای مافی خۆیان بکەن.

٤ـ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دروشمی نادرنە دەرەوەی شۆڕشی هەڵگرتبووو بە نیازی بەربەرەکانێ لەگەڵ "شەیتانی گەورە"و "ڕێژیمی زایونیستی" و بە گشتی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بوو، بۆیە کوردستانی کە ببوە سەنگەری ئۆپوزیسیونی ڕێژیم‌و بنکەی ئازادی‌و دێموکراسی پێ قبووڵ نەدەکرا.

> **ئەگەر سەیری نێوەڕۆکی ئەو شەڕە بکەین، شەڕ لە نێوان دووبەرەدا بوو، واتە بەرەی پێشکەوتنخوازو بەرەی فەندەمنتالیزمی ئیسلامی کە دەیویست ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام. مێژوو نیشانی داوە کە ئەم دوو بەرەیە هیچ کات لەگەڵ یەکتری بە ئاشتی نەهاتوون، چوونکە دوو ئاخێوی جیاوازو دژ بە یەکیان هەیە واتە ئاخێوی مودێرنیتەو ئاخێوی سوننەتی.**

> **ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە خەیاڵی دامەزراندنی ئیمپراتوورییەکی ئیسلامی لەسەر دابوو، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەیویست یاساو ریساکانی سەرتاکانی ئیسلام بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، بۆیە هیچ باوەڕێکی بە مافی نەتەوەیی‌و بایەخە مرۆڤییەکان نەبووو هەموو ئەوانەی دژ بە بنەماکانی ئیسلام دەزانی‌و تەنیاو تەنیا بیری لە "ئوممەتی یەکگرتوویی ئیسلامی" دەکردەوەو بیرۆکەیەك یان داخوازییەك کە ئەو ئوممەتەی کە کۆماری ئیسلامی بیری لێدەکردەوە، بخستبایە مەترسییەوە، بە توندی بەرەنگاری دەبووەو بەبێ بەزەییانەترین شێوە سەرکوتی دەکرد.**

دریێژەی بابەتی،

## مەترسیی کۆماری ئیسلامی‌و پێویستی ڕووبەڕوو بوونەوەی جیهانی

پێشنیارکراوەکان، وەك دواین هەڵوێست بە پەسند گەیاندنی بڕیارنامە بۆ ڕاگرتنی بەرنامەگەلی ناوکیی. ئەو فاکتەرانە هیچ دردۆنگی‌و دوودڵی بۆ جیهای تێدا نەهێشتۆتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دایە نەك پرۆژەی ئاشتیخوازانە. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە مەشروعییەتی لەنێو خۆی وڵاتدا نەماوەو، لە ڕوانگەی نێونەتەوەیی‌شەوە لە خوارترین ئاستی پەسند بوونی دەورانی تەمەنی دایەو، هیچ مەنتقێك بەغەیری زمانی هەڕەشەو توندوتیژی نازانێ، وەك تەنیا ئامرازی خۆڕاگرتن دەڕوانێتە چەکی ئەتۆمی.

سەرتر لە مەترسیگەلێك کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاشتی‌و ئەمنییەتی ناوچەو جیهان داینـاوە ـ سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی ئەو بزاڤە ئازادیخوازانەی نێوخۆی وڵاتن وەك: خوێندکاری ـ کرێکاری ـ کونتاکتی توند دەگەڵ نووسەران‌و بەڕێوەبەرانی ڕاگەیانە غەیرە حکوومییەکان، خۆلقاندنی کەشوهەوای سانسۆر ـ بەرین کردنەوەی هەژاری‌و ئیعتیادو لەشفرۆشی و... هتد پیویستی بەرەنگار بوونەوەی جیهانیی لە هەمبەر ئەو ڕێژیمەدا دەخوازێ. بەڵام خاڵی گرینگ چۆنیەتی و شێوازی کۆنتاکتەکەیە. بە باوەڕی نووسەری بابەتەکە، لە پلەی یەکەمدا خەڵك دەبێ بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ڕێژیم هەر چەندە مانۆر بدا کە بەهێزە لەبەرانبەر خواست‌و ئێرادەی خەڵکدا بە چۆك دادێ، کەم نین ئەو پیاوو ژنە بوێرانەی خەوو خۆراکیان بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تاڵ کردوەو ناویان لەرزە دەخاتە لەشی شەمشە کوێرانی خوێنمژ. هەر بینا هاوارو ناڵەی دڵی دایکان‌و هەژارانی وڵات کۆڵەکەی کۆشکی زۆڵم‌و ستەمی لە ڕێسمە برد. دیارە جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە، هاوکاری دنیای ئازادو دێموکراسیخواز، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجە، یارمەتیکردنی حیزب‌و بزوتنەوەگەلی ئازادیخواز پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئازادو دێموکرات‌و فیدراڵی ـ مان هەبێ کە تێیدا گشت نەتەوەکان بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن‌و، جیهان‌و ناوچەیەکی بەدوور لە تیرۆریزممان هەبێ. بەهیوای ئەو ڕۆژە کە زۆر دوور نیە.

## وردە سەرنج

مەسعوود بابایی

سەرنجی شازدەهەم:
پەیوەندی کولتوریو گواستنەوەی کولتوری:

فەرهەنگی وشەکانی خێزانێك کەمتر لە وشەکانی تیرەو هۆزێکەو ژمارەی وشەکانی نەتەوەیەك زیاتر لە وشەکانی تیرەو هۆزێکە. بۆچی؟ جوگرافیا لانکەی گەشەکردن و بەرفراوانبوونی وشەکانە. نەتەوە لە چەندین تیرەو هۆز و وردە کولتور پێك هاتووە کە هەموویان خاوەنی مۆرکێکی هاوشێوەن و توخمە سەرەکییە کولتورییەکانیان وەکو یەکن. لەڕووی زمانیشەوە، زمانی نەتەوایەتی بەسەر چەندین دیالکت و شێوەزاردا دابەش کراوە و ئەمە دیاردەیەکی ئاساییەو زۆربەی هەرەزۆری زمانەکان ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیەو ئەمەش بۆ رووبەری جوگرافیایی دەگەڕێتەوە. دەتوانین بڵێین فراوانی رووبەری خاك و بەرینبوونی وڵاتێك باندۆری زۆری لەسەر دەوڵەمەندیی زمان دەبێت.

**نەتەوە بێئەوەی لەسەر رووبەرێکی خاك دا نیشتەجێ بێ، ناتوانێ مەودایەك لە نێوان خۆیو ئەویدی کە نەتەوەیەکی دیکەیە، دروست بکا. لێرەدا دیسان چەمکی مەودا ـ جیاوازی ـ کە هەر لە سەرەتاوە لە وردەسەرنج دا باسم لێوە کردوە ـ قووت دەبێتەوە. لە سەردەمی پێش مۆدێرنیتە نەتەوەکان لەسەر هەندێ تایبەتمەندیی دیکە پۆلێن دەکران.** هەڵبەت لێرەدا نەتەوە بە واتا مۆدێرنەکەیو ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن نیە. لەبیرمان نەچێ لە قۆناغە مێژوویییەکان دا ئاڵوگۆڕی کولتوری هەبووە و هیچ کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەم ئاڵوگۆڕە کولتورییە، لە پەراوێزی دابین کردنی بژێوی ژیان و بازرگانی ئەنجام دەدرا. کەوابوو ناکرێ ئەم ئاڵوگۆڕە بە دروستکەری چەمکی ئاخێو Discours بزانین. زمان لەم سەردەمەدا پاشکۆ و دەربڕی هێزی جەستەییو جەنگ و قارەمانێتی بووە. بەرهەمە کۆنەکانی ژیاری کۆن وەکوو گلگامێش، کلیلە و دمنە، ئیلیاد و ئۆدیسە، شانامەی فردەوسی... هتد، نموونەگەلێك کە زمان لەواندا رەهەندی دژە دیالۆگی هەیە، واتە زمان لەواندا زمانی جەنگە و ئەم زمانەش زمانێکی شێعرییەو وشەکانی نێو ئەم بەرهەمانە ڕەش و سپین. چاك و خراپ، راستیو درۆ، خوا و ئەهریمەن لە جەنگێکی ئەبەدیو هەمیشەییدان. باسکردن لەباری زمانەوانیی ئەم بەرهەمانە کە رەنگدانەوەی عەقڵیەتی ئەو سەردەمەن، لە توانانی ئەم ستوونەدا نین، بەڵام تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین بەهەر حاڵ کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی کولتوری هەبووە بەڵام پەیوەندیی کولتوری بەو چەشنەی کە پێکەوە ژیان و مەدەنیەت دروست بکەن لەو بەرهەمانە بەدی ناکرێن، هەڵبەت لە هەندێ خاڵدا "کلیلە و دمنە" نموونەیەکی ناوێزەیەو هەڵگری رەخنەی سیاسییەو هەڵبەت زمانێکی زۆلاڵی نیە.

ئێمە لە سەردەمی مۆدێرنیتە داین، لەم سەردەمەدا زمان قووڵترە، عەقڵیترە و وردترە. پاش رێنسانس، بەرەبەرە مرۆڤ واز لە عەقڵیەتی میتافیزیکیو لاهوتی دێنێ، کاتێك دەرگای جیهان بەڕووی ئورووپا کرایەوە، رۆژئاوا رووەو ناسینی رۆژهەڵات کەوتە رێ، مارکۆپۆلۆ، کریستف کلمب، ماژیلان و رۆژهەڵات ناسان چاوی دنیایان کردەوە، رۆژهەڵات و رۆژئاوا کەوتنە ململانێ، بەرلەوە شەڕێکی گەورەی وەکوو "جەنگی خاچ پەرەستان" رووی دابوو، بەرەبەرە بە وەرگێڕانی کولتوری رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواییەکان و هەروەها وەرگیرانی بەرهەمەکانی رۆژئاوا وەکو بەرهەمەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆو سەرهەڵدانی فەلسەفەی (مشأ)ی ئیسلامی، دیالۆگ دروستبوو، لێرەدا گواستنەوەی کولتوری لەسەر بنەمای زانستگەرایی و لە رێگەی وەرگێڕانەوە ئەنجام درا. ئەم رەوتە بە داهێنانی دەزگای چاپ خێراتر بوو، مۆدێرنیتە بەڕای من لە دەزگای چاپەوە دەست پێ دەکا و ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر رەوتی خێرای گواستنەوەو پەیوەندیی کولتوری داناوە.

بابەتی زمان لە هەموو بیاڤە کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستییەکاندا لێی کۆڵدراوەتەوە، نیچە، شلایر ماخێر، دیلتای، فۆرمالیستە رووسییەکان بەتایبەتی یاکۆبسێن و هەروەها پێشڕەوانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەتایبەت هابێرماس بەوردی لە باندۆرەکانی زمانیان کۆڵیوەتەوە. هانس گیۆرك گادامێر و هابێرماس نموونەی دیاری لێکۆڵەری زمانەوانین لە بواری دروستکردنی ئاخێوی فیکری، سیاسیو پێوەندییەکانی دەسەڵات، فۆکۆ بە کاریگەری وەرگرتن لە نیچە لە کتێبی دەسەڵات و هەقیقەت دا باسی لە رۆڵی سەرەکیی زمان لە بیاڤی ئەپستمۆلۆژیك کردوە.

لە سەرنجی داهاتوودا باس لە وەرگێڕان وەکوو گرنگترین ئامرازی گواستنەوەی کولتوری و پەیوەندیی کولتوری دەکەین و ڕاگەیەنە گشتییەکانیش بەشێکی گرنگی باسەکەمان دەبێت.

# دایە گیان

هەرمان

دایە گیان، ئەمڕۆ مەستم، مەستی مەست!! بڵێم بەچی، بۆ خۆیشم نازانم!! ڕەنگە بۆ خۆت چاکتر بزانی!! ئەوە نیە هەردەم چۆن لەگەڵ خوا خەڵوەت ئەکەم...!! چۆن ئێژن خوا بە خاس و خراپ ئەزانی...!؟ ئاوایش دڵ ئەرخایەنم تۆ لە دڵم ئاگاداری...!!

چ تەمەن بچکۆڵە بووم ئەو دەمانە و رۆژگاری کەڵەگەتی.. ئاخ..!! ئەو دەمانە چیم هەبوو وردە ئاوات گشتم گۆڕیوە* بە ئامانجێك! چیم هەبوو خۆشەویستێك* هەمووم گۆڕیەوە بە خۆشەویستێك...!!

دایە گیان باش دەزانی، دڵنیام، دڵنیا!!

زۆرجار حەزم دەکرد گۆمێکی مەنگ بام و دوورە دەس، پێشمەرگەیەکی چڵکن و شەکەت لە ڕێپێوان مەلەی تیا کردبام!!

گەلێ جار پێم خۆش بوو رووبارێ تەنگ بام، رێبوارێکی ٦٠ ساڵەی ئەم رێگایە لێم پەڕیبایتەوە و هەردەم ئارەزووم بوە، زەریایەك بووبایتم کە نیشتمانم قەت تینووی نەبووبا و چاو لە زەریا...!! ئەمان دایەگیان، چ ڕووسوورم کە ئەمڕۆ من پێشمەرگەی ئەو نیشتمانەم کە ئێژێ هەزاران ساڵ و هەزاران رێ و هەزاران زەریا بە قوربانی نەفەستی بە ئازادی بۆ ڕۆڵەکانم..!!

ئاخ کە چ شادمانم کە ڕۆڵەکانت هەزاران رێ و هەزاران ساڵ و هەزاران زەریا ئەپێون بۆ گەیشتن بە ئامانجت دایە گیان کەوایە ئەو شێعرەت پێشکەش

**دایە گیان**

کام ڕۆڵە بەبێ دیتنی بزەی تۆ باڵا دەکا
من قەت بزەی تۆم نەدیوە
شەوانە کە وەك هەتیو لە ئامێزم دەگری
ئەستێرەکان یەك ڕابردوو، یەك داهاتوو
چاوت لێ دادەگرن
پڕ لە ئەسرینە چاوەکانت
کە دەتروکێن، من ئەخووسێم
هەناسەت دەمێك شەماڵ، دەمێك زریان
کە بە لەشما دادەگرێ، لەرز دام دەگرێ
من پەروەردەی هەناسە و بارانتم
بڕیار دەدەم، بڕیار
تا تۆ لەژێر ئاڵای سەربەستی
چاو لە ئاڵای شەکاوەت نەکەی
وەك منداڵانی ترت هەڵوەرابم
قەت نەسرەوم، قەت کۆڵ نەدەم
یان دەبمە شەهیدی ون
یان کە هاتمەوە ئامێزت
قەت نەلەرزێم، قەت نەخووسێم..!!

*١ـ گۆڕیەوە
*٢ـ خۆشەویست

# شەوستان

ئەفراسیاب گرامی

**ئاوێنە**

دوای تەمەنێك تەماشای ئاوێنەکردن، دوای ساڵانێك جوانی بەخشین بە ئاوێنە، وێنەیەکی تاریكو تاریکتر لە شەوی پێنەدای، بەڵام کاتێك کە خۆت لە نێو وێنەکانی ئەو شەوە زەنگەدا دیتەوە، تازە زانیت کە ئیتر رەنگی شەوت گرتووەو لە رۆژ بێزاری. تەمەنێك شەو بۆتە میوانت، ساڵانێك لە ئەستێرەش دووریت، ئەو هەموو شەوانە بێ مانگ، تەنانەت خۆشت لە نێو ئالبۆمەکانی شەوستان، ناناسیتەوە...!

**خەو**

بۆ ئەوەی شەوان لە کاتی خەودا، خۆی لە خەیاڵەکان بشارێتەوە، دایم لێفەکەی بە خۆی دەدا..بۆ ئەوەی شەوان لە کاتی خەودا..خەیاڵەکان بەرۆکی نەگرنو خۆی بدزێتەوە.. بەڵام خۆ چاك دەزانێ خەیاڵەکانیش لەیفەکان بەری ناگرنو خۆیان دەکێشنە ژێر لێفەکەیو تا بەیان خەوی لێ ناکەوێ. ماوەیەکە لەخەیاڵەکان دووریت، ئێستا خەوبینین بۆتە مۆتەکەی ئەم شەوە درێژانە.. چۆن لە روخسارت دەڕوانن کە لە خەودا هەمیشە خەیاڵەکان بوونەتە خەوو تەمو مژێك لە نێو خەویشدا دروست دەکەنو خۆرێکیش نیە بۆ رزگار بوون لەم تەمومژە..چاوەڕوانیشت پێناکرێ..چونکە ژیانت لە چاوەڕوانی شەوان دابووە...

**شێعر**

لە دواین دێڕەکانو بەیتەکان راوەستاوە. بۆ جارێکی تر لە مانگو لە ئەستێرە دەڕوانێ. خۆی لە نێو خۆیدا وشەکان رەنگی شەویان گرتووە.. ئەوەندە بە باڵای ئەم گردۆڵەی رەنگ زەردەو ئەستێرە چاو زەقانە لە ئاسمانێکی تاریكو شەوەزەنگ روانیت کە رەش داگرسایو ماندوو بوویت. ئەوەندە شەوارە ڕاوی ئەم دەشتەت کرد، چرپەی کۆڵانەکانت ئاشکرا کرد، لە تیرۆژی چراکانو گلۆپەکانی سەر دار تیلەکانی شەقام رامایت، هۆدەکەشت کردە کتێبێك لە رەنگی شەو ناوت لێنا شەوستان.. بۆیە ئەو وشانەی کە لە بەرگە ئەستێرەییەکانی تۆدا ماون نایانهەوێت چیدی سەیری تاریکی بکەن.. بۆیە هیوای تاقە تیشکێکن کە لە هەستەکانی شەودا سەرهەڵبداو بۆ جارێکیش بێ سروشت وەکوو دێڕەکانی تۆ ببینن...!

چەند شێعرێکی وەرگێڕدراوی ئەحمەدی شاملو

## تاوێری گوڕ

و: مەسعود بابایی

**نە لە ڕۆیشتن دا بزوتن بوو،**
**نە لە مانەوەدا، مانەوە**
**لقەکان جیاوە نەبوون لە ڕەگ و ریشاڵیانەوە**
**بای سیخوڕ**
**لەلای گەڵاکان نهێنییەکی ئەوتۆی نەدرکاند**
**کچی ئەوینی من دایکێکی بێگانەیە و**
**ئەستێرەی پەشۆکاو**
**لە ڕێڕەوێکی نائومێد و**
**هێڵێکی نەمر دا دەخولێتەوە**

***

## لەسەر خاکەوە شێلگیرانە ڕاوەستام

**لەسەر خاکەوە شێلگیرانە ڕاوەستام و**
**خاك عەشق ئەرخانییەك خۆڕاگر بوو،**
**ئەوجا،**
**گومانم لە ئەستێرە کرد و ئەستێرە،**
**لە ئەسرینی گومانی من دا درەوشایەوە،**
**ئەوجا،**
**گومانم لە خۆر کرد، کە ئەستێرەکانی چەشنی**
**کارەکەرە سپی ڕومەتەکان**
**لە ئوخژنگەی پڕ شکۆی خۆی دەشاردەوە.**
**دیوارەکان دیلخانە بەرتەسك دەکەنەوە...**
**دیوارەکان زیندان بەرتەسکتر ناکەنەوە...**
**لەنێو دوو زیندان دا**
**دەرکەی ماڵی تۆ شیپانەی ئازادیە...**
**بەڵام لەو شیپانەیەدا**
**تۆ ناچاری**
**یەکێ لەم دووانە**
**هەڵبژێری...**



(اسبهای عاشق) بزرگمهر حسین پور

بێ دوان

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

ن:حسین یەعقووبی

## ئاراستەی وەرگێڕان
## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا
بەشی پێنجەم

و: سمایل زارعی

ڕێکارێکی پێشنیاری دیکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی لەمپەری زمانی، تێڕوانینی پەرەگرتنی زمانێکی سروشتییە وەك زمانێکی جیهانی. پێشینەی ئەم ئایدیایە بۆ چەندین سەدە لەمەو پێش دەگەڕێتەوە. کاتێك کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لاتین زمانێکی ئاکادێمیکی سەرتاسەری ئەورووپا و عەرەبی زمانی بازرگانی و خوێندنی سەرتاسەری هەرێمی ئیمپراتۆری ئیسلامی بوو. دوای پڕ ڕەنگ بوونی ڕۆڵی بزاڤگەلی نەتەوەیی لە وڵاتانی ئەورووپایی و بەهاگرتنی زمانە نەتەوەییەکان، لاتین پێگەی پێشووی خۆی لە دەست دا و فەڕانسەیی لە ماوەی سەدەی حەڤدە تا نۆزدە، وەك زمانی نێونەتەوەیی سیاسەت و دیپلۆماتیکی، پێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی وەدەست هێنا. بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا بە ڕوودانی شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیا و پەرگرتنی تێکۆشان و هەوڵە داگیرکەرانەکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە سەرانسەری جیهاندا، زمانی ئینگلیزی بەرە بەرە فەڕانسەی لە سەر گۆڕەپان وەدەر نا. لە سەدەی بیستەمدا و بە سەرهەڵدانی ئەمریکا دۆخی تاکەکەسی و ناوازە بوونی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا وەدەست هێنا. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك دا بە پەرەگرتنی دیاردەی ئێنترنێت ڕۆڵی زمانی ئینگلیزی لە جاران زیاتر، لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا پڕ ڕەنگ بووە تا وەك بانگەشەی بنەڕەتی وەدەستهێنانی زمانێکی جیهانی بە کردەوە دۆخی تایبەتی خۆی بە هەموو هێز و توانایەوە بسەلمێنێ. ڕکەبەرەکانی زمانی ئینگلیزی کەم و کەم هومێدن. هەڵبەت چەند زمانێك لە ناوچە بەرتەسکەکانی جیهان، ڕۆڵی زمانی ناونجی دەگێڕن (وەکو ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا یا ئیسپانیا لە ئەمریکای ناوەندی و باشووریدا) و یان زمانێکی وەکو چینی هەیە کە زۆرترین ژمارەی ئاخاوتنکەری لە جیهاندا هەیە (زیاتر لە یەك میلیارد کەس) بەڵام زمانەکانی ڕووسی و ئیسپانیایی لە گۆڕەپانی پیشەسازی، تەکنۆلۆژیا، ئێنترنێت، سینەما، بڵاوکراوە و ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکە ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نیە و چینیش لە ڕۆژئاوا نائاشناتر و غەریب تر لەوەیە کە بتوانێ بە ڕکەبەرێکی زمانی ئینگلیزی بژمێردرێ. گرفتەکانی بەردەم زمانی ئینگلیزی حەز و ئارەزووی وڵاتان بۆ پاراستنی شوناسی زمانی خود، سەرهەڵدانی جۆرە تازەکانی ئەم زمانە لەم سەدەیەدا و جیابوونەوە و دابەشبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەوان لە یەکترە.

لە بواری پەرەگرتنی ڕۆڵی زمانی ئینگلیزی وەك زمانی جیهانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە گەلێك بابەت و کتێب نووسراون کە دەکرێ لە ناو نێودارترینیان ئاماژە بە کتێبی ***کاریگەری زمان*** نووسینی ئێم فالیك، بابەتی لێکۆڵینەوەیی و تێرو تەسەلی ساپیر بە ناوی "ئینگلیزی: زمانی ئایدیالی جیهانی؟" و کتێبێکی تازەی دەیڤید کریستاڵ بە ناوی ***ئینگلیزی وەك زمانێکی جیهانی*** بکەین.

بەرنامە و پلان دانانی زمانی زمانی یەکێك لە تازەترین شێوە و ڕێکارگەلێکە کە بۆ چارەسەرکردنی پرس و کێشەی لاوازبوونی پێوەندی پێشنیار کراوە. پلان دانانی زمانی، بە پێی پێناسەیەکی گشتی دەستێوەردان یا دەسکاری ئاگایانەیە کە لە لایەن دەوڵەت یا ڕێکخراوێکەوە کە کەم و زۆر لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت دایە لە دروستکردن و کارایی لە کۆمەڵگایەکدا ئەنجام دەدرێ. پلان دانانی زمانی بیاڤێکی بەرینی هەیە بە شێوەیەك کە پرسگەلێکی گرینگی وەك دیاریکردنی زمانی ڕەسمی (یەکەمین) یا نەتەوەیی لە وڵاتێکی چەند زمانە و پرسگەلێکی کەم بایەختری وەك پێشنیارگەلێکی بۆ یەك شێوە کردنی ڕێنووس و شتی دیکەی لەو جۆرە لە خۆ دەگرێ. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا پرسی پلانداناانی زمانی و دەستێوەردانی دەوڵەتی بۆ سیاسەتەکانی زمانی تەنیا رووکەرد و تێڕوانینێکی ژێئۆپلۆتیك و یان لە ڕەوتی بەرجەستەبوونی شووناسی ناوچەیی و نەتەوەیی تایبەتی وڵاتێك بووە بەڵام لە دوو سێ دەیەی دواییدا لە گەڵ ڕووتێکردنی دەوڵەتەکان لە گوندی جیهانەوە، گەلێك پلان و بەرنامەی نووسراو و ورد بۆ فێرکردنی زمانە بێگانە(بیانی)ەکان لە ناو سیاسەتی زمانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا گونجێندراوە.

**بوارە تیۆرییەکان**

یەکەمین خزمەت کە زمانناسی لە ڕاستا و ڕەوتی نیشان دانی بنەمای زانستی شێوەگەلی چارەسەرکردنی لەمپەری زمانی ئەنجامی دا، ئاشکراکردنی جیاواز وێنەیی و واتایی زمانە جۆراوجۆرەکان لە گەڵ یەکترە. زمانناسی ستراکتۆرخوازانە تەنیا خاوەن پێکهاتەبوونی زمان شرۆڤە دەکا، بەڵکو نیشاندەری پێکهاتەی زمانەکان لە گەڵ یەکتردا یەکسان و هاوشێوە نیە. یەکێك لە باسەکانی زمانناسی — کە بە تایبەتی یارمەتی بە ناسینی ماکە و چوونایەتی وەرگێڕان داوە — ڕاڤەیەکی بەرامبەر بوو. لە شێوەی ڕاڤەی بەرامبەردا دوو زمان لە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئاستە جۆراوجۆرەکانی فۆن و وشەیی و ڕێزمانی(نحوی) و بە گشتی پێکهاتەی ڕێزمانی ئەوان لە گەڵ یەکتردا هەڵدەسەنگێندرێن و لایەنی هاوبەش و جیاوازیان دیاری دەکرێ. ڕاڤەی بەرامبەری دوو زمان لە بیاڤگەلی لەبزی(pronuaciation) و واتادا یارمەتی ئەوە دەدا کە بۆشاییەکانی دوو زمان بەرامبەر بە یەکتری دەستنیشان بکرێن. بە تایبەتی ئەم مێتۆدە نیشانی دا کە پێکهاتەی وێنەیی و واتایی هیچ دوو زمانێك لە گەڵ یەکتری یەکسان و هاوشێوە نیە و هەر ئەم دیاردەیە یەکێك لە پرسە بنەڕەتییەکانی وەرگێڕانی چارەسەر کرد.

بابەتێکی دیکە کە لە سووچێکی جیاوازەوە پێوەندی بە پرسی "لەمپەری زمانی"یەوەیە گریمانەی ڤۆرفە. بێنجامین لی ڤۆرف پێی وایە زمان جۆرێك لۆژیك و چوارچێوەری گشتی گەڕاندنەوە(ارجاع) پێك دێنێ و بەمشێوەیە هەموو زمانێك ڕامانی وتەبێژ و پەیڤەرانی خۆی پێك دێنێ. هەروەها ئەو بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە هەر شوێنێك کە کولتوور و زمانێك پێکەوە گەشەیان کردبێ، گەلێك پێوەندی گرینگ لە نێوان ڕەهەندە گشتییەکانی ڕێزمانی زمان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کەلتوورە بە گشتی هەیە. ڤۆرف بۆ سەلماندنی ئەم تیۆرییە، زمانی سوورپێستەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی زمانی هۆپی لە گەڵ زمانە ئەورووپاییەکان هەڵسەنگاند و ئەنجامی ئەوەی وەرگرت کە جیاوازییەکانی زمانە ئەورووپاییەکان لە گەڵ یەکتر لە پلەی هەڵسەنگاندن لە گەڵ جیاوازییەکانی ئەوان لە گەڵ زمانە هۆپییەکان هێندە کەمە کە دەکرێ ئەوان بە سەردێڕی نێونجی ستانداردی ئەورووپایی پۆلێن بکرێ. ڤۆرف لە لایەکی دیکەوە پێی وابوو کە زمانەکان لە ڕەهەندی وشەییەوە، بە ئاشکرا لە گەڵ یەکتری جیاوازن و ئەم جیاوازییە بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی بە سرووشتی قسەکەران و وتەبێژانی ئەو زمانانەوەیە. بۆ وێنە ڤۆرف بینی کە زمانە ئێسکیمۆییەکان بۆ هەموو جۆرە بەفرێك وشەگەلێکی جۆراوجۆریان هەیە لە حاڵێکدا لە زمانە ئەورووپاییەکان دا تەنیا وشەیەك بۆ بەفر هەیە لە بەرامبەردا، زمانی ئازتەکی تەنانەت یەك وشەی جیاواز و هەڵاوارتە بۆ سەرما، سەهۆڵ و بەفریش نیە، وشەی ڤێستاك بۆ ئاماژە بە هەر سێ شتەکە کەڵکی لێوەردەگیردرێ. دوای ڤۆرف، ساپیر گەلێك بەڵگەی زۆر لە هەرێمێکی بەرینتردا خستە ڕوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە وشەکانی زمانێك، زۆر بە ڕوونی سروشتی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەك بەرپەرچ دەدەنەوە. لە ڕاستیدا تەواوی وشەکانی زمانێك، ڕەشاییەکی ئاڵۆزە لە بیرۆکەکان، وێناکان، هۆگری و سەرقاڵییەکان کە سەرنجی ئەو نەتەوەیە بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەو ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە لە زمانی نەتەوەی "*نوت کا*"دا کە لە ڕەخی باکووری ڕۆژئاوایی ئەمریکادا دەژین، بوونەوەر دەریاییەکان زۆر بە وردی و بە تێرو تەسەلی پێناسە دەکرێن. هەروەها نەتەوەی "*پایی یوت*" — کە نەتەوەیەکی سارا(صحرا) نشینن — دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی جوگرافیایی دەشت یا سارا بە تێرو تەسەلی وێنا بکا و ئەم شتە لە نیشتیمانێکدا پێویستە کە دیاریکردنی جێگای چاڵە ئاوەکان پێوستی بە زانینی ڕێگا و بیری ئاوی سارایە. ساپیر پێی وابوو ئەو شتەی سەبارەت بە ژینگەی سرووشتی درووستە زۆر ڕوونتر لەوە لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیشدا درووستە. لە کولتووره جۆراوجۆرەکاندا، زنجیرە کۆمەڵایەتییەکان، وێڕای گشت ئاڵۆزی و حەزە پیشەییەکانی بە تەواوی لە زمانیاندا بەرپەرچ دەدرێتەوە.

هەقیقەتێك لە ناو ئەو شتەی کە ڤۆرف و ساپیر هێنایانە بەرباس شاردراوەتەوە. ئەم هەقیقەتە بریتییە لە چەمك و دیاردەکان، هەر کە لە کۆدگەلێکی وشەییدا بگونجێندرێن، باشتر لێی تێدەگەن و لەوەڕا کە ئەم کۆدانە (وشەکان) لە زمانێکی دیکەدا جیاوازن، تێگەیشتنی تەواو و کامڵی واتای ئەوان لە زمانێکی دیکەدا، هێندێکجار ئەستەمە.

گریمانەی ڤۆرف بووە هۆی دوو تێگەیشتنی جیاواز. تێگەیشتنێکی خۆپارێزانە و تێگەیشتنێکی مام ناوەندی(معتدل)یانە. بە پێی تێگەیشتنی یەکەم لەوەڕا کە پێکهاتەی زمانەکان لە گەڵ یەکتردا جیاوازن، چەمکەکانی ناو زمانێکیش ناکرێ بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە. هەر بەم هۆیەوەیە نوێنەرانی ئەم کۆمەڵە پێیان وایە دەرەتانی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و یان دەرەتانی گونجاندنی چەمکگەلی زمانە جۆراوجۆرەکان لە زمانێکی دەستکرد یا سرووشتی جیهانیدا نیە، چونکە چەمك و گوتەزاکانی هەموو زمانێك بە شێوەیەکی لێك دانەبڕاو لە ناو پێکهاتەی ئەو زمانەدا تەنراوە و لێك گرێ دراون. تۆشیهیکۆ ئیزۆتسۆ هەنگاوێکی بانتر لەوەشی هەڵێنا و نە تەنیا پێوەندی هاوبەشی نێوان خەڵکی جیهان بە شتێکی نالواو دەزانێ بەڵکو پێی وایە ئێمە لە بنەڕەتدا ناتوانین لە ڕاستی تێبگەین چونکە زمان لە نێوان ئێمە و ڕاستیی(کەتوار)دا بۆتە لەمپەر و بەو شێوەیە کە پێی خۆشە و دەیهەوێ ڕاستیمان نیشان دەدا.(سۆلح جوو، ١٣٧٦: ٤٢).

لە تێگەیشتنی سازگار و مامناوەنددا جیاوازی پێکهاتەیی زمانەکان لە گەڵ یەکتری لە ئاستێکدا نیە کە نەکرێ یەکێك بۆ یەکێکی دیکە وەرگێڕدرێ. ڕاستە ناکرێ بۆ تەواوی وشەکانی زمانێك لە زمانێکی دیکەدا "هاوتای وشەیی" بدۆزینەوە بەڵام وەرگێڕان تەنیا لە ڕێگای "گواستنەوەی وشەیی"یەوە ڕوونادات. دەکرێ لە کاتی وەرگێڕاندا، نێوەڕۆکی وشەیەك لە ڕێگای چەند وشەوە بگوازرێتەوە.

بە پێچەوانەی گریمانە(مەبەستی لە تیۆرییە. وەرگێڕی کورد) کە پێداگری لە سەر دابەشبوونەکانی زمانی دەکا و دواجار لەمپەرێك لە سەر ڕێگای وەدەستهێنانی پێوەندی هاوبەشی زمانێك زەقتر نیشان دەدا، تیۆرییە زمانییەکانی نۆم چۆمسکی — سەبارەت بە ڕووکەش سازی و قووڵ سازی و هەموانییەکانی زمان — قامك لە سەر هاوبەشییەکانی نێوان زمان دادەنێ و لەم ڕێگایەوە نیشان دەدا گواستنەوەی چەمکەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەلوێ و دەگونجێ.

بە گشتی ئەم سێ هۆکارە — جیاوازی پێکهاتەی زمانەکان لە گەڵ یەکتردا، گریمانەی ڤۆرف و مژاری قووڵ سازی و هەموانییەکانی زمانی — سێ کۆڵەکەی بنەڕەتی باسەکانی زمانناسی پێوەندیدار بە گرفتی لەمپەری زمانین و لە ڕاستیدا وادێتە بەرچاو کە بەرهەمی داهێنەرانەی ئەم سێ تێڕوانینەیە کە بۆتە کۆڵەکەی تیۆرییەکانی زمانناسان لە سەر پرسی پێوەندیی هاوبەشی زمان.

پاری دووهەم:

وەرگێڕان مێژوویەکی تارادەیەك دوور و درێژی هەیە. یەکەمین بەرهەمی وەرگێڕدراو بۆ ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین و بۆ سەردەمی ئیمپراتۆری کۆنی میسر دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆژئاوا نزیك بە ٣٠٠ ساڵ بەر لە زایین و کاتێك کە ڕۆمییەکان بەشێکی زۆر گەورەی کولتووری یۆنانیان خستە ژێر دەسەڵات و پاوانی خۆیانەوە کاری وەرگێڕان بەها و گرینگی خۆی وەدەست هێنا. یەکەمین وەرگێڕانی ئەدەبی ناسراوی ڕۆژئاوا ***ئۆدیسەی*** هۆمێرە بە زمانی لاتینی کە لە ساڵی ٢٧٠ی بەر لە زایین و بە هەوڵ و تەقەللای لیۆیۆس ئادێریکۆسی شاعیری ڕۆمییەوە ئەنجام درا. (سەففارزادە، ١٣٦٣: ١٧).

پێش ئەو وەرگێڕان بە شێوەی زارەکی(شفاهی) و لە هەرێمی ئاییندا و بە تایبەتی لە کۆمەڵگا جوولەکەکاندا باو بوو. بانگەشەدەرەکان بۆ تێگەیاندنی تەورات خەڵکیان لە مەیدانەکانی شاردا کۆوە دەکرد ئەو شتەی کە لە قسەکانی خودا ناڕوون و لێڵ بووایە ڕاڤەیان دەکرد. وەرگێڕانی نووسراوەی تەورات لە لایەن هەفتاو دوو کەس لە زانایانی جوولەکە لە سەدەی دووی بەر لە زایین بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای جوولەکەی دانیشتووی ئەسکەندەرییە ئەنجام درا کە ئەو کات سێ لە چواری حەشیمەتی ئەم ناوەندە کولتوورییەی پێك دێنا و بە زمانی یۆنانی قسەیان دەکرد، هەڵبەت هەمیشە وەك وەرگێڕانێکی وشە بە وشە و ناڕوون باسی ئەم وەرگێڕانە دەکەن.

بە سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی و پەرەگرتنی لە شوێنە جیا جیاکانی جیهان، کاری وەرگێڕانی ئینجیلیش بە زمانەکانی لاتین، سریانی، قبتی و ئەرمەنیش دەستی پێکرد کە هەڵبەت هەمووان وەرگێڕانگەلێکی لەبز بە لەبز و وشە بە وشە بوون. هۆی ئاراستە(رویکرد)ی وەرگێڕەکانی ئینجیل بە وەرگێڕانی وشە بە وشە و لە ڕەهەندی واتاییەوە زۆر ناڕوون، ئەوە بوو کە ئەسحاب و مەسیحییە دەمارگرژەکان، پاراستنی وێنەی سەرەتایی دەنگ و قسەی خوایان بە شتێکی زۆر پێویست دەزانی و هەر بەم هۆیەوە بۆ وێنە وەرگێڕانی نالەبز بە لەبزی(ناوشە بە وشە)ی جرووم، یەکەمین کەس کە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا وەرگێڕانێکی ڕەوان و ڕوونی لە پەیام و نێوەڕۆکی ئینجیل بەدەستەوە دا، لە گەڵ ڕەخنەگری توندی وەرگێڕەکانی دیکە، خوێنەران و کۆمەڵگای ئایینی کاتۆلیکی(کاسۆلیك) ڕووبەڕوو بۆوە.

لە نیوەی دووهەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەدا سێ ڕەوتی گرینگی وەرگێڕان لە ئەورووپادا هەبوو: لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، لە عەرەبییەوە بۆ عیبری و لە یۆنانییەوە بۆ لاتین. ڕەوتی یەکەم نیشاندەری زانستی ژیاری ئیسلامی بە ئەورووپای ڕۆژئاواییە، ڕەوتی دووهەم نیشاندەری قەبووڵ بوونی زۆری ژیاری ئیسلامی لە لایەن جوولەکەکانی ئەورووپای مەسیحییە و ڕەوتی سێهەم باس لە کەڵك وەرگرتنی ئەورووپا لە زانستی سەردەمی کلاسیکی و دێرین دەکا. ڕەوتی یەکەم واتە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ لاتین، گرینگتر و لە ڕەهەندی چەندایەتییەوە لەو دوو ڕەوتەی دیکە گەورەتر بوو بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەهەم بەدواوە کاری وەرگێڕان لە نێوان زمانە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانێکی زۆرتری بە سەرداهات. جگە لە لاتین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ ئیسپانیایی و پۆرتە. جگە لە لاتین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ ئیسپانیایی و پۆرتەغالیش کرا و هەروەها گەلێك کتێبی لاتین بە زمانە تازەکانی لاتین لە ئەورووپایی ڕۆژئاوایی، بۆ وێنە بە ئیتالیایی و فەڕانسەوی و هولەندی، وەرگێڕدران. بەمشێوەیە ڕەوتێك کە لە زمانی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتبوو لە ڕێگای زمانی لاتینەوە کە ئەو کات زمانی نێونەتەوەیی ئەورووپای ڕۆژئاوایی بوو ڕێی بۆ گەلێك زمانی دیکە برد و پەرەی گرت، ئەم بەریانییە پەرەگرتووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەمدا بە لوتکە گەیشت. (مینۆڤا، ١٣٧٦: ٥٥ — ٥٤).

جۆرج سارتێن سی و چوار ڕەوتی وەرگێڕانی ژماردووە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانەی خوارەوەی لە بەرچاو گرتووە:

**ئا** — دوو ڕەوت کە لە خزمەت کۆمەڵگای جوودا بوو، واتە وەرگێڕان لە عەرەبی و لاتینەوە بۆ عیبری، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر لە ڕەهەندی چەندایەتییەوە لە ڕەوتەکانی دیکە گرینگتر بوو. نزمبوونەوەیەکی ڕێژەیی ڕەوتەکانی وەرگێڕان لە عەرەبی و عیبرییەوە بۆ لاتین — کە پێشتر بە سەر ڕەوتەکانی دیکەدا زاڵ بوو — دەکرێ تارادەیەکی زۆر بە بەرهۆی زیادبوونی وەرگێڕانی بێ ئەملاو لا لە عەرەبی و عیبرییەوە بۆ زمانە تازەکانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژئاوا بزانین.

ب — زمانە سەرەتاییەکان کە بە زۆرترین ژمارەی زمانەکان وەردەگێڕدران بە پێی پلە بە پلە بریتی بوون لە : لە لاتینەوە( بە هەشت زمان) عەرەبی (بە شەش زمان) و فەڕانسەیی (بە چوار زمان). بە پێچەوانەی زمانە مەبەستەکان کە دەقەکانی زۆرترین ژمارەی زمانەکانیان وەردەگێڕدرایە سەر ئەوان بە پێی پلە بە پلە بریتبوون لە لاتین و فەڕانسە (لە چوار زمان) و عیبری (لە سێ زمان). زاڵبوونی زمانی لاتین لە هەر دوو لای سەرەوەدا نیشان دەدا کە ئەم زمانە لەو کات دا سەرچاوەی زانست بووە.

ج — ئەوە کە وەرگێڕان لە نێوان هەر دوو زمانی دیاریکراودا لە یەك ڕەوتدا ئەنجام دەدرا یان لە دوو ڕەوتدا، یەکێك لە سەیرو سەمەرەترین لایەنەکانی ئەم بابەتەیە کە کولتوور بە چ شێوەیەك پەرەی پێدرا و زانیاری بە چ شێوەیەك گوازرایەوە. لەو سی و چوار ڕەوتە وەرگێڕانە، تەنیا چوار ڕەوت (یا هەشت ڕەوت ئەگەر هەر دوو ڕەوتەکانی دوو لایەنە بژمێرین) دوو لایەنە بوو" ڕەوتەکانی دیکە هەموان ڕەوتگەلێکی یەك لایەنە بوون. چوار ڕەوتی دوو لایەنە لە نێوان عەرەبی و عیبری، یۆنانی و لاتین، لاتین و عیبری و لاتین و فەڕانسەوی بوو. ئەوەی کە وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر لاتین دەکرا بەڵام بە پێچەوانەکەی نا، هۆی ئەوەیە کە زمانی عەرەبی لەو کاتەدا تەنیا سەرچاوەیەکی فێربوونی زانست بووە و بەس، ڕەوتە دوو لایەنەکانی نێوان زمانی لاتین لە لایەك و زمانەکانی یۆنانی، عیبری و فەڕانسەیی لە لایەکی دیکەوە نیشان دەدا کە زمانی لاتین، سەرچاوەیەکی هاوبەش بووە.

د — وەرگێڕان هێندێکجار زیاتر بە مەبەستی پڕۆپاگەندەی بە ئەنقەست دەکرێ نەك دابین کردنی پێداویستییە کردەییەکانی خوێنەر. بۆ وێنە ئەم شتە لە وەرگێڕانی لە لاتینەوە بۆ یۆنانی لە گەڵ ئەرمەنی وەبەرچاو دەکەوێ. (مینوڤا، ١٣٧٦: ٥٦)

هەڵبەت تێبینییەکانی سارتێن زۆر بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەورووپا بە چ شێوەیەك لە ژیارە ئیسلامی و یۆنانییەکانەوە فێری زانست بوو. ئەو باسی ئەو ڕەوتانەی وەرگێڕانی کردووە کە بۆ زمانەکانی ئەورووپایی و بۆ وێنە لاتین، و بۆ عیبری بۆ دانیشتوانی جوولەکەی ئەورووپایی، ڕوویداوە بەڵام هیچ شتێکی لە سەر ڕەهەندی پێچەوانەوە نەگوتووە. ئەو تەنیا سەرنجی بە بوارێك داوە کە توانایی نوێسازی بە ئەورووپا بەخشی و جیهانی نارۆژئاوایی لە پێشنەکەوتندا ڕاگرت کە ئێستاشی لە گەڵ دا بێ درێژەی هەبووە.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا سەرقاڵبوون بە کاری وەرگێڕانەوە لە کۆمەڵگا کولتورییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواییدا لە هەموو لایەکەوە پەرەی گرت. بەوەدا کە بزاڤی ئۆمانیست (مرۆڤخوازی)ەکان کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی مرۆڤ و مافی ژیان و شادبوونی هەبوو سەرووبەخشی ئەم بووژانەوەو نۆژەنییە کولتوورییە بوون، پێکهێنانی پێوەندی بەربڵاوتر لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەولەویەت و سەرووتربوونێکی تایبەتی بە خۆوە گرت. پێشڕەوانی ئەم بزاڤە، هێندێك کەسی وەك پێترارك، بۆکاچیۆ و دانتە بە مەبەستی گەڕان لە هەقیقەتە کۆنەکان سەرقاڵی تۆژینەوە لە کولتور دێرینەکانی ڕۆم و یۆنان و بەرهەمە کلاسیکییەکانیان بوون. خوێندنەوەکانیان تەنیا ئەدەبی نەبوو بەڵکو گەلێك لق و پۆپی دیکەی هوونەری و هەروەها زانستی و مێعماری و پەیکەرتاشیشی لە خۆ دەگرت.

بزاڤی ئۆمانیستەکان لە ئیتالیا لە دایك بوو، چووە فەڕانسە و لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەم گەیشتە ئینگلیز و تەنانەت دەرباری هێنری هەشتەم بوو بە ناوەندی ئۆمانیستەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی یۆنان و ڕۆم بە ئینگلیزی وەرگێڕدرا و باندۆرێکی قووڵی لە سەر ئەدەبیاتی ئینگلیز دانا. بو وێنە ڕۆمێئۆ و ژوولیت شکسپێر بە ئاوازە بە کۆمەڵ و کۆرسییەکانی یۆنانی دەست پێدەکا و لە کاتی چیرۆك دا — کە گۆیا خۆی وەرگرتنێکە لە چیرۆکە ئەویندارەکانی سەدەی چوارەمی پێش زایین یۆنانی— گەلێك هێمای کۆن و ئۆستوورەیی وەبەرچاو دەکەوێ.

# یەکەم پاچ لێدان لە گوڵزاری خاوەران

## بیرەوەرییەك لە خاوەران

### بەشی یەکەم

نووسینی: موزەفەر
وەرگێڕانی حەمەرەسووڵ کەریمی

یــەك مــانگ دوای کوشــتاری زیندانییانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هــەتاویدا، لــە شــوێنی پاســەکان "ترمینال" لە مەیدانی ئازادی بـووم‌و دەمویست بچمەوە کرماشان. خوشکم نـەخۆش بـووو منـیش زۆر پەشـێوو ناڕەحەت بووم، لەبـەر ئـەوە وەڵامـی بۆناردبووم کە بگەڕێمەوەو چاوم پێـی بکەوێ. هەموو هـۆش‌و بـیرم بـەوەوە خەریك بوو کە بڵێی خوشکم زینـدوو بمێنێتەوە یا نا؟

بۆچـی وا بـیرم دەکـردەوە؟ ئـاخر کاتێك تەلـەفونم بـۆ ماڵـەوەیان کـرد کـەس تەلـەفونی هەڵنـەگرت، بـە درێژایی رۆژ تەلەفونم کردو هـەوڵێکی زۆرمدا بـەڵام نـەمتـوانی پێوەنـدییان پێـوە بکـەم. هـەر بۆیـە نیگـەران‌و پەشێوحاڵ بووم.

هـەر لـە منـداڵیڕا لـە تەنیشـت خوشکم گـەورە ببـووم‌و لـە ئـازیزانی دیکەی خۆمم خۆشـتر دەویسـت. ئـەو بە سێ ساڵ لە من گەورتر بوو، بـەڵام دەتگوت پێکەوە بە زگێـك لـە دایـك بووین‌و زۆر ئۆگری یەکتر بووین.

پاسەکە کاتـژمێر ٩ی شـەو وەڕێ دەکەوت‌و منیش لە کاتـژمێر ٥ڕا لـە شوێنی پاسەکان بووم، تەواوی گەراج‌و شوێنی پاسەکانی دیکە گـەڕام، بـەڵام هیچ یەك لە پاسەکان پێش کاتـژمێر٩ وەڕێ نەدەکەوتن.

نێزیك کاتـژمێر ٦ بـوو چـاوم بـە پیاوێك کەوت کە جلوبەرگی کـوردیی لەبەردا بوو، بە قـژی سـەری ڕا زانـیم کـە یەکێکـە لـە دەروێشـەکانی تەریقەتی قادری.

دەگریا، ئاه و ناڵەی ئەو دەروێشە دڵی هەموو ئەو کەسانەی کە چـاویان لـێدەکرد وەلـەرزە دەخسـت، لـە نیگایدا تەنیا داوای یارمەتی‌و دەست گرتن دەباری، ئەمنیش وەکوو هەموو ڕێبوارەکانی دەوروبەری بیرم دەکردەوە کـە ئـەو گریـان‌و ناڵـەو هاتوچۆیەی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی پارەیـەو بـەس، بەڵام کاتێك کە چاوم پێکەوت پـووڵ‌و پارە لە خەڵك وەرنـاگرێ، لێی‌چـوومە پێش‌و سڵاوم لـێکردو حاڵ‌و ئەحواڵیم پرسی.

شـتێکی ئـەوتۆی نـەگوت، تـەنیا ئەوەندە گوتی "پیاوێکم دەوێ دەستی یارمەتی بداتە دەستم‌و پێم بڵـێ کـە خاوەران لە کوێیە؟"

مـنیش بەسەرسـوورمانەوە گـوتم خاوەران"؟

گوتی: "بەڵـێ خاوەران"

بـەڵام دیسـان لـە مەبەسـتی نەگەیشتم، پێم گوت باشە ئێستا بـۆ دەگـرێ؟ ئـەمن دەزانم خـاوەران لـە کوێیە.

بە خـاوەرانم دەزانـی، چـووبوومە کوورەخانەکانی خـاتوون ئـاوا، چـەند سـاڵێکیش لـە دەوروبـەری گۆڕەپـانی خوراسان‌و تـیر ژیـا بـووم‌و زۆر چاك دەمزانی خاوەران لە کوێیە.

هەر کە بیستی بە خاوەران دەزانم، بـە هـەردوو دەسـتان یەخـەی گـرتم‌و گوتی: "دەبێ پیاوەتیم لەگەڵ بکـەی‌و ئەمن بگەیەنیە ئەوێ."

بـە بزەیەکـەوە پـێم گـوت ئـەمن ڕێبوارو مسافیرم‌و خوشکم نەخۆشـەو لە بەیانی‌یەوە سەبارەت بـە نەخۆشـیی خوشـکم کـارو ژیـانم بەجێ‌هێشـتوە، پاسـەکە کاتـژمێر ٩ وەڕێ دەکـەوێ‌و لێـرەڕا هـەتا خـاوەران ٣ کاتـژمێر ڕێگایەو لـە پاسـەکە بـەجێ دەمێـنم، ئەمن ڕێنوێنیت دەکەم کە چۆن بچی بۆ ئـەوێ، بـەڵام پـێم نـاڵێی بـۆ ئـاوا پەرێشـانی؟ منداڵـەکانت لـە



کورەخانەکاندا کار دەکـەن؟ دەتهـەوێ سەریان لـێ‌هەڵێنی‌و بیان بینی؟

دەنگی گریان‌و ڕۆڕۆی بـەرز بـۆوە، بیستن‌و بینینی ئەم دیمەنە دڵی هـەموو لایەکی ئازار دەدا.

تکام لـێکرد کـە ئۆقرە بگرێت، دەسـتی زۆر بـە تونـدی گـرت بـووم هێزێکی زۆری هەبوو هەر بۆیە توانـای کشـانەوەو دەربـازبوونم نـەبوو، ڕای‌کێشـامە قوژبنێـك‌و گـوتی: "کوڕەکـەم نـاوی محەمـەد بـوو پێشـمەرگەی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتانی ئێـران بـوو، بـەڵام نـازانم بۆچی پـاش ماوەیـەك هاتـەوەو خـۆی تەسلیم کردەوە، کەس کاری پێنـەبوو، بۆ وەدەستهێنـانی پاروەوە نانێـك بـۆ ئێمە هاتە تاران، لە نێو ئاسنەواڵەکان (جێگایـەك کـە وردە ئاسـن‌و لەتکـە ئاسنی بـە سـەر یـەكدا داگـرتن‌و بـە شـوێنی تواندنـەوەی "ئاسـن"یـان دەفرۆشتەوە)دا کاری دەکرد، ٩ مـانگ بوو لە گۆڕەپانی شووش کـاری دەکـرد، شـەوێك پاسـدارەکان دەچـنە شـوێنی کارەکـەی‌و کوڕەکـەم دەسـت بەسـەر دەکەن.

بـە هـۆی دۆسـتەکانی لـە گیرانـی ئاگادار کرام‌و هاتمە تاران‌و چـوومە لای نوێنەری مەجلیس‌و بە یارمـەتیی ئـەو توانیم لە بەندیخانەی ئیوین چـاوم پێـی بکەوێ.

هـەر دوو مـانگ جارێـك دەهاتمـە تاران چاوم پێی دەکەوت‌و دەگەڕامەوە، ئەمڕۆ بەیانی چوومە بەندیخانەی ئیوین پێیـان گـوتم کـە کوڕەکـەت لـە "خـاوەران"ە ژمارەیەکیشـیان دایـە دەسـتم، سـەرەتا وام زانـی "خـاوەران"یـش بەندیخانەیـە، لـە بەردەرگای بەندیخانە لە ژن‌و پیاوێك کە هاتبوونە سەردانی کچەکەیان پرسـیارم کرد کە چۆن دەتوانم بچمە بەندیخانـەی خاوەران؟

ئەوان چاویان لە یەکتر کردو گوتیان نازانین. ڕێم گرتەبـەر کـە بـڕۆم، گـوێم لـێبوو ژنەکە بە مێردەکـەی دەگـوت، گوناحت دەگاتێ مەسەلەکەی پێبڵێ.

پیاوەکەش پێی گوتم ئەوەی ڕاسـتی بێ ئەمن نازانم خاوەران لەکوێیە بـەڵام بیستوومە کـە ئـەو کەسـانەی کـە لـە مانگی خەرماناندا ئێعـدام کـراون لـە زەوی‌یەکانی خاوەراندا ناشتوویانن.

چـاپۆکێکم بەسـەری خۆمـدادا‌و گەڕامەوە لای پاسەوانی بەر دەرگاکـەو گوتم: "ئەتۆ شیعەی‌و منـیش سـوننی، سوێندت دەدەم بە ئیمـامی عـەلی کـە بۆخۆشـم دەروێشـی ئـەوم‌و هـەروەها سوێندت دەدەم بە ئیمـامی حوسێنت، ڕاستیم پێبڵـێ خاوەران بەندیخانەیە یـا گۆڕستان؟

پاسەوانەکە وەرسووڕایەوەو گـوتی : "بەنـدەی خـوا ئـەو شـوێنە نـە بەندیخانەیەو نەگۆڕستان، ئەو کافرو لـە دیـن وەرگەڕاوانـەی کـە ئێعـدامیان دەکەن، دەیانبەنە ئەوێندەرێ‌و لـە ژێـر خاکیان ڕۆ دەکەن ئـەو ژمارەیـەی کـە پێیـان داوی ژمـارەی گۆڕەکەیـەتی‌و شانست هێناوە کە ژمارەیان پێداوی.

بەڵـێ "ئێستا دەمهەوێ هەرچۆنێك بێ بچـمە سـەر قـەبرەکـەی، ئـەگینا چ وەڵامـێکم بـۆ دایـك‌و خوشـکەکانی پێبـێ. دوای ئـەو قسـانە دیسـان لـە بانگ‌و ڕۆڕۆی دا.

سـەبارەت بـە کوشـتاری زۆری زیندانییانی سیاسـی شـتی جۆراوجـۆرم بیستبوو، هێستا یـەك مـانگ بەسـەر ئـەو کارەسـاتەدا تێپـەڕ نـەببوو هەواڵەکەش وڵاتی تەواوی دانـەگرتبوو. ئەوەم نەبیستبوو کە کوژراوەکان دەبەنە زەوی‌یەکانی خاوەران‌و لەوێ بە خاکیـان دەسپێرن. چارەنووسی ژیانی خۆشم لـەو کـات‌و هەلومەرجـەدا بـۆ بـاس کـردن نەدەبووو بۆخۆشم تا ڕادەیـەك لـە ژێـر کـۆنترۆڵ دابـووم‌و بـەدوامدا دەگـەڕان. هـیچ پەیوەندییـەکم لەگـەڵ ڕێکخـراوە سیاسی‌یەکان نەبوو. بنەماڵەکـەمم بـۆ ئـاوایی بـەڕێ کربوونـەوەو بۆخۆشـم بەدوای کـاردا دەگـەڕام‌و ژوورێکـم لـە "سرآسیاب" بـەکرێ گرتبـووو زۆر بـە دژواری ژیانم تێپەڕ دەکرد.

بۆخـۆم یـەکێك لـە کرێکـارە سیاسی‌یەکان بـووم‌و دەبـوو کارەسـاتی کوشـتاری زینـدانییانی سیاسـی منـی بـۆلای ئـەو ڕووداوە ڕاکێشـا بایـە، نەدەکرا هەر ئاوا بـە سـووك‌و سـانایی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا باز بدەم‌و هـیچ هەڵوێسـتێکم نـەبێ. لـە دڵـی خـۆمدا گوتم: ئێستا کاتێکی زۆر بـاش هاتۆتـە پێش کە بچی‌و سـەردانی گۆڕستانەکە بکـەی‌و لـە ڕاسـتی‌و دروسـتیی کوژراوەکان سەردەربێنی‌و بە ژمـاردنی گۆڕەکان ڕادەی کوژراوەکانـت بـۆ ڕوون بێتەوە.

تـا ڕادەیـەك ڕازی ببـووم کـە بچـم بەڵام دوو دڵ بـووم، ئـەدی نەخۆشـیی خوشـکەکەم؟ ئەگـەر بێتـو خوشـکم بمرێ‌و چاوم پێی نەکەوێ، دەبـێ هـیچ کات خۆم نەبەخشم‌و لـە داخـان دڵـم شەق دەبـا. مێشـکم ئـاڵۆز بـوو بـیرم دەکـردەوە.... ئـەدی ویـژدان‌و مرۆڤایـەتی؟ ئـەو هـەموو ئـاوات‌و ئارەزووانـە چـی؟ ئیـدعای گـەورەو شۆڕشگێڕبوونم لەچـی؟ ڕاسـتە بەشـی تەشکیلاتی، کاتی خۆی هیچ گوێیـان پێنەدام‌و بە جێیان هێشتم، بەڵام خـۆ مـن نابـێ لەبـەر کـردەوەی ناحـەزی ئـەوان، ئـاوات‌و ئامانجـەکانی خـۆم پێشێل بکـەم. بیرێکم بـە مێشـك دا هـات، پرسـیارێکم لـە دەروێـش کـە ئێستا دەمزانی ناوی چی‌یە، کرد.

دەروێش مـەولوود گیـان پێکـەوە دەگەڕێینەوە بۆ کرماشان‌و شـەوێ لـە ماڵی خوشکم دەمێنینـەوەو بـەڵێنیت پێدەدەم کە بەیانی بتهێنمەوە تـاران‌و پێکەوە بچین بۆ خاوەران، باوەڕت بێت ئەگەر خوشکم نـەخۆش نەبایـە هـەر ئێسـتا لەگـەڵت دەهـاتم، ئـەوڕۆ لـە بەیانی‌یـەوە هـەوڵ دەدەم کـە پێوەنـدی‌یان لەگـەڵ بگـرم، بـەڵام بەداخەوە کـەس تەلـەفون هـەڵناگرێ، دەبـێ شـتێك ڕووی‌دابـێ بۆیـە داوای لـێبوردنت لـێدەکەم، بەڵام قەول بێت بگەڕێمەوە لەگەڵت بێم بۆ خاوەران.

دەروێـش ڕووی تـێکردم‌و گـوتی باشە بۆچی جارێکی‌تر تەلـەفون بـۆ مـاڵی خوشـکت ناکەیـەوە، بـە دڵـم داهاتوە کە خوشکت وەڵام دەداتـەوەو



تندروستشیی زۆر باشە.

ئـەمن کومونیسـت بـووم‌و بـەو قسانەی دەروێـش‌و مەشـەیاخان هـیچ بـاوەڕێکم نـەبوو، بـەڵام لەبـەر دڵـی بریندارو شکاوی دەروێش گـوتم باشـە بابڕۆین‌و زەنگێك لـێبدەین، دووبـارە دەستی گرتم‌و گوتی ئاوا نـابێ، بـەڵێن بدە ئەگەر خوشکت تەندروستیی بـاش بوو، لە سەفەرەکەت پەشیوان ببیەوەو ئەمن بگەیەنیتە خاوەران.

بەبزەیەکەوە قەول‌و بـەڵێنم پـێداو زەنگـی تەلـەفونم بـۆ مـاڵی خوشـکم لـێدا. هەموو شتێك ڕێك‌و تەواو بـوو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خوشکم قسەمان کردو لـە حـاڵ‌و گـوزەرانی یـەکترمان پرسی، زۆر بێتاقەتی دیتنی من بـووو قـەولی لـێوەرگرتم کـە بچـم سـەری بدەم، قەولم پێدا کە بە زووترین کـات سەردانی دەکەم. (بـەڵام بەداخـەوە تـا ئێستاش ئەو بەڵێنی‌یەم بـۆ جێ‌بەجـێ نەکراوە).

****

ڕۆژی دوایی کاتـژمێر ٦ی بـەیانی لەگەڵ دەروێش مەولوود لـە سـەفێکی دوورو درێژی کرێکارو زەحمەتکێشاندا ڕاوەسـتاین کـە چـاوەڕوانی هـاتنی مینی‌بووسـیان دەکـرد. کرێکـارو زەحمەتکێشەکان بە پەلە بوون کـە خـۆ بگەیەننە سـەر کـاری ڕۆژانـەیان لـە دەوروبـەری ئەفسـەریەو ڕێگـای خوراسان‌و کورەخانەکانی خاتوون ئاوا.

دەروێـش مـەولوود زۆر بێقـەرار بوو، جار جار دەگریاو جارجاریش وەك زکرکـردن یـاهوی یـاهوی دەکـرد، تـا ڕادەیـەك خـۆی زەق کردبـووەو خـەڵك چاویان لـێدەکرد. هێندێك دڵەخورپـەم لـێپەیدا ببـوو کـە ڕەنـگ بـێ ئـەو هەڵس‌وکەوتانەی مام دەروێش تووشـی بەڵایەکمان بکـا. بـۆم بـاس کـرد کـە نەکوو پیاو خـراپ‌و کەسـانی بێبـاوەڕ لێرە بن‌و بـەو هـەڵس‌و کەوتانـەی تـۆ ناڕەحەت بن‌و هان بدرێن‌و کۆسپمان بۆ بنێنەوە، نەتوانین چاومان بـە خـاوەران بکەوێ.

دوای ئەو قسانە شـەرمم لـە خـۆم دەکـرد، ڕووم نـەبوو کـە چـاو لـە ڕوخساری سووتاوو ناوچـاوانی پـڕ لـە گنجی بکەم، تەنیا ئەو گریـان‌و یـاهو یاهو کردنە بوو کـە دەروێشـی لەسـەر پێ ڕاگرتبوو، منـیش لـە ترسـی خـۆم ببوومـە کۆسـپێك لـە سـەر ڕێگـای دەربڕینـی کـوڵ‌و جۆشـی دەروونـی. دەمزانـی لـە دەروون دا بـە چەشـنی کورەی ئاسنگەران گڕی گرتووە ئێسـتا پشـوو دەخواتـەوە. بـەڵام ڕێگاچـارە نەبوو. نۆرەمان هات‌و چـووینە نێزیـك مینی‌بووسەکە، لە سەرخۆ لە سـەفەکە هاتمەدەرو خۆم گەیانـدە لای شـاگردی مینی‌بووسەکەو زۆر بـە هێواشـی‌و بـە سرتە بە گوێیدا چرپاند کە گەورەییمان لەگـەڵ بکـەو ئەگـەر دەزانـی ئـەو گۆڕستـانە لـە کوێیـە ئێمـە لـەوێ دابەزێنە. بـە دەنگێـك کـە تـەنیا لـە لۆمپێنان دەوەشـێتەوە گـوتی: "ئـەوە کە بۆ نهێنی نابێ هەر کاتێـك هـاوارم کـرد لەعنـەت ئـاوا وەرە پێشـێ‌و دابـەزە" لـە جوولـەی دەم‌و فلچـیڕا تێگەیشـتم کـە لـۆمپێنی بـەر دەرگاکانی مزگەوت‌و حیزبوڵڵا نی‌یـەو هـیچ مەترسـی‌یەکی نی‌یـە، بـەڵکوو گەنجەو پێی خۆشـە هـەروەك زەمـانی "شا" وەك لۆمپێنی بەردەرگای گاراج بمێنێتەوە.

ماشێنەکەمان هەورازەکانی ڕێگای خوراسانی تێپەڕ کردو گەیشـتە ڕێگـا پڕ لـە چـاڵ‌و قووڵکـەکانی خـاوەران‌و هەروا سەرەولێژو هەورازەکانی ڕێگـای دەپێوا. هەستم دەکرد دڵ‌و دەروونم لـە حـاڵی جۆشـان دان‌و ڕەگـەکانی ملـم گـەورەتر ببـوون. گـوێم لـە دەنگـی لێدانی دڵم بوو، نازانم لە ترسان بوو یا لەو هەستەی کە لە دڵمدا بوو، ڕەنـگ بێ هەردووکیان بوو بن.

شـاگردی مینی‌بووسـەکە هـەر بـە شـێوەی زاری خـۆی هـاواری کـرد "لەعنەت ئاوایی‌یەکان بەخێر چن" بە خۆشـی‌یەوە دەروێـش مـەولوود لـەو جۆرە مانایانە حاڵی نەدەبوو، ئـەگینا دڵـی زۆر زامـدار دەبـووو ئەگـەری ئەوەشی هـەبوو کـە خۆشـی تووشـی کێشەیەك بکـا. دەسـتم گـرت‌و گـوتم دابەزە . (گۆیا لە دوایـی‌دا بنەماڵـەی قوربانی‌و کوژراوەکان، کە هاتوچۆیان بـۆ ئـەو شـوێنە زیـادی کردبـوو، شاگردەکان لە گوتنی وشەی لەعنـەت ئاوا خۆیان پاراستوە).

خـۆر بـەرز ببـۆوەو گـەرمای خۆرەتاومـان هەسـت پـێدەکرد، ڕێگایەکی دیکەی لێنەبوو جیا لـەو ڕێگا خۆڵاوی‌یە نەبێ، بەبێ قسە کردن ملی ڕێگامـان گـرت‌و وەڕێ کـەوتین، نازانم چەندەمان ڕێگا بـڕی، هـەر لـە دوورەوە دەنگی قەلەڕەشـەو هێنـدێك باڵندەی دیکەمان گـوێ لـێبووو تـا نێزیکـتر دەبووینەوە دەنگـە دەنگەکـە زۆرتر دەبوو، جیا لەو دەنگانە، دەنگی وزەوزی مێشـوولە ناوچـەکەی پـڕ کردبوو، تەپۆڵکەیـەك لـە گـڵ‌و خـۆڵ سرنجی ڕاکێشام‌و لێی نێزیك بوومەوە، دەروێش مەولوود خوێندەواریی نەبوو، نووسراوەیەکی دەستنووسـم خوێنـدەوە کە نووسرابوو گۆڕستانی بـە کۆمـەڵی شەهیدانی موجاهید. ئەوەش نیشـانی دەدا کـە پـێش ئێمـە کەسـانێکی دیکەش هاتبوونە ئەو شوێنە.

بە باشـی دیاربوو کـە بـە شـۆڤڵ "بۆلـدزێر" گـڵ‌و خۆڵێـان بەسـەردا کردبوون، سەر ئەو تەپۆڵکـە خۆڵـەیان دۆغاوی قسڵ‌و گەچ پێدا کردبوو، پـێم وابـێ ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بـوو کـە تەرمی کوژراوەکان زوو لە نێـو بچـن. بە دەروێشم گـوت ئێـرە "خـاوەران"ە بەڵام وەك دیارە هیچ ژمارەیەکیان لـە سەر نیە، بێدەنگ‌و مـات‌و مـەلوول دەیڕوانی‌یە دەوروبەری خـۆی، هیچـی نـەدەگوت‌و گـوێی لـە هـیچ شـتێك نەبوو، وێدەچوو هەسـتی کردبـێ کـە لێـرە کارەسـاتێکی قـورس‌و جینایەتێکی گەورە ڕووی دابێ

هـەروا درێـژەمان بـە گـەڕانی خۆماندا، قەلەڕەشەکان زۆر بە سەیری هێرشـیان هێنـابوو مێشـوولەکان بـە کۆمەڵ لە پێشمان هـەڵدەفڕین، بـۆنی کوژراوەکان هەموو لایەکی داگرتبـوو، تەنانەت دەروێش مەولوودیش لەبـەری وەئـازار هـاتبوو، جامانـەی سـەری کـردەوەو لـە دەوری دەم‌و لـووتی هاڵانـد. بـەیانی بـوو، تـەنیا مـن‌و دەروێـش مـەولوودو کۆمـەڵێکی زۆر مێشوولەو تەپۆ قەلەڕەشەو خۆرەتـاو نەبێ کەسی دیکە دیار نەبوو.

دەمڕوانی‌یـە دەوری خـۆم، سـەرم سـووڕمابوو، گۆڕەکـان دیـار نـەبوون، بـەڵام هەسـتم کـرد کـە بـە سـەر جەستەکاندا دەڕۆم، هەوڵم دەداو بـڕۆم کە پـێم نەکەوێتـە سـەر جەسـتەکان، دەنگـی ناڵـەو سـکاڵای دەروێـش مەولوود بەرز بۆوە.

سـەروکەللەی لاوێکـی بیسـت تـا بیست‌و پێنج ساڵە لە گڵەکـە هاتبۆوە دەرو بەشێکی زۆری گۆشـت‌و پێسـتی دەم‌و چاوی پێوە نەمابوو. دەروێش بـە ئاه و ناڵە کردنەوە هەوڵی دەدا بزانـێ کە ئایا کوڕەکەیەتی یا نـا، بـەڵام زۆر دژوار بوو کە بیناسێتەوە، بـە زمـانی کوردی‌و بـە شـێوەیەکی تایبـەتی لای کوردەکان بە دەم گریانەوە گلـەیی لـە خوای دەکـردو شـێعری دەخوێنـدەوە. کاتێك دڵنیا بوو کـە کوڕەکـەی نیـە. زۆر بـە گـورج‌و گـۆڵی‌و بـە هێزێکـی زۆرەوە بە دەسـتەکانی خـەریکی گـڵ وەسـەردانی دەم‌و چـاوو جەسـتەی کوژراوەکـە بـوو، لێـكدا لێـكدا دەی گوت: خـوا بتـان گرێـت‌و لەعنـەتتان لـێبێ، ئەی بێدینینە. (مەبەستی لـە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو).

# باسێك لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون

## وتووێژ لەگەڵ رامین جەهانبەگلوودا

(بەشی دووهەم)

وەرگێڕان: حامید ئەردەڵان

**رامین جەهانبەگلوو لە ناو کۆڕو کۆمەڵە رووناکبیرییە ئێرانیو رۆژئاواییەکاندا ناوێکی ناسراوە. جەهانبەگلوو بە روونکردنەوەی رێکوپێكو سادەی چەمکە ئاڵۆزەکان، بەناوبانگە. دەیانو بگرە سەدان وتووێژی وی لەگەڵ گەورە بیرمەندانو فیلسووفانی ناسراوی جیهانی بە زمانەکانی فەرانسەویو فارسی بڵاو بوونەتەوە. ئەم وتووێژەی لەبەر دەستتان دایە، لەمەڕ چەمکی هاووڵاتیبوون لەگەڵ جەهانبەگلوو کراوە کە بە شێوەی نامیلکەیەکی چکۆڵە، (وێڕای هێندێك نامیلکەیتر کە باسی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە چەمکە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیان لە خۆ گرتووەو لە بنەڕەتدا بە نیازی فێرکاریی رێك خراون) لە لایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی "اگر"ەوە چاپو بڵاو بۆتەوە.**

**پ: بەو هۆیەوە ئامادەبوونیان کاڵ تر بۆتەوە کە دڵنیان پانتایی تایبەتیان زەبری وێ ناکەوێ. چونکە ئەو پانتایییە تا رادەیەك سەربەخۆیی هەیە؟**

و: بەڵێ. لە سەدەی بیستەمدا ئازادی سەلبی لە بەرامبەر ئازادیی ئیجابیدا دێتە گۆڕێ.

**پ: ئازادی سەلبی یانێ چی؟**

و: مەبەست لە ئازادیی سەلبی مافی تاکەکسیی ئێوەیە. خودموختاری ئێوەیە. لێرەدا باس لەو لەمپەرانەیە کەلەسەر رێی ئێوە وەکوو تاکە کەسێك هەیە. لێرەدا باسەکە پێکهێنانی حکوومەت نیە.

**پ: کەواتە ئەگەر بمانهەوێ بگەڕێینەوە بۆ باسی پێشوومانو پێناسەیەك بۆ هاووڵاتیبوونی مودێڕن بخەینەڕو بە چەشنێك کە لە خۆگری هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان لێوە کردن، بێ، دەتوانین چی بڵێین؟ هاووڵاتیی مودێڕن کێیە؟**

و: هاووڵاتیی ئەمرۆیی، واتە هاووڵاتیی سەدەی بیستو یەکەمی هاووڵاتییەکە کە بە بڕوای من دوو لایەنی هەیە, لایەنێکی نەتەوەییو لایەنێکی جیهانی. ئەو لە کەشو هەوایەکی نەتەوەییو هەندێك کەشوهەوای چکۆلەتردا دەژیو بەرپرسیارییەکانی بە گوێرەی شوناسی نەتەوەیی یان رۆحی قەومیی خۆی دیاری دەکرێ.

بەڵام لە سەدەی بیستو یەکەمدا باسی کەشوهەوای جیهانیش لە گۆڕ دایە. لەم کەشو هەوایەدا هاووڵاتییان لەپاڵ شوناسە میللیو قەومییەکانی خۆیان، شوناسێکی جیهانیشیان پەیدا کردووە. شوناسی جیهانییە بەرپرسایەتیی جیهانییشی پێك هێناوە. ئەو هاووڵاتییەی لە سەدەی بیستو یەکەمدا دەژی وەکوو هاووڵاتیی دەورانی رێنسانس نیە. شارۆمەندێکە دەبێ سەرنج بداتە توێژی ئۆزۆنیش، سەرنج بداتە لەناوچوونی ژینگەش. دەبێ بۆ پێشگرتن لە شەڕی ئەتۆمیش تێبکۆشێو ئەوانە گشتیان بەرپرسایەتییە جیهانییەکانی ئەون.

**پ: کەواتە کاتێك ئێمە باسی هاووڵاتی دەکەین، هەمووی هەر ماف نیە، ئەركو بەرپرسایەتیش لە گۆڕێ دایە. ئەركو ماف پێکەوەن. ئەو ئەركو مافانە چۆن دیاری دەکرێن؟**

و: یەکێك لەبیرمەندان قسەیەکی جوانی کردوە. ئەو گوتوویە، بەرپرسایەتی هەمیشە بەر لە ماف پێك دێ. تۆ بۆت نیە ئەركو بەرپرسایەتیت نەبێو هەر بە تەنیا بەدوای مافەکانتەوە بی. من پێم وایە هاووڵاتیی ئەمرۆ کەسێکە کە ئەرکەکەی، مافەکەی دیاری دەکا. تاکەکەسەکان لەوانەیە لە وڵاتێکدا زۆرتر داکۆکی لە مافی تاکە کەسیی خۆیان بکەنو لە وڵاتێکیش دا کەمتر. بەڵام هەموو لەسەریانە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەیان تێبکۆشن. [لێرەدا جەهانبگلوو باسی ئەوە ناکا ئەگەر لە وڵاتێکدا بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات مافی تاکەکەسیو جەمعی کەسو نەتەوەکان پێشێل بکرێو لە راستیدا پاراستنی یەکپارچەیی وڵات لە چەمکە راستەقینەکەی خۆی بەتاڵ بێتەوەو ببێ بە گۆپاڵی دەستی ئەو کەسانەی بڕوایان بە مافی هاووڵاتیبونو مافی مرۆڤ نیە، ئەودەم چار چییە. وەرگێڕ]

**پ: بەم پێیە هاووڵاتیی چاك چ هاووڵاتییەکە؟**

و: لە زەمانی قەدیم، واتە لە زەمانی ئەرەستوودا بڕوای زاڵ ئەمە بوو کە هاووڵاتیی چاك ئەوەیە کە فەزڵی هەبێو فەزڵەکەشی لە پێناو بەختەوەریی کۆمەڵگاکەی بێ. لە روانگەی منەوە ئەمرۆ هاووڵاتیی چاك ئەو هاووڵاتییەیە کە بەرپرسانە هەڵ بسووڕێ.

**پ: واتە هاووڵاتیی چاك هاووڵاتییەکە کە وێڕای دەست ڕاگەیشتنی بە مافو ئازادییەکانی بەرپرسایەتییەکانیشی بەڕێوە ببا.**

و: بێگومان وایە. هاووڵاتیی چاك ئەوەیە بە تەواوی ئاگاداری دۆخی خۆیو ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی بێ. کارەساتەکە ئالێرەدایە کە لە وڵاتی ئێمەدا خەڵك ئاگاداری ئەركو بەرپرسایەتییەکانی خۆیان نینو نازانن کارەکانیان چ ئاکامگەلێکیان بە دواوەیە.

لە رژاندنی زبڵو زاڵەوە بگرە هەتا پشت گوێ خستنی رێساکانی ترافیكو دروست کردنی خانووبەرەی بێ شوناسو بێ بەرنامە، گشتیان نموونەی تێکدانی کەشوهەوای ژیانە. ئەرکی هاووڵاتییان پارێزگاری لە کەشو هەواکانی ژیانە. مانەوەی کۆمەڵگا بە بڕوای من پێویستی بە چالاکیی بەرپرسانەی هاووڵاتییانە. ئەگەر بەرپرسایەتیی هاووڵاتیبوون لە ئارادا نەبێ. من پێم وایە مانەوەی کۆمەڵگاش دەکەوێتە مەترسییەوەو لەسەر ئەو بابەتەش زۆر پێداگرم کە ئەم بەرپرسایەتییە هەر بە تەنیا بەرپرسایەتییەکی ئێرانیو نەتەوەیی نیە. ئەم بەرپرسایەتییە بەرپرسایەتییەکی جیهانییە.

**پ: لە راستیدا ئێمە بەرپرسین بۆ بەشداری کردنی چالاکانە لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگای جیهانی.**

و: راستە هەر لە بنەڕەتدا هاووڵاتیی بە بێ بەشداری کردن مانای نیە. واتە هاووڵاتی نابێ پاسیڤ بێ. بیرمەندێك دەڵێ هاووڵاتیی پاسیڤ هەر هاووڵاتیی نیە. ئێستا ئەو بەشدارییە دەکرێ لە قالبی رۆژنامەوان بێ یان مامۆستای زانکۆ یان دۆکتۆر یان دوکاندار یان شۆفێری تاکسی یان هەر شتێکی تر. گرینگ ئەوەیە ئێوە لەو کەشوهەوایەی کاری لێدەکەن کاتێك بە هاووڵاتیی دەژمێردرێن کە بەرپرسایەتییەکانتان بەڕێوەببەن... هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای ئەخلاقی مەدەنی بیچم دەگرێ.

**پ: دەکرێ بڵێین ئەخلاقی مەدەنی چیە؟**

و: ئەخلاقی مەدەنی شتێك نیە مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتیی هەیبێ. ئەو ئەخلاقە شتێکە دەبێ مرۆڤ فێری بێ. ئێمە بە ژیان لە ناو کۆمەڵگا، فێری ئەم ئەخلاقە دەبین. ئەخلاقی مەدەنی یاریدەریمان دەدا هەتا لە کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتیدا بژینو دابونەریتی ژیان لە کۆمەڵگاو ئەرکەکانمان لە بەرامبەر هاوشارییەکانمان فێر دەکا.

**پ: لە راستیدا ئەخلاقێکە کە دەبێ خۆمان دروستی بکەین..**

و: تەواو راستە، ئەخلاقێکە دەبێ دروستی بکەین. دروستی بکەین هەتا بتوانین لەپاڵ یەکدا بژین. دەبێ دروستی بکەین چونکە ئەم ئەخلاقە لەخۆڕا دروست نابێ.

**پ: دەتوانین بە نموونەیەك باسەکە روون تر کەینەوە. بەر لەوەی ئۆتۆمبیل دروست بکرێو بەر لەوەی مرۆڤ سواری ئۆتۆمبیل بێ، هەندێك شتمان نەدەزانیو زۆر شتیش هەر بە بیرمان نەدەهاتن. بەڵام کاتێك سواری ئۆتۆمبێل دەبین دەبینین رێساکانی ترافیك دێنە گۆڕێ کە پێویستی بە ئەخلاقێکی تایبەت هەیە. ئەخلاقێك کەدەبێ دروستی بکەینو فێری بین.؟**

و: بەڵێ، لە چاخی کەونارادا بیرمەندان بڕوایان لەسەر ئەمە بوو کە سروشتی ئێمەی مرۆڤ بە چەشنێکە کە دەتوانین لە ناو کۆمەڵدا بژینو شێوەی روانینی ئەوان بۆ ئەم پرسە کە تاکەکانی کۆمەڵگا چۆن دەبێ لەگەڵ یەکتردا بژینو بەیەکەوە هەڵکەن، هەر لەسەر ئەم بنەمایە بوو. لە چاخی مودێڕن دا ئەم پرسە زۆر ئاڵۆزتر بووە. پرسەکان بە چەشنێکن کە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین چاك پێکەوە هەڵبکەین دەبێ هەندێك رێسا بدۆزینەوە یان تەنانەت دروستیان بکەین. بۆ نموونە ئێستا یەکێك لە پرسە سەرەکییەکان ئەمەیە کە ئێمە چۆن دەتوانین هەم ئەخلاقی تاکەکسیمان هەبێو هەم ئەخلاقی جەمعی. ئێمە چۆن دەتوانین تاکەکەسو کۆمەڵمان پێکەوە هەبێ. واتە چۆن دەتوانین هەم سەرنج بدەینە مافی تاکەکەسی و ئازادییە سەلبییەکانمانو هەم بتوانین ئەخلاقێکی جەمعیشمان هەبی هەتا بە هۆیەوە باسی بەختەوەریی گشتی بێنینە ئاراوە. زانستو تەکنۆلۆژیی مودێڕن، هەندێك پرسی لەگەڵ خۆی رەکێش کردون کە دەبێ بیریان لێ بکەینەوەو بە یارمەتیی فەلسەفەو ئەندێشەو... رێگا چارەی ئەم پرسو گرفتانە بدۆزینەوە. بۆ نموونە ئێمە ئێستا باسی تاقیکاری بایۆلۆژیو ژێنێتیکمان هەیە. ئێستا ئەو پرسیارە لەئارادایە کە ئایا ئەو مرۆڤەی لە تاقیگەدا پەیدا دەبێ هەر خاوەنی ئەو مافانەیە کە مرۆڤەکانیتریش هەیانە یان نا؟ ئایا هەر لەبنەڕەتدا ئەخلاقی مەدەنیی ئێمە ئیزنمان پێدەدا ئەو تاقیکارییانە بەڕێوە ببەین یان نا؟

**پ: باسی شێوەکاری بەهۆی تاقیکاری ژێنێتیکەوە، لەوانەیە نموونەیەکی لەبار بێ.**

و: راستە، ئەم باسی شێوەکارییە کە هێناتانە ئاراوە، تەواو باسێکی پێوەندیدارە بە چەمکی هاووڵاتیبوونەوە. ئەمرۆ هاووڵاتییان لە هەموو شوێنەکانی جیهان دا لەبەرانبەر پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیكو زانستیدا بەرپرسیارن. پرسیار ئەمەیە کە ئایا زانستو تێکنۆلۆژی سنوورو کەوشەنێکی هەیە یان نا؟ ئایا بۆمان هەیە بەکەرەسەی زانستو تیکنۆلۆژییەوە هەر کارێکی پێمان خۆش بێ بیکەین یان نا؟

**پ: کەواتە لەبەر ئەوەی زانستو تێکنۆلۆژی رۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتن دانو هەندێك پرسی نوێ دێنە گۆڕێ، دەبێ ئێمەش بەرپرسایەتییەکانی خۆمان رۆژبەڕۆژ دیاری بکەین؟**

و: بەڵێ. چاوی لێبکەن ئەمرۆ لەسەدەی بیستو یەکەمدا، زانستو تێکنۆلۆژی ئەو توانایییەی داوە بە ئێمە کە تەنانەت بتوانین جینسییەتی خۆمان بگۆڕین. لەبەرانبەر ئەو توانایانەدا، هاووڵاتییانی کۆمەڵگا لە جیاتی ئەوەی پاسیڤ بن دەبێ پرسیار لە خۆیان بکەنو بەرپرسیارەتییەکانیان لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە دیاری بکەن. بۆ نموونە دەبێ ئێمە لەخۆمان بپرسین ئەگەر تووشمان بە تووشی کەسێك هات کە جینسییەتی گۆڕیوە دەبێ چ رەفتارێکی هاووڵاتیبوونمان لەگەڵیدا هەبێ. گریمان بکەن ئەگەر شارەکەمان تەژی لە ئۆتۆمبیل بێو ببێتە هۆی قرێژیی هەوا، ئێمە دەبێ چ هەڵوێستێك بگرین. دەبێ چ بکەین؟

**ئەخلاقی مەدەنی شتێك نیە مرۆڤ بە شێوەیەکی زاتیی هەیبێ. ئەو ئەخلاقە شتێکە دەبێ مرۆڤ فێری بێ. ئێمە بە ژیان لە ناو کۆمەڵگا، فێری ئەم ئەخلاقە دەبین. ئەخلاقی مەدەنی یاریدەریمان دەدا هەتا لە کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتیدا بژینو دابونەریتی ژیان لە کۆمەڵگاو ئەرکەکانمان لە بەرامبەر هاوشارییەکانمان فێر دەکا.**

---

# مەترسیی کۆماری ئیسلامیو پێویستی رووبەروو بوونەوەی جیهانی

ن: ئاگری

و:لوقمان

ئەمرۆکە مەترسیی تیرۆریزم هیچ سنوورو جیاوازییەك دانانێو جیهانی دەگەڵ پیکۆڵو کیشەگەلی گەورە بەرەوڕوو کردوە، جیهانیی مۆدێڕنو شارستانییەت سەرەڕای ئەو هەمووە کەرەسەو تێکنۆلۆژییەی کە لەخزمەتیدایە لە بەرانبەر تیرۆریزمدا بێ بڕستە. رۆژانە بە دەیان بابەتو توێژینەوەو راوێژ لە دەزگاکانی راگەیاندنو کۆنفرانسگەلێکدا کە بۆ تاوتوێکردنی ئەو دیاردە جیهانییە پێك دێن بڵاو دەبنەوەو رێگا چارەو تئۆریگەلی جۆراوجۆری بۆ پێشنیار دەکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش شاهیدی رەوتی روو لە گەشەی ئەو دیاردە دزێوەین. لە سەردەمی شەڕی سارددا کە جیهان بەسەر دوو جەمسەری رۆژهەڵاتو رۆژئاوا دا دابەش کرابوو، ئێستراتێژیو تاکتیكو ئامانجەکانی هەردوو لایەن دیارو روون بوون. ئەو کارە ببووە هۆی ئەوە کە جیهانی دوو جەمسەری تووشی رووبەروو بوونەوەیەکی مەترسیدار نەبێ. بەڵام ئەمرۆ مەترسیی بناژۆیی ئایینیکە لە ناخی تئۆری توندوتیژیی و تیرۆریزمی نێونەتەوەییەوە سەری هەڵداوە زۆر مەترسیدارتر و وێرانکەرترە لە مەترسیی کۆمۆنیزمیی پێشوو. زەنگی مەترسیی تیرۆریزم کاتێك لێدرا کە رۆژئاواییەکان بە خاتری قازانجو بەرژەوەندییەکان و داهاتووی خۆیان چاوو گوێیان لە هەمبەر ئەم مەسەلەیە ئاخنیبوو، ئەو کاتەی کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە دڕندانەترین شێوە لە پێوشوێنی کوشتنی نەیارانیان دا بوون، یان لە لیباسیی دیپلۆماتدا رێبەری ئازادیخوازی کورد دوکتور قاسملوویان لەسەر کورسیی وتووێژ تیرۆر کرد، یان بە کێردوچەقۆ دژبەرانیان قەسابی دەکرد، لە کەمتر لەیەك دەیەدا، سەدانو بگرە هەزاران کەس لە جیابیران و نەیارانی رێژیمیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو ناجوامێرانە لەتوپەت کرد.

تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نێو جەرگەی ئورووپادا ئەسپی خۆیان وەها لینگ دەدا کە گۆیا لە شەقامەکانی تارانن! تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کە جیهانی خستۆتە تەنگژەوە، رێکخستنو هێزێکی پتەوی وای بۆ خۆی پێکهێناوە، کە جیهانی رۆژئاوا و لەسەرەوەی ئەوانیشەوە ئەمریکای والێکردوە کە تەواوی هێزوپتانسیەلی خۆی بۆ بەربەرەکانی وەگەڕ بخات. بەڵام گرینگترین هەڵەی ئێستراتیژیکی ئەو وڵاتانە لەو بەربەرەکانێیەدا نەبوونی یەکپارچەی و یەکدەنگیی ئەوانو لەئاکامدا نەبوونی هەڵوێستێکی جیددی بەرامبەر وڵاتانی پشتیوانی تیرۆریزم، و لە سەرووی هەموانیشەوە ئێرانە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەك گەورەترینو ناسراوترین پشتیوانی تیرۆریزم، نەك هەر ترسێکی لەو ناسناوە نیە بەڵکوو بە شانازییەوە لە ژێر ناوی پشتیوانی لە نەتەوە زۆرلێکراوەکانو بەربەرەکانی دەگەڵ شەیتانی گەورە، ئەو تاجی "سەربەرزییە" لەسەر دەنێ. پشتیوانیی رێژیم لە گرووپ گەلی وەك حیزبوڵڵای لوبنان ـ موقتەدا سەدر لە عێراقدا، حەماس لە فەلەستین، بەڵگەی راستیو دروستیی ئەم داوایەیە. دیارە رێژیم بەوەشەوە راناوەستێ و ئەولاتر لە ناوچەش لە هەوڵی پێکهێنانی ئیئتیلافێکی دژە ئەمریکاییدایە. کە لە کۆی وڵاتانی وەك وێنزوئیلا ـ کووبا ـ کۆرەی باکوورو سووریە پێك دێ. سەفەرە دیپلۆماتیکەکانو راخستنی فەرشی سوور لە ژێر پێی کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەدا، بەشێکی بەرچاوی لە دیپلۆماسیی ئێرانی پێك هێناوە. لەو وتارەدا پەردە لەسەر هەوڵو تێکۆشانی رێژیم بۆ پەرەپێدانی تیرۆریزم و رووبەروو بوونەوەی نهێنی دەگەڵ جیهاندا لادەدەین.

**١ـ نامەنووسینی ئەحمەدی نەژاد بۆ بەرپرسانی وڵات گەلی جیهان:** بە دوای یەکەمین نامەدا کە ئەحمەدی نەژاد بۆ سەرۆك کۆماری ئەمریکای رەوانە کرد لەو ئاخرانەشدا شاهیدی نامە نووسینی ناوبراو بۆ وڵاتانی ئەڵمانو فەرانسە بووین. ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی نامەکانو ئەو جۆرەی کە ئەو کەسانەی کە نامەکانیان پێ گەیشتوە و باسیان لە ناوەرۆکی نامەکان کردوە، پێدەچێ کە هیچ ئاماژەیەك بە کێشەگەلی دوو لایەنە، ئاڵوگۆری ناوچە، تەنانەت مەسەلەی ناوکیش نەکراوە. بەڵکوو پڕە لە قسەی بێمانا و ئامۆژگاری، زیاتر وەك مانیفێستێك دەچێ کە پەیامی رووبەروو بوونەوەی لە خۆدا شاردۆتەوە.

**٢ـ یارمەتیگەلی ماڵیو نیزامی بە گرووپە تیرۆریستەکان:** ئەگەر بە وردی چاوێك بە ئاڵوگۆڕەکانی لوبنانو شەڕی حیزبوڵڵا دەگەڵ ئیسرائیل دا، بگێڕینو، رۆڵو نەخشی کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا وەرد دەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لەراستیدا، ئەو شەڕوململانەیە، ململانەی ناراستەوخۆی (ئەمریکاو ئیسرائیل) دەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

رێژیم لەهەموو پۆتانسیەل و هێزی خۆی کەڵك وەردەگرێ، هەر لە یارمەتیی تەسلیحاتیو لۆژیستیکییەوە بگرە تا دەگاتە یارمەتیی ماڵی تەنانەت لە ئاخرین هەنگاودا کوڕی ئۆسامە بن لادنی کەلە ئێران لە ماڵی خۆیدا دەستبەسەر بوو (حصر خانگی) بۆ رێکخستن و سازماندانی گرووپە خۆکوژییەکانی دژ بە ئیسرائیلو پشتیوانی کردن لە حیزبوڵڵا رەوانەی سەر سنوورەکانی سووریە کردوە. ئەوە گرینگیی کێشەکان دەردەخا. لە عێراقدا بە یارمەتیی راستەوخۆ بە گرووپەکانی وەك: سوپای مەهدی سەربە موقتەدا سەدر، تەگەرە دەخاتە سەر رێگای پرۆژەی دێموکراتیزە کردنو ساوکە بوونی ئەمنیەتو، سەرئەنجام هەوڵی شکست هێنانی پرۆسەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا دەدا. رێژیمی ئێران بە یارمەتیکردنی حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستینو، ئاژاوە نانەوە لەو ناوچەیەدا، دەیهەوێ ناوچەکە سەقامگیر بوونی سیاسیی بە خۆوە نەبینێ، هەموو ئەو راستییانەش نیشانەی ئەوەن کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نایهەوێ ئارامیو تەناهی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بێ، چونکە رازی مانەوەی خۆی لە قەیران خولقاندا دەبینێ.

**٣ـ هەوڵدان بۆ دەست راگەیشتن بە چەکی ناوکی:** هەوڵە شاراوەکانی چەندین ساڵەی رێژیم لە مەسەلەی ناوکیدا مل نەدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە رێگەی دیالۆگو وتووێژەوە ـ قەبووڵ نەکردنو وەپشت گوێ خستنی هاندەرە

پاشماوەکەی بۆ لاپەڕە ٥

# ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ناسر ساڵحی ئەسڵ




بۆ ماوەی یەك مانگە، لە ١٢ـ ٧ تا ١٢ـ ٨ ـ٢٠٠٦ زایینی‌دا، بەهۆی ڕفاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلی بەدەستی میلیشیاکانی حیزبوڵڵای لوبنان،شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەڵگیرسا، کە بە برەوترین هەواڵی سەرشاشەی میدیاکانو سەردێڕی ڕاگەیەنەکانی جیهانو تۆڕی ئینترنێت بوو.

هێرشی هەوایی‌و زەمینیی ئیسرائیل، میلیشیاکانو دامەزراوەکانی حیزبوڵڵای لە جنوبی لوبنان کردوە نیشانە کە بە وتەی ڕاگەیەنە گشتییەکان زەبرێکی کاریگەرو کوشندە وە حیزبوڵڵا کەوت. بەڵام سەرەڕای ئەم زەبرە کاریگەرە لە حیزبوڵڵا، ڕۆژانە لە باشووری لوبنان بە سەدان کەسی مەدەنی دەبوونە قوربانیی سیاسەتی ئاژاوەگێڕیی حیزبوڵڵای داردەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئیران. هەروەها بە هۆی بوونی دمەزراوەکانی حیزبوڵڵا لەنێو شارو گوندەکانی باشووری لوبنان، بە هەزاران کەس لە ترسی بومبارانی هەوایی ئیسرائیل ئاوارە دەبوون. بە هەزاران گەشتیاری بیانی لوبنانیان بەجێ‌هێشت کە زەرەرو زیانێکی زۆری بە ژێرخانی ئابووریی لوبنان گەیاند.

لە بەرامبەردا حیزبوڵڵاش بەهۆی موشەکبارانی (بە موشەکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران)، ڕۆژانەی شاروشارۆچکەکانی ئیسرائیل، بەدەیان کەسی مەدەنی دەکوژرانو بریندار دەبوون.

سەرەنجام لە ئاکامی بشێوی‌و شەڕ لەنێوان ئیسرائیل لەلایەك‌و حیزبوڵڵای لوبنان لەلایەکی دیکەوە، هەڵوێستی جۆراوجۆری لە ئاستی نێونەتەوەیی لێ‌کەوتەوە. وڵاتانی دێموکرات‌و پێشکەوتوو تەنانەت بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی بە ڕاشکاوی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵایان بە زەبرێکی کاریگەرو کوشندە بۆ لەناوچوونی دواڕۆژ تیرۆریستان لە قەڵەمدا. بەڵام هەش‌بوون ڕێژیم گەلێك وەك ئێران‌و سووریەو جەرەیانات‌و کەسانێك، بە شەڕی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیل یان بە شەڕی نێوان ئیسلام‌و کوفریان ناودێر دەکرد، وەباڵی شەڕەکەیان دەخستە ئەستۆی ئیسرائیل.

لە هەمان کاتدا سیاسەت‌و ئامانجی هەرە سەرەکی لە ڕفاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلی بە دەستی میلیشیاکانی حیزبوڵڵا، هەڵایساندنی شەڕ بوو. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێت بەهۆی فشاری حیزبوڵڵاوە ئەو فشارەی کە وڵاتانی ئەمریکاو ئورووپا کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناوکی‌و دەست پێ‌ڕانەگەیشتنی بە چەکی ناوکی بۆ ڕێژیمی ئێران دەیان هێنا، کەم بکرێتەوە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تا ئێستاش کار دەکات بۆ وەدەستهێنانی کات بۆ کۆکردنەوەی توانای دەست پێ‌ڕاگەیشتن بە تیکنۆلۆژیی چەکی ناوکی. لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی تەمەنیدا لە خولقاندنی قەیراندا هەمیشە وەك کوتکی سەرکوت بەسەر جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران بەگشتی کەڵکی وەرگرتوە.

لە هەمان کاتدا ڕێژیمی ئێران، بە دەست سێ کێشەی سەرەکی، واتە کێشەی ناوکی، قەیرانی ئابووری‌و جووڵانەوەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران دەناڵێنێ. ڕێژیم ئامانج‌و سیاسەتی لە هەڵایساندنی شەڕ بەدەست میلیشیاکانی حیزبوڵڵا، بە لارێدا بردنی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی‌و ناوخۆیی لەسەر ئەم بابەت‌و کێشانەیە.

ئێستا پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئامانج‌و هەوڵێکی دێموکراتیکە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان‌و نەهادینە کردنی ئازادی‌و دێموکراسی‌و بن بڕکردنی سەرەڕۆیی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبی، یان تەك حیزبی لە ناوچەکەدا. هەربۆیە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە دێموکراتیزە بوون هەیە. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لەو پرۆسەدا خۆی بە زەرەرمەند دەزانێ، تێ‌دەکۆشێ بە دروستکردنی قەیران‌و ئاژاوە گێڕی تەگەرە بخاتە سەر ڕێی ئەو پرۆسەیە.

لەلایەکی دیکەوە مانەوەی حیزبوڵڵا، وەك داردەستی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و هەروەها وەك میلیشیایەکی چەکداری باشووری لوبنان، هەڕەشەیەکی گەورەو ڕاستەوخۆیە لە سەرجەم پرۆژەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئورووپا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. لەو نێوەدا سووریە کە هاوپەیمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە دەیەوێ بیروڕای گشتیی جیهان لە باری پەروەندەی تیرۆری ڕەفیق حەریری، سەرۆك وەزیری پێشوی لوبنان، کە دەستی کاربەدەستانی باڵای سووریەی تێدایە، بەلارێدا بەرێ، یان بە قەیرانەکانی ناوخۆی سووریە پەردەپۆشی بکا. هەروەها هێژمونی خۆی بۆسەر دەسەڵاتی لوبناندا بگێڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی سووریە لە ڕێگەی حیزبوڵڵاوە ویستی، بیروڕای گشتیی جیهان سەرگەرم بکاو بەو ئامانج‌و هیوایە ببێتە کارتێك بۆ جۆرێك لە سازان‌وسازش‌و هەل‌ومەرجێك بخولقێ تا ساناتر لە پێشوو لە پیتاندنی یورانیوم چاوپووشیی لێ‌بکرێ.

سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بونەتە مایەی مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بۆیە چاوەڕێ ناکرێ ئەم دوو ئاراستە ناکۆکەی نێوان بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا یەك بگرنەوە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە جیهانی ئازادو کۆمەڵگای دێموکراسیدا پێگەو جێگەی بۆ نەماوەتەوە، دەیەوێ بە هاوپەیمانی لەگەڵ چەند وڵاتی یاخی، لەجیهانی ئازادو کۆمەڵگای مەدەنی‌و دەستەو گرووپی تیرۆریستی، جێگەو پێگەی خۆی قایمتر بکا.

سووریە وەك هاوپەیمانی ئێران، دوو ڕێگای لە بەردەم دایە، یان حیزبوڵڵا بکاتە قوربانیی خۆی "هەروەك ساڵی ١٩٩٨ لایەنێکی کوردیی کردە قوربانی"و ڕێگەی نزیك بوونەوە لە ڕۆژئاواو دوور کەوتنەوە لە ئێران بگرێتە بەر، یان لەئاکامدا خۆی دەبێتە قوربانی.

لەم ڕۆژانەدا بڕیارنامەیەك لەلایەن فەرانسەو ئەمریکاوە ئامادە کرابوو کە پێشکەش بە شوورای ئەمنییەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، کە بە هێندێك دەستکاری‌و گۆڕانەوە لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٨٥ "١٢ ئابی ٢٠٠٦ زایینی" بەژمارە ١٧٠١ پەسند کرد. ئەندامانی شورای ئەمنییەت بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەی نێوان ئیسرائیل‌و لوبنان، جێبەجێ کردنی بڕیارنامەی ١٥٥٩ی شوورای ئەمنییەت کە پێشتر دەرچووە، تەئکیدیان کردەوە.

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیارنامەی ١٧٠١، پەسندکراوی، شوورای ئەمنییەتی، بۆ تاوتوێ‌و پەسندکردن خستە بەردەم هەردوو کابینەی دەوڵەتی ئیسرائیل‌و لوبنان. دەوڵەتی ئیسرائیل بە ٢٤ دەنگ لە ٢٥ دەنگ بڕیارنامەکەی پەسند کرد. دەوڵەتی لوبنان لەگەڵ پەسندکردنی بڕیارنامەکە بەهۆی هەڵوێستی دوو وەزیری حیزبوڵڵا لەباری بەشێك لە برگەکانی بڕیارنامەکە لەسەر چەك‌کردنی میلیشیاکانی حیزبوڵڵاو جێ‌بەجێ‌کردنی بڕیارنامەکانی پێشووی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك، پەیمانی تائیف، بڕیارنامەکانی ١٥٥٩ و ١٦٨٠ شورای ئەمنییەت، کە پێ‌داگری کراوە لەسەر چەك کردنی میلیشیاکانی لوبنان وتووێژی لەسەر میکانیزمی جێبەجێ کردنی بڕیارنامەکەی وەدواخستوە.

لە کاتێکدا تەواوی وڵاتانی جیهان پشتیوانی لە بڕیارنامەی شورای ئەمنییەت دەکەن، قسەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەباری بڕیارنامەکە روون‌و ئاشکرا نیە.

بڕیارنامەی ١٧٠١ شورای ئەمنییەت، لە کاتێکدا کۆتایی بە شەڕ دێنێ کە ئەرتەشی ئیسرائیل تا نزیك رووباری لیتانی چووەتە پێش‌و دەبێ پاشەکشە بکا بۆ سنووری دیاریکراوی نێونەتەوەیی‌و هاوکات ئەرتەشی لوبنان‌و هێزەکانی ئاشتی‌پارێز ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە "یونیفیل" لە سنووری ئیسرائیل ـ لوبنان جێگیر بن.

هەروەها کۆتایی پێ‌هاتنی شەڕو کێشەکانی کێڵگەکانی شەبعا، چەك‌کردنی میلیشیاکانی حیزبوڵڵا، نووژەنکردنەوەی ناوچە وێرانکراوەکانی باشووری لوبنان‌و زۆر گیروگرفتی دیکە لە داهاتووی نزیکدا روون‌تر دەکەونە بەرباس‌و ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ دەستنیشان دەکرێ.

# پێوەندییەکانی تورکیەو ئێران‌و مەسەلەی کورد

ئازاد کوردی

دوو وڵاتی ئێران و تورکیە لەباری جوغرافیایی‌یەوە جیران و لەتەنیشت یەکترن، بەڵام لەبواری ئیدئۆلۆژی‌و بەرژەوەندی‌دا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی لەو دوو دەوڵەتەدا لە یەکتر دوورن. هەروەها ئەم دوو وڵاتە پێشینەیەکی دوور و درێژی هاوکاری‌و گەنگەشەیان هەیە.

بەدوای سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا، پێوەندی‌یەکانی تورکیە لەگەڵ ئێران هەوراز و نشێوی زۆریان بەخۆوە بینیوە. تورکیە وەك دەوڵەتێکی سیکۆلار و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی کۆنەپەرست و دواکەوتوو کەمتر سازگاری و تەباییان هەبووە. تورکیە لە پەیمانی ئەتلانتیکی باکوور، واتە ناتۆدا ئەندامە، پێوەندیی نیزامیشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل هەیە، هەر بۆیە زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و گازندەو نارەزایەتیی ئەم وڵاتە. ئەمە وای کردوە کە زۆرجار پێوەندی‌یە ئابووری، دیپلۆماسی و ئەمنییەتی‌یەکانیان ساردی بە خۆیانەوە ببینن. لە بەرانبەردا ماوەیەکی زۆر دەوڵەتی تورکیە لەسەر ئەم گومانە بوو کە ئێران دەست لە کاروباری نێوخۆیی تورکیە وەردەدا و پشتیوانی لە گرووپە توندرەو و ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان لە تورکیە دەکا. هێندێك جار دوژمنایەتی‌یەکی ئاشکرا لە



پێوەندی‌یەکانی ئەو دوو وڵاتە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دەروازەی ئورووپا و ئاسیا پێك دێنن، دیتراوە. تورکیە بە هۆی بوونی قەیرانگەلی گەورە و بەرچاوی ئابووری‌و سیاسی لەم وڵاتەدا و بەریوەبردنی بەرنامە ئابووری و سیاسی‌یەکانی خۆی، لەبەرانبەر ئێران دا هێندێك جار نەرمیی زیاتری لەخۆی نیشان داوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕیزە ئاڵوگورێك لە پێوەندی‌یە پر هەوراز و نشێوەکانی ئێران و تورکیەدا لە جەرەیانی شەڕی سارد و پاش تەواو بوونی کاریگەری‌و باندۆریان هەبوو کە لێرەدا بە کورتی‌و فۆرمۆلەکراو باسی لێ دەکەین:

١ـ کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، لەماوەی شەڕەکەدا تورکیە زۆر سوودی لە قەیرانەکە وەرگرت و هەر دوو وڵات بەهۆی ئینزوای نێونەتەوەیی ناچار بوون لە تورکیە وەك تەنیا ڕێگای هێنان (واردات)ی کەرەسەو پێویستی‌یەکانی دیکەی خۆیان کەڵك وەرگرن.

٢ـ شەڕی کەنداو، لە ئاکامی ئەو شەڕەو چەند هۆکارێکی دیکەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق دا دامەزرا کە ترس و نیگەرانی‌یەکی زۆری بۆ ئەو دوو وڵاتە پێك هێناو ئەوانیش بە خۆیەوە کەوتن.

٣ـ ململانەی تازەی تورکیە و ئێران بۆ بەرەوپێش بردنی نفوزی خۆیان لە ناوچەی ئاسیای ناڤین و قەفقاز.

٤ـ کاریگەریی پێوەندی‌یەکانی تورکیە لەگەڵ ئیسرائیل.

٥ـ مەسەلەی کورد، بەهۆی چارەسەر نەکردنی دێموکراتیك و سەردەمیانە بۆتە گیروگرفتێکی گەورەی ئەم وڵاتانە.

٦ـ ئیسلام گەرایی لە تورکیە، لەو پێوەندی‌یەدا دەوڵەتی تورکیە گومان و ڕەخنەی توندی لە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پشتیوانی لە هێزە توندرەو و ڕادیکاڵەکانی نێوخۆی تورکیە لە بواری ماڵی و مەعنەوی‌دا دەگرت.

٧ـ ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ لە تورکیە و ئێران دا، لە ئێران بە هۆی هاتنە سەرکاری ڕێفورمخوازەکان و لە تورکیە بەهۆی سەرکەوتنی حیزبی ئیسلامیی ڕیفاه، ئاڵوگۆری قووڵ لە پێوەندی‌یەکانی هەردوو وڵات دا پێك هات بۆ ماوەیەك.

٨ـ ڕۆڵی هێڵی نەوت و گاز.

٩ـ پاش ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، سەرەڕای مەحکووم کردنی ئەم ڕووداوە لەلایەن هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیە، دیتمان کە تورکیە کەوتە بەرەی دژی تیرۆر و هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاڤا، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆی عامیلی ئەسڵیی پەرەپێدانی تیرۆریزم لە ناوچەو جیهان دا بووە.

باس کردن و ورد بوونەو لە هەرکام لەو هۆکارانەی سەرەوە کە ڕاستەوخۆ باندۆریان لەسەر پێوەندی‌یەکانی ئەم دوو وڵاتە هەبووە، کات و دەرفەتێکی زۆری دەوێ‌و لە چوارچێوەی ئەم گۆتارەدا ناگونجێ. بەڵام لەو نێوەدا ئەوەی گرینگە و ئامانجی ئەم بابەتەیە، باسکردن و لێکدانەوەی هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە بەرانبەر بە کێشەی کوردە کە لە ماوەی ڕابردوودا جارێکی دیکە شاهیدی یەکریزی و هەڵوێستی هاوبەشی ئەو دوو وڵاتە لەم پێوەندی‌یەدا بووین.

یەکێك لە ئاکامەکانی شەڕی کەنداو، ئازادبوونی کوردستانی عێراق بوو، نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا توانی بە بەشێك لە ماف و ئازادی‌یەکانی خۆی بگات. هەر بۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا وڵاتانی تورکیە، ئێران و سووریە بەردەوام هەوڵیان داوە کە هەر کامەیان بە شێوەیەك پێشگیری لە بەرەو پێشچوونی پرۆسەی ئازادیی ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان بکەن. دژایەتی کردن لەگەڵ مەسەلەی کورد ئامانجی کار و بەرژەوەندی هاوبەش و خاڵی گرینگی هەوڵ و تەقەلای ئەو سێ وڵاتە و بەتایبەت تورکیە و ئێران پێك دێنێ. لە دەیەی ٩٠ی زایینی بەدواوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، هەرکات کە کوردەکان ویستبێتیان هەنگاوێك بەرەو پێشکەوتن هەڵبگرن کە جێ‌پێی کورد لە عێراق بەهێز بکات، لەجێدا ئەو وڵاتانە پێکەوە دانیشتنی ئاوارتەیان بووەو هەڵوێستێکی هاوبەش دژی دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەروەها بەرنامەرێژی بۆ سەرکوت و زەربە لێدان لە جولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە و ئێرانیان گرتوە. ئەو ترس و نیگەرانی‌یەی وڵاتانی ئێران و تورکیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە باشتر بوونی وەزعی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و جێگربوونی ئارامش و سەقامگیری سیاسی یارمەتیدەر بێ بۆ پەرە سەندنی هەستی نەتەوایەتیی کوردەکان لەو وڵاتانەدا کە ئەوان دەسەڵاتدارەتیی نادێموکراتیکیان تێدا بەرێوە دەبەن.

دوو وڵاتی تورکیە و ئێران بێجگە لە بەرژەوەندی‌یەکانی ئابووری و بازرگانی، بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ بەرەنگار بوون و تێك شکاندنی خەبات و چالاکیی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەو وڵاتانەدا کە بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی نەتەوەی کورد تێ‌دەکوشن، بەردەوام کۆ دەبنەوە و بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمنییەتی میللی و سنووری پێکەوە قەرارداد گرێ دەدەن و کۆمسیۆنی هاوبەشی ئەمنییەتی و هاوکاری بۆ کونترۆڵکردنی سنوورەکانیان پێك دێنن.

یەکێك لە کێشە گەورەکانی نێوان تورکیە و ئێران لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕەخنەی توندی تورکیە لە ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کەڵك وەرگرتنی هێزەکانی **PKK** لە خاکی ئێران و عێراق دژی تورکیەیە. بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزەکانی ئەو دوو وڵاتە بڕیاری هێرشی هاوبەش بۆ سەر بنکەکانی **PKK** لە کوردستانی عێراقیان دا.

یەکێك لە هۆیەکانی پیلانی هێرشی هاوبەشی وڵاتانی تورکیە و ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، تێکدان و شێواندنی باری ئارامی‌و تەناهی لە هەرێمی کوردستانی عێراقە، چونکە وەزعی کوردستانی عێراق لەچاو هەرێمەکانی دیکەی عێراق، ئارامی و سەقامگیریی زیاتری تێدایە. هەتا بەم شێوەیە لەلایەك پێش لە بەرەوپێشچوونی مەسەلەی کورد لە عێراق بگرن و ڕێگا نەدەن کە چاکتر بوونی وەزعی کورد لە عێراق کاریگەری زیاتری لەسەر کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە ئەو وڵاتانە دەسەڵاتدارییان دەکەن، هەبێ و لەلایەکی دیکەوە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەو وڵاتانە بەو ئاڵۆزی پێك هێنانە بەلارێدا بەرن. مێژوو سەلماندوویەتی کە هەڵسوکەوتی ئەو وڵاتانە بۆ پێشگیری لە بەرەوپێش چوونی مەسەلەی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانیان بووە. ئەو کردەوانە لە دنیای ئەوڕۆداو لە بیروڕای گشتیی‌و یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەیی دا ڕێگەیان نیەو دەبێ ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد بدۆزنەوە.

# پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنان، بەبۆنەی ٦١ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاورێیانی خۆشەویست!
ئامادە بووانی بەڕێز!

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦١مین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی هەموو ئەندامانو لایەنگرانییەوە ئەم رۆژە پیرۆزە لە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو کادرو پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانیە سیاسییەکانو بە تایبەتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بەگشتی پیرۆزبایی دەکا.

بەڕێزان!

حیزبەکەمان ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٦٢هەمین ساڵی خەباتو تێکۆشانی خۆی سەربەرزانە تێپەڕ دەکاو٦٢هەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ.

دوای ٦١ ساڵ خەباتو ٦١ ساڵ کەوتنو هەستانەوە، دوای٦١ ساڵ فیداکاریو قوربانیدان، ٦١ساڵ بەربەرەکانی دژی درندەییو پیلانەکانی دوژمن، حیزبە شۆرشگێرەکەمان هەروا خۆراگرو وەفادار بە رێبازی شەهیدان درێژە بە خەبات دەداو ماندوویی نەناسانە بۆ ئازادی، بەختیاریو ئاشتی تێدەکۆشێو وەك ئەستێرەیەکی گەشو پرشنگدار لە ئاسمانی بێگەردی خەباتدا دەدرەوشێتەوەو چاوو دڵی ئەویندارانی راستیو دادپەروەری رووناك دەکاتەوەو بزە دەخاتە سەر لێوی هەزاران منداڵی شەهیدانو ژنانی کۆست کەوتوو برینی بە سۆی جەرگی دایکانی شەهیدو خەڵکی



سکاڵاحەکیمزادە ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

ئەمەکناسی کوردستان سارێژ دەکاتەوە.

ئێمەش ژنانی دێموکرات، بە شانازیی دەزانین کە شان بە شانی رۆڵەکانی دێموکرات لە مەیدانی خەباتو کۆڵنەداندا ٦١هەمین مۆمی تەمەنی حیزبەکەمان دادەگیرسێنینو پەیمانو بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەردەم وەك پشتیوانێکی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قایمو خۆراگر لە مەیداندا بینو لە هەر چەشنە فیداکاریو لە خۆبردووییەك دریخی نەکەینو هیواداریشین کە حیزبەکەمان بە داگیرسانی مۆمێکی تری لە دایك بوونی، بەدەسکەوتی گرینگی یەکگرتن، بە هیوای زیاتر سەرکەوتنو بە ورەی بەرزو ئیمانی پتەوەوە درێژە بە رێگەی پڕ لە سەروەریی شەهیدان بداو لە هیچ چەشنە لە خۆبردووییەك بۆ وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی شەهیدانو دەرکەوتنی هەتاوی ئازادی لە ژێر هەوری رەشی بێدادی لە خەبات نەوەستیو ئەو ریسالەتە مێژوویییە کە لەسەر شانیەتی بە ئامانجی بگەیەنێ.

**پیرۆز بێ ٦٢هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران .**

**پیرۆز بێ لە هەموو ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەر.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥ی هەتاوی**

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکاران بەبۆنەوی ٢٥ی گەلاوێژەوە

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
تێکۆشەرانی دێموکرات!
خوێندکارانی ئازادیخواز!

لێرەوە، ٦١هەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی قوتابخانەی ئەندێشەی مودێرنو سەردەمیانە، خەباتی بێپسانەوەی مافخوازانە، رەوتی روو لە پێشی بەردەوام نوێبوونەوە، فێرگەی بار هێنانی رۆڵەی ئازادیخوازو دێموکرات، رێکخەری کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئاسۆی پرشنگداری ئازادی، رۆژی هاتنە سەر گۆرەپانی بوون، لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو خەباتگێرانو ئازادیخوازانی کورد، بە بنەماڵەی رووسووری تێکۆشەرانی دێموکراتو بە تایبەت بە خاوەنانی راستەقینەی حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پیرۆزبایی دەڵێین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی شەهیدانی سەربەرز، حیزبێك کە بە دەستە بەهێزو ئەندیشە سەوزەکانی پێشەوای نەمر دامەزرا" حیزبێك کە مێعیارو تئوریسیەنو دارێژەری رێڕەوی خەباتو پابەندبوونی تاسەری بە بەهاو پرنسیبە دێموکراتیكو مرۆڤ تەوەرانەکانو سەربەخۆ بوونو واقیع بینیو هەردەم مانەوەی لە مەیدانی خەباتو بەرخۆدانیدا، دوکتور قاسملووی زاناو پیتۆڵ بووە" حیزبێك کە رۆڵەی رۆژی تەنگانەو کۆڵەکەی لەسەر پێ راوەستانی دوای کۆستی گەورەی لە دەست دانی مامۆستای دێموکراسی، رێبەری ئازاو بەجەرگو ئافرێنەر شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی سەر قافڵەی خۆڕاگریو پێشقەچوون بووە" حیزبێك کە رێبەرایەتییەکەی لە سەنگەری پێشەوە ئازادیو خەباتو قوربانیدان دا بووە، ئێستایش بە هزرو باوەری قوتابیانی دوکتور قاسملوو بە هەوڵو تێکۆشانی رێبوارانی رێگای رێبەرانی شەهید، لە جەرگەی خەباتی مافخوازیو ئازادیخوازیدا هەروەها سەربەرزماوەتەوەو بە مانای تەواوی وشەوە رێبەری جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارنامەیەکی زێرینی ٦١ ساڵەی خەباتو کۆڵنەدانی ئازادیخوازانەو پێشرەو بوونی کۆمەڵگاو هێنانە ئارای ئەندێشەو بیری مودێرن، سەردەمیانە، نوێ، نیشتمانپەروەرانەو ئینسانیی هەیە.

حیزبی دێموکرات هەروەکوو هەمیشە کەنیشانی داوە رێبەری راستەقینەی خەباتی کوردستانی ئێرانو بەردەوام لە پێشڤەچوونو گەشەدان بە جووڵانەوەی گەلی کورددایە، لە ٢٥ی گەلاوێژی ٨٤ەوە تا ٢٥ی گەلاوێژی ٨٥، لە ساڵی ٦١ی تەمەنیدا گەلێك دەسکەوتی مەزنی بۆ جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان تۆمار کرد کە لێرەدا ئاماژە بە سێیان دەکەین:

یەکەم: بە دامەزراندنی کانالێکی تێلێڤزیۆنی ماهوارەیی، دەنگی مافخوازیو ئازادیخوازیی کوردی بە کەڵك وەرگرتن لە نوێترین تێکنۆلۆژی بە هەموو جیهان بەرز کردەوە تا دوژمنانی گەلی کورد نەتوانن هاواری ئەو گەلە بندەستە لە گەروودا بخنکێنن.

دووهەم: بە هەوڵێکی چڕوپڕی دیپلۆماتیك بۆ زیاتر بردنە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری ئازادیو مافی مرۆڤو بۆ گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی نەتەوەی کوردو باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە دامەزراوەو دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان، ویستو داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران لە بەرزترین ئاستەکانی وڵاتانی ئامریکاو ئورووپاییدا هێنا ئاراوە.

سێهەم: بە هەوڵو تێکۆشانێکی جێگای رێز، بەرێکخستنێکی بێوێنە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی لە کوردستانی ئێران کە یەکیەتیی خوێندکارانیش بەشێکی زۆر کەمی ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرت، لە ٢٢ی پوشپەڕی ئەمساڵ دا، بۆ رێز گرتن لە یادو خەباتی دوکتوور قاسملووی نەمرو دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە تێرۆری ئەو رێبەرە مەزنە لە لایەن رەشدۆستانی کۆماری ئیسلامییەوە،حەرەکەتێکی سەردەمیانەی هاودەنگی و نارەزایەتی دەربڕینی لە سەرتاسەری کوردستانی ئێرانی بەرێوە برد.



کەریم پەرویزی سکرتێری یەکیەتیی خوێندکاران

یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکە، وێرای پیرۆزبایی کردن لە تێکۆشەرانی دێموکرات بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتەوە، خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە لە قوتابخانەی مودێرن بوونو نوێبوونەوەی دێموکراتدا، خوێندکاری ئازادیخوازی، خەبات، تێکۆشان، دێموکراسیخوازیو خۆڕاگری بێ.

دێموکرات بەشەر دۆستەو بە دۆستایەتیی نێوان ئینسانەکان، بێ لەبەرچاو گرتنی رەگەزو مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەداو هەر چەشنە رەگەزپەرەستیو فاشیزمو مەزنخوازییەك مەحکووم دەکا.

**بژی دێموکرات**
**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٥**

# لە قامووسی فیمینیزمدا

(١٧)

وەرگێڕانی: ب.هانا

**سەرکوت** oppression

سەرکوتی ژنان، ئەزموونی سیستەمی رەگەزی وەك سیستەمێکی دەسەڵاتدارە. کریستیان دێلفی، کەڵکوەرگرتن لە وشەی "سەرکوت" بۆ تیۆریی فیمینیستی بە شتێکی زۆر گرنگ دەزانێ. چونکە خەباتی فیمینیستی دەخاتە چوارچێوەی سیاسیی رادیکاڵ (Delphy, 1980).

فیمینیستە هاوچەرخەکان، هەموویان دژی سەرکوتی ژنان، بەڵام نەك هەر لە سەر شێوەی خەبات بە دژی ئەم سەرکوتە، بەڵکوو لە سەر هۆکارەکانی پێکهێنەری سەرکوت لە کۆمەڵی هاوچەرخیشدا روانگەی جۆراوجۆریان هەیە. فیمینیستە لیبراڵەکان ریشەی سەرکوتی ژنان دەبەنەوەسەر جیاوازیدانان، مارکسیستەکان پێیان وایە ژنان لە [پرۆسەی] بەرهەمهێناندا دەچەوسێنەوەو، فیمینیستە سۆسیالیستەکان، سەرکوتی ژنان لە ماڵەوەدا، لە گەڵ ئەزموونی زۆردارانەی کار لە پێناوی هەقدەستدا وەك یەك سەیر دەکەنو یەك پەسنیان بۆ هەر دووکیان هەیە. جیاوازیی نێوان بیاڤە گشتیو تایبەتییەکان ئەم راستییە دەشارێتەوە کە ژێردەستیی ژنان بەشێکە لە بناغەی کۆمەڵ. پەرەگرتنی بە ئاشکرای سەرکوتی ژنان، فیمینیزمی رادیکاڵی گەیاندۆتە ئەم ئاکاموەرگرتنە کە [ئەم دیاردەیە] بە فۆرمی بنچینەییو سەرەکیی دەسەڵاتی بزانن. هەروا کە تی . گریس ئەتکینسان بەبیرمان دێنێتەوە، سەرکوتی ژنان لە درێژایی زەمەنداو بە گوێرەی شوێنو جێگا، گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتوە. سۆزان گریفین، ئاندریا دیورکین، سۆزان براونمیلێر، رابین مۆرگانو شولامیت فایرستون، هەموویان لە سەر ئەم بڕوایەن کە سەرکوتی ژنان بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵی روو لە زیادبوونی پیاوان بە سەر هەستی جینسییو لەشی ژناندا. بیردۆزی فایرستون کە لە ژێر کاریگەریی مارکسیزم دایەو لە سەر بناغەی جیاوازییە بایولۆژییەکان دامەزراوە، هەوڵ دەدا بە خستنە رووی راپۆرتێك لە بارەی سەرکوتی ژنانەوە، وەك کارێکی مێژووییو هەروەها ماتریالیستی پێشانی بدا. بە پێی بەڵگەهێنانەوەی فاریستون، یاسا بایۆلۆژییەکان، سەرپۆشێکن بۆ پاساودانی [هەبوونی] دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە رێوشوێنی گەورەکردنی منداڵو هەڵسوکەوتی جینسیی، دەسەڵاتدارەتیی پیاو، بەهێز دەکا (Firestone, 1970).



فیمینیزمی رادیکاڵ دەڵێ پیاوسەرداری، ژنان، تەنیالەسەر بناغەی هەستە جینسییەکانیان پێناسە دەکا، هەربۆیە بۆ بینینی سەرکوتی ژنان دەبێ لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی هەستە جینسییە جێگیرکراوەکان، ورد بینەوە. بۆ نموونە، دایکایەتیو دەستدرێژیی جینسی، سەرکوتی بەردەوامو خودی (ذاتی) ژنان لە لایەن پیاوانەوە سەقامگیر دەکا (Koedtk 1973). بە دەربڕینێکی دیکە، لە حاڵێك دا پێناسە ئایدیالیستییەکانی سەرکوتی ژنان لە سەر ئەم بیرە دامەزرا بوو کە پیاوسەرداری ئایدولۆژیایەکە کە لە رێگای مامەڵەو پێوەندیی دوو لایەنەوە پێك دێ، ئێستا فیمینیستەکان بڕوایان وایە کە سەرکوتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ نێرتەوەری (Stanley &wise, 1983).

ئادرین ریج دەڵێ، کاتێك ژنان بتوانن سەرکوت هەم لە فۆرمە گشتییەکەیدا تێبگەن (واتە بە ناخی مێژووەکەیدا بچنە خوار)و، هەم خۆیان وەکوو کەسێك [راستەوخۆ] لەگەڵی بەرەوروو بن، دەتوانن لە بەرامبەریدا رابوەستن (Rich, 1976).

سەرچاوە:

کتێبی: "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"، نووسینی مەگی هامو سارا گەمبل

وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشین االحمدی خراسانی

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 443    22 Aug 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

## قەڵە بەرد Qal,a bard

یەکێك لە بەرزاییە جوانو بە لێرەوار داپۆشراوەکانی ناوچەی مەریوانە کە خاوەنی یەکێك لە جوانترین دیمەنە سروشتییەکانە. ئەم چیایە، لە باکوورەوە لەگەڵ دەشتی مەریوان، لە باشوورەوە لەگەڵ "هێلانە داڵ"و "کوڕەی میانە"، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆتاییەکانی بەرزاییەکانی کوماسی، لە ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ ئاوایی "چۆڕ"و "نەنە" دراوسێیە.

قەڵەبەرد، ٢٨٥٠ میتر لە ڕێکی دەریا بەرزترە. ڕێگای سەر سەوزو ئەمبەرو ئەوبەر دارستانی سنە ـ مەریوان، شاری جوانی سەوڵاوا، زنجیرە چیاکانی کۆسالان، ئاواییەکانی "چۆڕ"و "نەنە"، لێرەوارەکانو رووبەری گیایی کەموێنەی ناوچەکە، بە جوانترینو دیارترین دیمەنەکانی چیای قەڵەبەرد دەژمێردرێن.

ترۆپك (دوند)ەکانی دەوروبەری قەڵەبەرد بریتین لە: کوڕەی میانە، هێلانە داڵ، کۆسالان، بەرزاییەکانی ناوچەی سەوڵاواو... .

ڕووبەری گیایی قەڵابەرد لە ڕووەكو گوڵی دەشتەکی، دەرمانیو خۆراکیی وەك مەرزە، بەنا، بەڕەزا، سووورە هەراڵە، شینگ، گێلاخە، کەنگر، لۆ، کەما مەرزەی کێوی (هەزبێ) گارگی جۆراوجۆرو دارو درەختی جۆربەجۆری وەك بەڕوو، بلچ، بەنو ... پێك هاتوون.

ڕێوی، گورگ، مار، کەو، بەراز، ورچ، کەروێشك، ژوشك، هەفتڕەنگ، هەڵۆ لەو گیاندارانەن کە لەم چیایە دەژین.

ئاوەڕۆی قەڵەبەرد دەچێتە نێو چۆمی گەورەو بەناوبانگی سیروان. چۆڕو نەنەڵە، بەناوبانگترین گوندەکانی دەوروبەری ئەم چیایە پێك دێنن. قەڵەبەرد، حەشارگەی نیەو باشترین ڕێگا بۆ چوونە سەر ترۆپکی ئەم چیایەش، هەر ڕێگا کۆنەکەی گوندەکانی چۆڕو نەنەیە.

چوونەسەرو هاتنەخوار لەم چیایە،



سەرجەم ٦ کاتژمێر دەخایەنێت. بنارو داوێنە سەر سەوزەکانی دەوروبەری ئەم چیایە، شوێنو مەکۆی شین بوونی ڕووەکی جۆراوجۆرن.

بەم هۆیەوە کە ڕێگای سەرکەوتنو هاتنەخوار لەم چیایە بە نێو ڕەوەزە بەرددا تێدەپەڕێو زۆر لێژە، ئەگەری هەڵدێرانی شاخەوانان، سەهۆڵبەندانی زستانانو تەمو مژو ڕنووی زستانی زۆرە.

قەڵابەرد، هەڵکەوتێکی ستراتیژیکی کەم وێنەی هەیەو، لەباری توورویستیو ڕاکێشانی سەیرانکەرانەوە زۆر مایەی بەهێزی هەیە، ئەگەر کاریان لەسەر بکرێ.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول "کوهها"

ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## گوڵی بەڵێن

ئەمڕۆ کاتێ
یەکەم تیشکی خۆری بەیان
لوتکەی بەرزی چیای پێکا
دەگەڵ شەقەی باڵی هەڵۆ
کەوا بەرەو
ڕووناکایی هەتاو لێیدا
ئاگری داخ و ئارارات
بانگی شاهۆ و ئاوییەر و بەیانیان کرد
هەموو وێکرا
مژدەی بوونی ڕێنوێنیی شارەزایان
بە دایکە دڵبڕاوەکەی نیشتمان دا.
ئەمڕۆ کاتێ
لالۆ پیرەی دڵ بە خۆزیا
لە چوار دیوارە سەنگچنە خنجیلەکەی
بۆ کێشانی باری کاری ڕۆژێکی دی لە خەو هەستا
پڕ بە گەرووی چریکاندیو
بە هۆرەیەك
سڵاوی کردەوە کازیوە و دەمێ وەستا
ئەوجار باریکەرێیەکی
بەرەو ڕەز و باغ گرتە بەر
ڕۆیی هەتا ئەو دارەی وا
دەیان ساڵە بۆی ماندووە، بێنێتە بەر
ئەمڕۆ لەگەڵ هەڵوەرینی
یەکەم ئاوەنگی گۆنای گوڵ
لەجێ هەوارەکەی دمدم
شۆرەلاوێکی دڵ بە کوڵ
بە لاوکێ
دڵی نەوەی شاعەبباسی خستە لەرزە
ئاخر دەیکوت
ئالآی ئالی خەباتەکەم
هەروەك سەری پێشمەرگەکان
قەت نانەوێ
دائیم بەرزە
ئەمڕۆ لەگەڵ سروەی بەیان
وردە شەپۆلی حەیرانێك
لە گۆمە شینەکەی ورمێ هەستا و ڕۆیی
لە چوارچرا کەمێ وەستاو
لە ئاربەبا خۆی گرتەوە
لەهەر بستە خاکی سەر ڕێ
گوڵی بەڵێنی هەرمان و
نەوەستانی نوێ کردەوە.

بێبەش





## فیدراڵیزم

### فیدرالیزم، ئازادیو دێموکراسی

دەتوانین فدرالیزم بە کۆمەڵەیەك لە بیرکردنەوەکان، بایەخەکانو جیهان بینییەکان بزانین کە دەربڕی فەلسەفەیەکی بنیاتنراو لە سەر پاراستنی جۆراوجۆری شانبەشانی یەکیەتییە. فدرالیزم جۆرێکە لە ئاشتیو تەبایی نێوان جۆراوجۆریو یەکیەتی لە پێکهاتەدا. لە پێکهاتەیەکی ئەوتۆدا دەسەڵات شتێکی ڕێژەییەو بە هۆی دەسەلاتەکانی دیکەوە بەرتەسك دەکرێتەوەو، لە ئاکامدا پێشی دەستدرێژی بۆ سەر ئازادی دەگیرێ و، لە نێوان ئازادیو دەسەڵات دا هاوسەنگی پێك دێ . فیدرالیزم پێکهاتەیەکی سیاسییە کە گرووپە لێك نەچووەکان لێك کۆدەکاتەوەو پێکەوە مانەوەی ئەم گرووپانە دەستەبەر دەکا. هەروەها دان بە بنەمای جۆراوجۆریی ئەوان دا دەنێو ڕێزیان لێدەگرێ.

بە بڕوای ژمارەیەك لە بیرمەندان تەنیا لە سیستمێکی فیدراڵ دایە کە تاك بە مانای ڕاستەقینەی وشە لە دەسەڵات دا بەشدار دەبیو لە جیاتی یەك دەسەڵات، زۆر دەسەلات پێك دێنو، پێش بە گەندەڵی دەسەڵات دەگرن. واتە بە وتەی مۆنتسکیۆ" دەسەڵات بە هۆی دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ دەکەن". کردەوە جۆرواجۆرەکانی فیدراڵیزم لە نووسینی نوسەرانی جیاوازدا، خاڵێکی هاوبەشیان تێدایە، ئەویش بریتیە لە پێکهاتنی هاوسەنگیی نێوان ئازادیو سەربەخۆییو، نێوان خودموختاریی ئەیالەتیو حکوومەت (یناوەندی).

فیدرالیزم لە کۆمەڵە گەورەکان دا کە لە قەومی جۆراوجۆر بە زمانی جیاوازەوەو لە ڕووبەری گەروەو حەشیمەتی زۆر پێك هاتوون، ئەو بۆرۆکراسییەی لە دەوڵەتانی سانترالیست دا مەودای زۆر دەخاتە نێوان خەڵكو دەوڵەتی ناوەندیو، لەسەر ڕێی پێوەندیی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لەگەڵ هاووڵاتانو ڕاستییەکانی کۆمەڵ دەبێتە کۆسپ ـ لە نێودەباو، بە هۆی پێکهێنانی حکوومەتی ئەیالەتیو دەسەڵاتی قانونەدانانی ئەیالەتی هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەیالەتەکە، ئاستی پێوەندیی دەوڵەت لەگەڵ گرفتەکانو ڕاستییەکانی کۆمەڵ بەرەو ژوور دەباو، بەشداریی ڕاستەقینەی هاووڵاتان لە بڕیارەکان دا، مسۆگەر دەکا.

واتە لەم جۆرە کۆمەڵانەدا، جێبەجێکردنی دێموکراسی واتە بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو دەسەڵات دا، بەستراوە بە سپاردنی بەشێك لە دەسەڵات بە دەوڵەتە ئەیالەتییەکان کە هەڵبژێردراوی خەڵکی ئەو ئەیالەتانەن.

وتاری" فدرالیسمو اقتصاد"، یانار دنیز،
گۆڤاری مانگانەی "دیلماج"، بەفرانباری ١٣٨٤

### مرواریی دەریای وشە

**کەسێك کە خەبات دەکا، ئەگەری ئەمە هەیە بشکێ، بەڵام ئەوەی خەبات ناکا، شکاوە. (بەرتولێت برێشت)**

**پڕمەترسیترینو شێتانەترین بڕوا ئەمەیە کە ئێمە بیروباوەڕی خۆمان بەتەواوی پێ ڕاست بێ.**
**(پاول واتسلاویك)**

**بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ڕاستەقینە، دەوری خۆت بە تێلدڕوو مەگرە، دەرگاکان بکەوە. (کەهکول)**

**هەر مرۆڤێك لە دوو نیوە (بەش) پێك هاتوە، یەکیان لە تاریکییش دا بەخەبەرەو، نیوەکەی دیکە لە ڕووناکییش دا خەوتوە. (جوبڕان خەلیل جوبڕان)**

## بەر لەماڵاوایی

## نامەیەك بۆ دایکم

### بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی جودایییەکی بێکۆتایی

کوێستان فتووحی

کە جێمان هێشتی نەمان دەزانی مەودای نێوانمان هێندە دوور دەبێتەوە کە بە ساڵەهای ساڵ چاومان بە یەکتری ناکەوێتەوە.....

بەڕۆیشتنمان غەمێکی قورسمان بۆ بەجێ هێشتی...... دەشمانزانی دوای ڕۆیشتنی ئێمە بەدەست قسەی هێندێك خەڵکەوە چ دەچێژی، بەڵام ......

بەلای ئەو خەڵکانەوە گرنگ نەبوو ئەم ڕۆیشتنە بە چ مەبەستێك و بۆ چ ئامانجێك بوو. یان هەر ئەو تێگەیشتنەیان نەبوو تا بزانن. ئەم ڕۆیشتنە بەلای ئەوانەوە تاوانێك بوو دژی دابونەریت و کەلتووری کۆمەڵگە. ئەوان دەترسان، لە یاغی بوونی کچ و خوشك و ژنی خۆیان، ئەوە زراوی بردبوون. ئەمەش بەلای ئەوانەوە تاوان بوو تاوان ......

بۆیە دەرگای تانەو تەشەر، لۆمەو قسەی ناخۆش بەڕووی تۆی "دایك"دا کرابۆوە کە بە جارێك دوو کچت یاخی ببوونو ڕێگای شاخیان گرتبووەبەر.

بەڵێ ئەم ڕۆیشتنە بۆ تۆ کارەسات بوو.

........

بۆیە تۆش ویستت پێش ئەوەی هەواڵی ئەم ڕۆیشتنە لە ناو خەڵكدا بڵاوبێتەوەو، خۆت گوتەنی بەم کارەساتە نەزانن، ڕێگای شاخت گرتەبەر. دوای بڕینی ڕێگایەکی زۆر، بە هیلاکیو شەکەتی خۆت گەیاندە لامان.

گوتبووت هەر نەبێ یەکێکیان دێنمەوە ..... نابێ نا، بۆچی دووان....؟ ئەی هاوار.

.......

چاوەکانت پڕبوون لەفرمێسکی پاڕانەوە...... بۆخۆت باش دەتزانی ئەو بڕیارەی ئێمە دابوومان، مەحاڵە پەشیمان بوونەوەمان. گوتبووت بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە. بەڵام ئەمجارەش بەخت لەگەڵت نەبوو!

......

لە ئێمە ناهومێد بووی، ڕووت لەمو لەو دەکردو دەتگوت: "تۆخوا هەر یەکێکیانم لەگەڵ بنێرنەوە".

ئەوانیش دڵخۆشییان دەدایەوە: "دایەگیان! سەبرت هەبێ، ئەم هەمـوو پێشمەرگەیەت دیوە؟ هەموو دایکیان هەیە". بۆخۆت ئەوانەت دەزانی، بەڵام پێت وابوو ئەوان پیاونو فەرقیان هەیە......

دەزانم دڵنیا بوویو لە ئێمەت ڕادەدی کە وەك پیاوان تەنانەت لەوانیش باشتر ئەم ڕێگا سەختە ببڕین، ئاخەر ئێمە پەروەردەی دەستی خۆت بووینو فێرت کردبووین چۆن لە بەرامبەر سەختیەکاندا خۆڕاگر بین. بەڵام تۆ لە شتێکی دیکە دەترسایو شتێکیتر ئازاری دەدای....

ئێمە باش دەمانزانی بێئۆقرەییو هەدانەدانی تۆ چیە.

قسەی خەڵك! ئای لەبەر ئەو خەڵکە!.... خۆ ئەوەندە لە فشارو ئازاری دوژمن نەدەترسای ئەوندە لە قسەی ئەم خەڵکەی خۆمان! دەترسای.

........

پاش پاڕانەوەو لالآنەوەیەکی زۆر، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوەو بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە بەرەوماڵ گەڕایەوە.

ئاخ دایە گیان! ئەو فرمێسکانەت بۆ ئێمەش چەند بەئازار بوون.

.......

لە گەڕانەوەتدا لات دایەوە ئەو ماڵەی کوێرەدێیەکە کە پێش ئەوەی بێیە لامان، لەوێ لات دابوو تا ماندوویەتیی ڕێگات لای ژنێکی مێهرەبان! دەربکەی. یەکەم قسە کە دڵی داخورپاندی قسەی ئەو ژنە نەناسیاوە بوو کە دڵسۆزی!! بۆ کردی: "ئەوە نەهاتنەوە لەگەڵت؟ ئەی ڕەببی بەکوشت چن". تۆش هیچت نەگوت تەنیا بەهەناسەهەڵکێشانێك وەڵامی دڵسۆزیی!! ئەو ژنەت داوە.

.......

چ ناخۆشو تاڵ کە پاشان بۆ ڕازی کردنی دڵی ئەو خەڵکانەو کەمکردنەوەی تانەو تەشەرەکانیان، یان بڵێم لەترسی حاکمانی دڵڕەش، تەرکی ئێمەت کرد. لە گەڵ خواستی دڵو بیرکردنەوەکانیشت بەربەرەکانیت دەکرد. وات خۆنیشان دەدا کە هەرگیز بیرمان لێناکەیەوە، جاروبار هێندێك کەس بە دڵسۆزیو هێندێك کەسیش بۆ ئازاردانی تۆ هەواڵی ئێمەیان لێت دەپرسی، ئەتۆش بەم قسانە وەڵامت دەدانەوە: "کچی من نین، نامەوێن، بێبەریم کردوون، لەلای من باسیان مەکەن و.......".

دڵنیام کە قەت لە دڵەوە ئەو قسانەت نەدەکردن، چونکە پاش ٢٠ ساڵ کە هاتی بۆ لامان بۆخۆت پێت لێناو وتت "بە دڵەوە ئەم قسانەم نەدەکرد، هەناوم بۆتان سووتابوو ڕۆڵە! لەترسی قسەو باسی خەڵك بوو....، بەخوا ئێستاش کە دۆعای ژنەکەی "یاغیان"م بیردێتەوە کزەم لە جەرگی دێ".

......

بەو حاڵەش وازیان لێ نەدەهێنای

"تاوانی خۆت بوو، زۆر بەدەمتەوەدان، کچ دەبێ بیبەستییەوە، تۆ بەرەڵات کردبوون، بۆیە ئاوایان کرد".......

دایکە گیان! تۆش دایکێکی ئازا نەبووی لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا ڕاوەستیو سەرت بەرز ڕاگریو شانازی بە دایکایەتی خۆت بکەی کە دوو کچت لە ڕێی ئامانجێکی بەرزو پیرۆزدا بەجێیانهێشتووی. نازانم بۆ ئەم ئازایاتییەت نەبوو؟

تۆ ئازایەتیت فێری ئێمە کردو وات بار هێناین نەترس بین، بەڵام بۆخۆت ئەو ئازایەتییەت نەبوو ئەو وەڵامەی ئێستا هەتە بۆ ئەو خەڵکانە، ئەو کاتە داباتنەوە.

دایە گیان! ببوورە زۆریش تاوانت نەبوو، کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمەیە کە تەنیا ماڵداریو خزمەت کردن بە باوك، برا، مێردو..... بۆ ژنان بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانن، جیا لەمانە لادانە لە ڕێساکانی ئەو کەلتوورەو، لادانیش لەو ڕێسایە، واتە کەلتووری پیاوسالاری، تاوانە. تاوانێکە کە ئێمە نرخەکەیمان دا......

لەم بارەوە هەر تۆ سەختیو ناخۆشیت نەدی. ئەگەر تانەو تەشەریان لەتۆ دەدا کە دایکێکی باش نەبووی چونکە کچەکانت وا پەروەردە نەکرد وەك زۆر کچی دیکەی ئەم کوردستانە لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگە قبووڵیان بکا، شەرمنو بێدەنگو ملکەچی فەرمانەکانی پیاوان بن، بۆ ئێمەش فرێدانی ئەم دابونەریتە هەروا ئاسان نەبوو. ئێمەش جێگەی پەسندی زۆربەی زۆری خەڵکی کۆمەڵگەی خۆمان نەبووین، چونکە لە ڕێساکانی ئەوان لامان دابوو. بۆیە ئێمەش زۆرمان ئازار چێشت.

چ ئازارێك لەوە بەژانتر کە بۆ ماوەی ١٩ ـ ٢٠ ساڵ هیچتان لێتان نەپرسین، نە تۆ، نە باوکی ڕەحمەتیمان، نە براکانمانو...... لەبەر چیو لە پێناوی چی؟ تەنیا لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵك! دەزانی ئەوە بۆ ئێمە چەندە ناخۆش بوو؟ دیارە ئەوانەی ڕێی خەبات دەگرنەبەرو دەبنە پێشمەرگە، دەبێ دەست لە زۆر شت هەڵگرنو ناڕەحەتی تەحەمول بکەن، یەکێك لەوانە ڕەنگە دووری لەکەسو کار بێو ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام تووڕە بوونی کەسو کارو هەڵوێستی ناڕەوای ئەوان بەلایانەوە نەك ئاسایی، بەڵکوو زۆریش ناخۆشەو دەستێکی بە ئازارە.

لەلای ئێمەش خەڵکانێك هەبوون بە قسەکانیان هێندەی دیکە هەستیان دەڕووشاندین، بەتایبەت بەو هەڵوێستەی ئێوە هێندەی دیکە ئازار دەدراین.

........

دایکە گیان! بە هاتنت پاش ٢٠ ساڵو ئەو قسانەی لە زمانی خۆتەوەو لە نزیکەوە گوێمان لێبوو، زیاتر هان دراین کە بەردەوامو خۆڕاگر بین لە بڕینی ڕێگای سەختی خەباتو تێکۆشان، بۆ ئێمەش لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئیدی تۆش هاتوویەتە سەر ئەم باوەڕە کە بۆ ڕزگار بوون لە ژێردەستەییو زوڵمو ستەمو سووکایەتی، چ ڕێگایەك هەیە بێجگە لەم ڕێگەیەی ئێمە هەڵمان بژاردووەو من چ باش لە ڕوخسارو فرمێسکەکانت ئەوەم خوێندەوە کە نەك لێمان تووڕە نی شانازیشت پێوە دەکردین.

سپاسی گەورەییت دەکەم دایەگیان